عەبدوڵلا ڕەسووڵی

# شۆڕشی ژینا



# شۆڕشی ژینا

## ژن، ژیان، ئازادی

## (هۆکار و تایبەتمەندی)

عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

٢٠٢٣

له بڵاوكراوەكانی
ناوەندی چوارباخ

# شۆڕشی ژینا
## ژن، ژیان، ئازادی (هۆكار و تایبەتمەندی)

بابەت: لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی سیاسی
ناوی نووسەر: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی
هەڵەگری: زاهیر ئەمین
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانە: چوارچرا

# شۆڕشی ژینا

## ژن، ژیان، ئازادی
## (هۆکار و تایبەتمەندی)

عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

٢٠٢٣

# پێڕست


پێشەکی ناوەندی چوارباخ.......................................................................٧

پێشەکی نووسەر.......................................................................................٩

**بەشی یەکەم:** دەروازەی باسەکە..............................................................١١

**بەشی دووەم:** کورتەمێژووی خۆپێشاندانەکانی ئێران  و کوردستان.....٢٧

**بەشی سێیەم:** هۆکارەکانی شۆڕشی ژینا.................................................٦١

**بەشی چوارەم:** تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا......................................١١١

دەرئەنجام........................................................................................١٢٩

سەرچاوەکان....................................................................................١٣٣

## پێشەکی ناوەندی چوارباخ

پاش شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە شاری تاران و سەرهەڵدانی شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بۆ خاوەنداریەتی لە شەهید ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و پەرەگرتنی ئەم شۆڕشە بۆ ناوچەکانی دیکەی جوگرافیای ئێرانی سیاسی، شرۆڤەگەلێکی جیاواز بۆ ئەم شۆڕشە کران و زۆر جاریش لەلایەن فارسە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە هەوڵ بۆ بەلاڕێدابردنی درا و هەموو هەوڵێکی خۆیان خستە گڕ تاکوو ئەم شۆڕشە وەکوو ناڕەزایەتییەکی سەرشەقام بۆ لابردنی حیجابی زۆرەملێ لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانی تردا پێناسە بکەن.

بەڵام لە کوردستاندا ڕەوتێکی پێچەوانە و بەرانبەر بە فارسەکان گیرا بەر و خوێندنەوە و شرۆڤەکان لەسەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی شۆڕشەکە بوون و لە زۆر ڕەهەندەوە ئەم جیاوازییەشیان سەلماند. جیا لە بابەتگەلێکی ڕۆژنامەیی و باس و لێکدانەوەی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆژانە بڵاو دەکرانەوە، کۆمەڵێک وتار و باتەتی جیاواز و چەند کتێب و نامیلکەیەکیش لەسەر سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە بڵاو کراونەتەوە کە شرۆڤە و لێکدانەوەی کوردستانییان بۆ شۆڕشی ژینا و دروشمی ”ژن، ژیان، ئازادی“ کردووە، هەرچەند خوێندنەوە و شرۆڤەکان تا ڕادەیەک سەرەتایی بوون.

بەڵام نووسەری ئەم کتێبە بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی شۆڕش و ناڕەزایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران بەگشتی، بەرەرنگاربوونەوەی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر داگیرکەر لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوو و تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا، تیشکی خستووەتە سەر بزووتنەوەی ژنان و هەوڵی داوە بە شێوەیەکی مێتۆدیک لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە خوێندنەوەیەکی

زانستی بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و ڕەهەندەکانی و پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە بکات و لەو دەلاقەیەکی نوێی تیۆری و بەپێی بەڵگە و ئارگۆمێنتەکانی خۆی خوێندنەوە و شرۆڤەیەکی جیاوزی بۆ بکات.

نووسەر بە بەراوردێک لە نیوان سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و شۆڕشەکانی ڕابردووی ئێرانی سیاسی، شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و تەنانەت بە ئاماژەیەک بە جیاوازیی نارەزایەتییەکانی شۆڕشی ئەم جارە لەگەڵ سەرجەم نارەزایەتییەکانی ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوو و پێشتریش، هەوڵی داوە پێناسە و لێکدانەوەیەکی نوێتر لەم شۆڕشە بکات و پێی وایە یەکێک لەو جیاوازییانە ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا تایبەتمەندیی کولتوورسازی و فەرهەنگسازیی مۆدێرنی هەیە و تەنیا شۆڕشێکی سیاسی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو شۆڕشێکی سیاسیی کۆمەڵایەتییە و ئەمەش وەکوو چەترێکە کە لەژێر ئەم چەترەدا ڕەهەندگەلێکی جیاواز هەیە و نووسەر هەوڵی داوە ڕەهەندەکانیشی بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە.

خاڵێکی بنەڕەتی شۆڕشی ژینا کە لەم کتێبەدا بە وردی باسی لەسەر کراوە؛ ناوەندبوونی ژنانە لەو شۆڕشەدا نەک بە واتای ڕێبەریی شۆڕشەکە، بەڵکوو بە واتای هزر و ویست و ڕەوتی مافخوازانەی ژنان لە شۆڕشەکەدا و ئەمەش بەرچاوترین جیاوازیی ئەم کتێبەیە لەگەڵ کتێب و نامیلکەکانی دیکە. هەروەها ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەم شۆڕشە لەسەر هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانی، ئێرانی و نەتەوەکانی تری چوارچێوەی جوگرافیای ئێرانی سیاسی داوە و ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانیشی لەسەر شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان گۆڕیوە و ئەو جیاوازییانەش بە وردەکارییەوە خستووەتە بەر چاوی خوێنەر.

**ناوەندی چوارباخ**

**١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی**

## پێشەکی:

هەوڵ و چالاکی هەر نەتەوەیەک بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی، یەکێک لەو بابەتانەیە کە پێویستی بەوەیە بە وردی بخوێندرێتەوە. کۆمەڵگایەک کە سەرکوت و دیکتاتۆری دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا بێت، ئەوا تێڕوانینی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە سەبارەت بە بابەتەکان جیاواز دەبێت. کۆمەڵگایەک کە دیکتاتۆرییەکی ئایدیۆلۆژیکە کۆی ئەو شتانەی کە ئایدیۆلۆژیای ئەو دەسەڵاتە بەرهەڵستیان دەبێتەوە لای ئازادی خوازان دەبێتە ئامرازی خەبات و بەربەرکانێ.

کۆمەڵگای ئێرانیش بە دەر نییە لەم یاسا و ڕێسا گشتییە. زیاتر لە سەدەیەکە خەڵکی ئێران بەردەوام لە هەڵکشان و داکشانی پلێتەی دیکتاتۆری و دەسەڵات دان بۆ ئەوەی بتوانن بگەن بە دیموکراسی، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو دوو شۆڕشی مەشروتە (دەستووری) و شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێراندا ڕوویاندا، بەڵام بەردەوام هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەبەرامبەر کۆنەپارێزان شکستیان هێناوە. هەست ئەکرێت شۆڕشی ئەم جارەی گەلانی ئێران بەتەواوی جیاواز بێت. جیاوازییەک نەک تەنها لە ڕووی فۆرمەوە بەڵکوو جیاوازییەکی گەوهەریی لە ڕاپەڕینی ئەم جارە لە بەراورد لەگەڵ شۆڕشەکانی پێشوودا هەیە.

بەدەست پێکردنی شۆڕشی ژینا و دوای هەڵکشانی دەرکەوت، شۆڕشی ئەم جارە بەتەواوی جیاوازە و لە ڕووی فۆرم و پێکهاتە و تایبەتمەندییەوە ناڕواتەوە سەر شۆڕشەکانی پێشووتر لە ئێران. ئەمەش ناچارمان دەکات شۆڕشی ژینا وەک خۆی بخوێنینەوە و لێ تێبگەین. تێگەیشتن بەو مانایە نییە کە چ شتێک لە چ ساتێک

ڕوویداوە، بەڵکوو بەو مانایە کە لە تایبەتمەندی و هۆکاری ئەو شۆڕشە تێبگەین. بزانین چ شتێک بووەتە هۆی ئەم شۆڕشە؟ هۆکارەکانی لاوازبوون و بەهێزبوونی لە قۆناغە مێژووییەکانی چییە؟ ئایا ئەم شۆڕشە وەک نارەزایەتییەکانی دیکەی ئێران ئەگەری سەرکوتکردنی کۆتایی هەیە؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە لەم خوێندنەوە کورتەدا هەوڵ دراون وەڵام بدرێنەوە. بەڵام بانگەشەی ئەوەش ناکەین کە توانیومانە پێشبینی تەواوو کامڵ بۆ داهاتوو بکەین. لەبەرئەوەی ئێمە تەنها باسی هۆکار و تایبەتمەندی دەکەین، ئەنجام چی بێت بابەتێکی دیکەیە.

هیچ کارێک بەبێ هاوکاری و ڕێنمایی هاوڕێیان ناگاتە ئەنجام. ئەم کارەش بەبێ ڕێنمایی و دەستگیرۆیی هاوڕییان نەبووە و ئەگەریش هاوڕێیانم یارمەتیدەر نەبوونایە قەت بەمشێوە ئەنجامێکی نەبوو.

پێش لە هەمووان سوپاسی تایبەت بۆ ڕامیار مەحمود کە بەردەوام هاندەر بوو بۆ ئەوەی کتێبەکە بێتەدەر. سوپاسی تایبەت بۆ کاک زاهیر محەمەد بۆ هەڵەبڕی ڕێنوس و هاندانەکانی بۆ جێبەجێکردنی کارەکە. سوپاس بۆ کاک بارام مەجیدخانی هاوڕێی ئازیزم کە بە ڕێنماییەکانی گەورەی کردم. لە دواییشدا سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەم کارەدا یارمەتیدەر بوون.

# بەشی یەکەم:
# دەروازەی باسەکە

ماوەیەکە خۆپیشاندانی جەماوەری لەدژی دەوڵەت و حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێران دەستی پێکردووە. بەسەرهەڵدانی ئەم خۆپیشاندانانەش پرسیارێکی زۆر هاتە ئاراوە. ئایا ئەم خۆپیشاندانانە ئاژاوەگێڕین بەو جۆرەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەوڵ دەدرا پێناسە بکرێت یان، نارەزایین، یان خود بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە ئەنجامەکەی دەبێتە شۆڕش؟ زانایانی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووریناسان لە ئێران هەوڵیان داوە هەر یەکێکیان لە گۆشەنیگا و پسپۆڕی خۆیەوە و بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ بابەت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە. کەسانێکی دیکەش وەکو پیاوانی سیاسی لە ڕوانگە و باوەڕ و ئامانجی خۆیانەوە ناویان لەسەر ئەم کردارە کۆمەڵایەتییە داناوە و شیکارییان بۆ کردووە. هەرچەندە ژمارەیەک لەو خوێندنەوانە بابەتی بوون، یان هەوڵیان داوە تیۆرییەکی تایبەت بۆ خوێندنەوەی کردارەکە بەکار بێنن. ئەوەی ڕوونە لای هەمووان ئەم هاتنە سەر شەقامەی جەماوەر کردارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێیە و هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە و خاوەنی پێکهاتەی تایبەت بە خۆیەتی. کەوایە پێویستە وەکو خۆی خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

جەوهەری خۆپیشاندانەکان هەرچی بێت و پێناسە زانستییەکان چی بڵێن، ئەکرێ بەشێک لە راستی وەڵامەکە وەربگرین و بەڵام بێگومان بە هۆی ئەوەی بابەتێکی نوێیە، پێویستی بەوەیە لایەن و هۆکار و پێکهاتەکەی دەست نیشان بکەین. ئەم خۆپیشاندانانە

ڕەهەند، لایەن و هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر لێ تێبگەین، هەموو لایەن و ڕەهەند و هۆکارەکانی بزانین. پێویستە لەوە تێبگەین چ شتێک بووە هۆی ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ نارەزایەتییەکانی دیکە، ئەم خۆپیشاندانانە بەرفراوانتر و گشتگیر تر بن؟ کەسێکی وەکو "سادقی زیبا کەلام"[١] تەنها لە گۆشەنیگای زەمەنییەوە سەیری بابەتەکە دەکات و لەو باوەڕەدایە چەندین ساڵە ماوەی خۆپیشاندانەکان لە ئێران کەم بووەتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بچوکترین ڕووداو نارەزایی زۆر گەورەتر لەوەی چاوەڕووان دەکرێت بەدووی خۆیدا بهێنێت، بەڵام کاتێک تەماشای هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەم خۆپیشاندانانەی ساڵی ١٤٠١(٢٠٢٢) دەکەین جیاوازییەکی زۆر دەبینن، کە پێویستی بەوەیە باشتر لە بابەتەکە و لە ئاراستەکەی تێبگەین.

هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خاوەنی مێژوو و ڕابردوویەکە و لەو مێژووەدا گەشە دەکات و بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت. خۆپیشاندانەکانی ئێرانیش لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ بوون تا گەیشتوونەتە ئەم ئاستەی کە ئێستا تێیدایە. لە هەر قۆناغێکیش بابەتی جیاواز لە ئارادا هەبووە و بووەتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی خۆپیشاندان. ئەوەی ڕوونە کە گواستنەوە و تێپەڕ بوون لە نارەزایەتی و گەیشتن بە بزوتنەوە و دواتریش بە قۆناغی شۆڕش، لە خۆپیشاندانەکانی ئێراندا..

١- چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕادیۆی زانکۆی تاران و
https://www.youtube.com/@sadegh.zibakalam

ئەو قۆناغانە بوون کە لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاسانی دەست نیشان دەکرێن. شۆڕشی ئەم جارەش کە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکردووە، خاوەنی پێشینەیەکە.

ئایا دەکرێت بڵێین دەسەڵاتی ئێران نەوەی پیرە و ئەوەش کە روودەدات بزوتنەوەی گەنجەکانە، ئەم پرسیارە تەنها لە چوارچێوەیەی ململانێی نەوەکاندا سەیری بابەتەکە دەکات. ئەم ڕوانگە چەندە ڕاست و دروست بێت، دیسان گۆشەنیگایەکە بۆ خوێندنەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە. لەلایەکی دیکەوە ئایا دەتوانین لەو باوەڕەدا بین کە شۆڕشی ئەم جارەی ئێران سەرچاوە لە گەمارۆ ئابوورییەکان و هەژاری کۆمەڵگای ئێران وەردەگرێت؟ لەبەرامبەر ئەوەشدا ئایا دەتوانین بڵێین، هۆکاری سیاسی و نەبوونی ئازادیی، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشەیە؟ گۆڕانی دیموگرافیا و کولتور و نەگونجانی زەرفی حکومەت لەگەڵ کۆمەڵگا چ رۆڵێکی گەشەکردنی ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ئێراندا هەیە.

ڕەنگە بکرێت قەیرانی ئابووری وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان سەیر بکرێت، کە دەرکەوتەی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامی و گەمارۆی ئابووری سەر ئەو وڵاتەیە، هەروەها ئەکرێ نەبوونی ئازادی سیاسیش وەک هۆکارێکی شۆڕشەکە سەیر بکەین، بەڵام ئەوەی ڕوونە هیچ یەک لەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسکران، بە تەنها هۆکار نین یان خود هۆکاری سەرەکی نین. لەبەر ئەوەی کاتێک سەیری سەرەتای خۆپێشاندانەکان و بزوێنەرە سەرەکییەکەی دەکەین هۆکاری

دیکەیشی تێدا دەبینیەوە. ئەمەش بەو مانایەیە، کە پێویستە بەدووی هۆکاری دیکەشدا بگەڕین.

ئەگەر خۆپیێشاندانەکانی پێشووی ئێران لەمەڕ بابەتێکی دیاریکراو بوون، بە مانایەک لەسەر داخوازاییەکی دیاریکراو یان یاسایەکی تایبەت، یان سیاسەتێکی تایبەت یان ڕەفتارێکی سیاسی تایبەت بوون، توانایی کولتورسازییان لاواز بوو یان خود نەیانبوو.! ئەم خۆپیێشاندانانە جیاواز لە هەموو خۆپیێشاندان و نارەزایەتییەکانی دیکە، تایبەتمەندییەکی گرنگیان هەیە کە کولتورسازیەیە، جا ئەم کولتورسازییە لە چ بوارێکەوە بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەندێ بابەتی کردۆتە کولتور، کە پێشتر یان تایبەتی شوێنێک بوون یان خود بوونیان نەبووە. لە ڕاستیدا ئەم خۆپیێشاندانانە ئەوەندە کولتوری جیاوازیان هێناوەتە ئاراوە کە هەست بەبوونی جۆرێک ڕێنسانس دەکرێت.

هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. ئەمەش لەبەر هۆکاری کات و شوێنەکە دەبینین. بۆیە دەبینین ڕەفتار و ناوەڕۆک و شۆڕشی فەرەنسا لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتوبەر یان شۆڕشی مەشروتە و شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران جیاوازن، بەڵام هەموویان لە ژێر یەک ناودا پۆلێن کراون، کەوایە ئەمەش ناچارمان دەکات کاتێک ئەم خۆپیێشاندانانە بە هەر شتێک ناو بێنین ئەوا تایبەتمەندییەکانی دەست نیشان بکەین و ڕوونی بکەینەوە ئەم دیاردەیە لە چی پێکهاتووە.

هەموو شۆڕشێک کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکان دادەنێت، بێگومان شۆڕش پێش لە هەموو شتێک کاریگەری

لەسەر دەسەڵاتێک دادەنێت کە دژیەتی. دوای ئەویش کاریگەری لەسەر لایەنەکانی دیکە دادەنێت. ئەم شۆڕشە تەنها کاریگەریی لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران وەک حکومەتی دەسەڵاتداری ئێران نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکانی فرەڕەهەندن بۆیە ئەم کاریگەرییانەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیەو لەدەرەوەی ئەم بابەتەی ئێمەیە. بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لە ڕووداوەکە تێبگەین، شیکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم خۆپێشاندانانە و کاریگەریی لەسەر هێزە سیاسیەکانی ئێران و کوردستان و ناوچەکانی دیکەش بابەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم ڕووداوە جیا لە کۆماری ئیسلامی کە هەوڵی ڕوخاندنی دەدرێت، کاریگەرییەکی بەرچاویشی لەسەر هێزە سیاسییەکان بە تایبەت ئۆپۆزسیۆن هەیە.

یەکێک لەو لایەنە زۆر گرنگانەی کە پێویستە لەبەرچاو بگریت، ڕەهەندی ناونانی دیاردەکەیە کە گرنگییەکی زۆر و بناغەی کارەکە پێک دێنێت. بۆیە لێرەدا پێش هەموو شتێک پێویستمان بەوەیە ڕوونی بکەینەوە بۆچی ئێمە ئەم ڕووداوانەی ناوخۆی ئێران بە شۆڕش ناو دێنین و بە ناڕەزایەتی نازانین و هەروەها لە بواری تیۆریشەوە ڕوونی بکەینەوە شۆڕش چییە و چ ڕووداو و ڕەفتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە شۆڕش دێتە ئەژمار و لە بواری تیۆرییەوە چ شتگەلێک لە شۆڕش ژیانادا هەیە بە شۆڕش ناو بێنین و هەروەها لە شۆڕشەکانی دیکەی دنیای جیای دەکاتەوە.

## شیکردنەوەی چەمکەکان:

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت کۆمەڵناسی چەمکەکانی نارەزایەتی، بزوتنەوە و شۆڕش پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە و بە وردی لە یەک جیا کراونەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم سێ چەمکە زۆریان لەسەر نووسراوە و هەر یەکەو بۆ ئامانجی خۆی بەکاریان هێناون، ئێمە هەوڵ دەدەین پێش هەموو شتێک ڕوونی بکەینەوە کە خۆپێشاندانەکانی ناوخۆی ئێران دەچنە چوارچێوەی چ پێناسەیەکەوە.

لە فەرهەنگی ئابادانیش نارەزایەتی بە «ڕەخنەگرتن، لێپرسینەوە، دەستدرێژی، لۆمەکردن، لێپێچینەوە»[1] پێناسەکراوە. لە مانای ئەو وشانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بتوانین نارەزایەتی سیاسی بەمشێوە پێناسە بکەین: «بریتییەلە هەر جۆرە ڕەفتارێکی سیاسی کە ڕەخنە لە کردارێکی سیاسی بگرێت و بیەوێت ئەو کردارە سیاسییە بگۆڕێت.» کە وا بێت نارەزایەتی تایبەتە بە کردارێک و جیاواز لەو کردارە ئامانجێکی دیکەی نییە. بە مانایەک نارەزایەتی تەنها لەبەرامبەر کردارێکە و کۆی سیستەم ناکاتە ئامانجی خۆی. بەڵام کاتێک دەبینین دروشمی خۆپێشاندەرانی ئێران کۆی سیستەم و لوتکەی سیستەمی کردۆتە ئامانج، ئەوا بە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین نارەزایەتی نین. کەوایە دەبێت بە دووی ناوێکی دیکەدا بگەڕین بۆ ئەم خۆپێشاندانانەی ئێران.

1- https://abadis.ir/fatofa/%D8%A7%D8%B9%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D8%B6

بروس کوئێن لە کتێبی **«مبانی جامعەشناسی» دا** بەمشێوەی خـــوارەوە پێناسەی بـزوتـنـەوەی کــردووە: «بـزوتـنـەوەی کۆمەڵایەتی کاتێک سەرهەڵدەدات، گرووپێکی ڕێکخراو لە هەوڵ دایە توخمگەلێک لە کۆمەڵگا بگۆڕێت یان بیپارێزێت. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن لەگەڵ شێوازیی سەرەتایی ڕەفتاری جەمعی (وەک ئاژاوە)، لەبەر ئەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخراوتر و جێگیرتر لـە ڕەفـتـاری جەمعین. جیاوازیی سـەرەکـی بـزوتـنـەوە کۆمەڵایەتی دامـــەزراو لـەوە دایـە کە دامەزراو خاوەنی بەردەوامییە. بەڵام بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بە بەراورد لەگەڵ دامەزراو دەوامێکی کەمتری هەیە.... هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تایبەتمەندی، تایبەت و هاوبەشیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە دیاربوونی ئامانجەکان، بوونی پرۆگرامێک بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە و ئایدیۆلۆژیا. زۆربـەی کات بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی خاوەنی کۆمەڵێک لە ئامانجەکانە کە بـەتـەواوی دیـارن. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کە ئامانجی ئەو باشترکردنی دۆخی گرووپێک لە خەڵکە، لە حاڵەتێکدا سەرکەوتوو دەبێت کە بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە کە ئامانجی ئەو دروستکردنی چ جۆر گۆڕانکارییەک لە نێو کۆمەڵگا دایـە.»[1] بیرمەندانی کۆمەڵایەتی لەو بـاوەڕەدان ئەم کردارە کۆمەڵایەتیانە هەڵگری دوو تایبەتمەندین و « جۆرێک لە پەیوەندی دژیەکی خوڵقێنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە»[2] یەکێک لە

١- کوئین، بروس، مبانی جامعەشناسی، ترجمه دکتر غلامعباس توسلی، دکتر رضا فاضل، چاپ بیست و هفتم، سال ١٣٩٥، انتشارات سمت، ص، ٤٦٣.

٢- أوتویت، ویلیام، تام باتامور، فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ترجمه حسن

ئامانجەکان یان ئامانجی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت ڕەهەندی بزوتنەوەی سیاسی ئەو، گۆڕینی فۆرماسیۆنی سیاسییە، کە ئەمەش لەژێر چەمکی شۆڕشدا خۆی دەبینێتەوە.

«لە فیکری سیاسیدا، شۆڕش بە مانای دەستگرتنی نایاساییە بەسەر دەسەڵاتدا و زۆربەی کات توندوتیژانە ، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی بنەمایی لە دامەزراوە حکومییەکان. سەرەڕای ئەوش چەمکی شۆڕش بە شێوازیی جۆراوجۆر و بە مانای جیاواز بەکار دێت. شۆڕش هەندێ کات بۆ وێناکردنی هەر گۆڕانکارییەکی بنەمایی، چ توندوتژیانە و چ لە ناکاو یا دوورو درێژ، بەکار دێت. بەم مانایەیە، کە باس لە شۆڕشی زانستی یان شۆڕشی پیشەسازیی دەکەین.»[1]

بەپێی پێناسەکانی سەرەوە دەتوانین بڵێین. هەرچەندە شۆڕش شێوەیەک لە نارەزایەتییە، بەڵام لە هەندێ بواریشەوە ئەم دوو چەمکە جیاواز لە یەکترن. نارەزایەتی چەمکێکی بەرفراوانە، کە ئەکرێ بۆ زۆر حاڵەت بەکار بێت، بەڵام شۆڕش وەک شێوازێکی نارەزایەتی تەنها ئامانجێکی هەیە. ئەویش گۆڕینی کۆی سیستەمە.

مەبەست لەوەی نارەزایەتی بۆ زۆر حاڵەت بەکار بێت، بەو مانایەیە نارەزایەتی شێوازێک لە کرداری سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە ئەکرێ لە نێو سیستەمێکی سیاسی لەبەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو بۆ نموونە نەبوونی مووچە، پەسەندکردنی یاسایەک، ڕەفتاری ئۆرگانێکی حکومەت ڕوودات و تەنانەت توندوتیژی لێ بکەوێتەوە.

---

چاوشیان. نشر نی، چاپ اول١٣٩٢،ص ٣٤٨ و ٣٤٩

١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧-١٢٨.

بەڵام نارەزایەتی کە لەم ئاستەدا بەستراوەتەوە بە بابەتێکی دیاریکراوەوە و بە هیچ شێوەیەک ئامانجی ئەو سیستەم نییە. بۆ نموونە خۆپێشاندان و نارەزایەتی لە بەرامبەر کەمی یان گۆڕانکاریی لە مووچەی خانەنشینان.یان « خۆپێشاندانی خانەنشینانی کاروباری کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر سەرپێچاندنەوەی حکومەتی ئێران لە یاسای زیادکردنی مووچەیان جارێکی دیکە لە ٢٥ی تیرماه (١٦ی تەمموز ٢٠٢٢) لە ١٩ شار خۆپێشاندانیان کرد.»[١]

بەڵام ئەو شێوازەی نارەزایەتی کە کۆی سیستەم دەکاتە ئامانج و دەیەوێت سیستەمی سیاسی بگۆڕێت ئیدی نارەزایەتییەکی بابەتی نییە، بەڵکوو دەبێتە نارەزایەتی لەدژی سیستەم و ئیدی بە شۆڕش ناو دەهێنرێت. بەڵام دەبینین بەردەوام دەسەڵاتداران هەوڵ بۆ داڵەنگاندنی دەدەن و هەتا دوایین ساتەکان ئامادە نین وەکو شۆڕشێک ڕەفتاری لەگەڵ بکەن. ئەم داڵەنگاندنەی شۆڕش لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە هیچ شێوەیەک بە مانای گۆڕینی ناوەڕۆکەکەی نییە.

بەم هۆیەوە، بە پشت بەستن بە دروشمەکانی شۆڕشی ژینا کە دوایی باسی دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە کوشتنی ژینا ئەمینی، کە کۆی سیستەمی سیاسی ئێرانی کردۆتە ئامانج و دەیەوێت بیگۆڕێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەک ناچێتە چوارچێوەی نارەزایەتییەوە، یان ورد بڵێین ناچنەوە ریزی ئەو نارەزایەتییەوە کە لە نێو خۆی سیستەمدایە، بەڵکو ئامانجی گۆڕینی سیستەمە.

---

١- سایتی ڕادیۆ فردا، پێنج شەممە، ١٣ی ڕێبەرندانی ١٤٠١. هەواڵ لەبارەی کۆبوونەوەی خانەنشینانی ئێران لە ١٩ شار.
https://www.radiofarda.com/a/pensioners-protesting-iran/31946219.html

بەچاوخشاندنێک بە مێژووی چەند دەیەی ئێران و هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی دوو بابەتی دیکە، واتە پاراستنی بەشێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەلایەنی بزوتنەوە و هەروەها بوونی حاڵەتێک وەک بزوتنەوەی سەوز، ناونانی ئەم ڕووداوانە لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستاندا ڕوویانداوە، ئەوا بزوتنەوەش بەتەواوی پێشاندەری ئەو کردارە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نییە کە لە حاڵی ڕوودان دایە. بۆیە ئێمە بە پشت بەستن بە پێناسەکانی سەرەوە بە شۆڕش ناوی دێنین کە وایە پێویستە پرسیار بکەین بۆ چی شۆڕشە؟

کاتێک ڕوون بووەوە کە ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات نارەزایەتی نییە، پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا بزوتنەوەیە یان شتێکی دیکەیە؟ لە پێناسەی بزوتنەوەدا گوتمان کە بزوتنەوە هەوڵی گۆڕین یان پاراستنی بەشێک لە سیستەم دەدات. بۆ نموونە لە ئێراندا چەندین ساڵ لەمەوبەر بزوتنەوەی سەوز سەریهەڵدا و ئامانجی ئەو پاراستنی سیستەم بە دەستکاری کردن یان بە مانای خۆیان گەڕانەوە بۆ جەوهەری شۆڕشی ١٩٧٩ بوو. کەوایە ئەم بزوتنەوە ئامانجی ڕووخانی سیستەم نەبوو. ئەمە بۆ بزوتنەوەی خوێندکاری و بزوتنەوەی ژنان یش راستە .... کە لە ئێراندا لە بزوتنەوە بەرچاوەکانن، ئامانجی ئەوان گۆڕین یان ڕووخانی سیستەمی سیاسی نییە بەڵکو گۆڕانکاری لە بەشێک یان شێوازیی کارکردی ئەوە. بۆیە لە کاتێکدا دەبینین لە شۆڕشی ژینا دروشمەکان ئاراستەی کۆی سیستەم دەکرێن و دەڵێن ئەسڵی سیستەمەکە ئامانجی ئەوانە، ئەوا ناکرێ ئەمە بە بزوتنەوە ناوبێنین.

بەپێی ئەو شتانەی لە سەرەوە گوترا، ئەوەی لە ئێراندا ڕوودەدات نە نارەزایەتییە بەو مانایەی کە هەندێ لە کۆمەڵناسان و ئابووریناسان یان کەسانی سیاسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران ناوی دێنن، نە بزوتنەوەیە کە بیەوێت بەشێک لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێت، بەڵکو کۆی سیستەمی گرتووەتە ئامانج و دەیەوێت فۆرماسیۆنی دەسەڵاتداریەتی سیاسی لە ئێراندا بگۆڕێت و بە پشت بەستن بە پێناسەی شۆڕش، ئێمە ئەو ڕووداو و خۆپیشاندانانە لە چوارچێوەی چەمکی شۆڕشدا سەیر دەکەین. لێرەشدا هەوڵ دەدەین باسی هۆکار و تایبەتمەندییەکانی بکەین و باسکردن لە سەر ئەنجامەکانی لە دەرەوەی ئەم بابەتەیە و پێویستە بە سەربەخۆیی باسی بکرێت. هەرچەندە بە کورتیش باسی هەندێ دەستکەوتی دەکەین.

## تیۆر و مێتۆدی خوێندنەوە

لەم بابەتەدا نامانەوێت هیچ یەک لەو تیۆریانەی کە سەبارەت بە شۆڕش لە ئارادان و ژمارەیەک لە زانایانی سیاسی و کۆمەڵناسی لەبارەی شۆڕشەکانەوە دایانناوە، بسەلمێنین و پیشانی بدەین ئایا بە پێی کام یەک لەو تیۆریانە خۆپیشاندانەکانی ئێران دەچنە چوارچێوەی شۆڕشێکەوە. هۆکاری ئەوەش کە نامانەوێت هیچ یەک لەو تیۆریانە بەکار بێنین ئەوەیە کە بە چاوخشاندن بە هەریەک لەو تیۆریانە بۆمان دەرکەوتووە کە ژمارەیەک لە هۆکارەکانی خۆپیشاندانەکانی ئێران و بە مانایەکی دیکە شۆڕشی ژینا، نایگرێتەوە و ئەو

تیۆریانەی کە لە بەر دەست دان، بەتەواوی ناتوانن هەموو هۆکارەکانی شۆڕشەکە بەرجەستە بکەن بۆ ئەوەی بکرێت بە بابەتی بەراوردکردن.

کۆی ئەو تیۆریانەی هەتا ئێستا کاریان لەسەر بابەتی شۆڕش کردووە، دابەش دەکرێنە سەر دوو گرووپەوە. گرووپی یەکەم ئەو تیۆریانەن کە باوەڕیان بە پێکهاتە و کارکردی دەسەڵات و حکومەت و دیمۆگرافیا هەیە. گرووپی دووەم ئەو تیۆریانەن کە باوەڕیان بە بابەتە کولتوری و کارگوزارییەکان وەکو جێندەر، نەژاد و گوتار و هێزە کۆمەڵایەتییەکان و گۆرانکاری کولتوری هەیە.

هەر یەک لەم تیۆریانە لایەنی بەهێز و لاوازی خۆیان هەیە. جیا لەوەش کە توانیویانە لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ بابەتەکە بکەن، یان خود نموونەی واقیعی بۆ بابەتەکە بخەنەڕوو، دیسان ڕەخنەیان لەسەرە و کەموکۆڕییان پێوە دیارە. ڕەنگە بەشێک لەو کەموکۆڕیانە پەیوەندی بە لایەنی تیۆرییەوە نەبێت، بەڵکوو پەیوەندی بە خودی پێکهاتەی دیاردەکەوە هەبێت. لەبەر ئەوەی شۆڕش هەم بۆ گەشەکردنی بابەتێک وەکو پیشەسازی بەکار هێنراوە و باسی شۆڕشی پیشەسازی و یان خود شۆڕشی زانیاری دەکرێت، لەلایەکی دیکەیشەوە بۆ شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و شۆڕشی ئۆکتوبەری ڕووسیا و شۆڕشی دەستووری ئێران و ساڵی ١٩٧٩ بەکار هێنراوە. هەر یەک لەم نموونانەش هەڵگری هەندێ تایبەتمەندین کە لەگەڵ ئەوانیتردا یەک ناگرنەوە. ڕەنگە تەنها خاڵی هاوبەشی هەموویان ئەوە بێت کە لە بناغەوە کۆمەڵگا دەگۆڕن و ژێر و

ڕووی دەکەن.  بەم پێیە ئێمەش لێرەدا نامانەوێت هیچ یەک لەو تیۆریانە سەبارەت بە شۆڕشی ژینا بەکار بێنین.

چوارچێوەی کارەکە و بەکار نەهێنانی تیۆری بۆ خوێندنەوەی، بەرەو ئاراستەی ئەوەمان دەبات کە میتۆدێک بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە دەست نیشان بکەین. ئەو میتۆدەی لەم بابەتەدا کاری پێدەکەین، جیاواز لە خوێندنەوەی مێژوویی و شیکاریی مێژوویی، بەکارهێنانی میتۆدی « منۆگرافیا»یە. بەکارهێنانی ئەم میتۆدە بە مانای ئەوەیە کە دەبێت دیاردەکە یان پێکهاتە بەو شێوەی کە هەیە وێنا بکرێت. بۆیە دەمانەوێت هەموو هۆکار و لایەنەکانی  شۆڕشی ژینا بخەینە بەرچاوی خوێنەر. بە مانایەکی دیکە لە ڕێگەی میتۆدی منۆگرافیاوە، وێنەیەکی گشتی لە هۆکار و مێژوو و چۆنیەتی ڕوودانی و کاریگەرییەکانی لەسەر دەوروبەر بۆ خوێنەر بەرجەستە بکەین. بۆ ئەوەی ئەم کارەش جێبەجێ ببێت، هەوڵمان داوە زانیاری لە سەرچاوەی جۆراوجۆر کۆبکەینەوە.

شێوازی کارکردن لە سەر  بابەتەکەش، دوو ڕەهەند لە خۆ دەگرێت. یەکەم کارکردن لە سەر کۆی گۆڕانکارییەکانی سەرتاسەری ئێران کە بۆ ئەم بوارە هەوڵ دراوە زانیاری ئاماری و لێکدانەوەی  ورد و ئاکادێمی کۆبکرێتەوە. بواری دووەم کارکردن لەسەر خۆرهەڵاتی کوردستان وەک یەکەمین سەنتەری سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا. بۆ ئەم بوارەش ئەوەندەی زانیاری ئاماری و لێکدانەوەی ئاکادێمی  و ڕۆژنامەنووسی دیکە کە لەبەر دەستدا بوون بەکار هێنراون.

## بەشی دووەم:

# کورتەمێژووی خۆپێشاندانەکانی ئێران و کوردستان

## پێشەکی:

خۆپیشاندانێک کە دژی کۆی سیستەمێکی سیاسی بێت، بێگومان ڕووداوێکی لە ناکاو نییە، بەڵکوو خاوەنی مێژوو و باگراوندێکە کە لە ماوەیەکی زەمەنیدا گەشەی کردووە و گەیشتۆتە ئەوەی کە ڕووبەڕووی کۆی سیستەم بێتەوە. جا ئەم گەشەکردنە هۆکارەکەی پێکهاتەیی بێت یان خود، کولتور، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە خۆپیشاندان لە ئێران گەیشتۆتە ئەوەی کە دژی کۆی سیستەمەکە وێستاوەتەوە. ئەمەش پشتی بە مێژوویەکی خاوەن ئەزموون بەستووە. واتە بە مانایەکی دیکە بە ئەزموون و تاقیکاری جۆراوجۆردا تێپەڕ بووە هەتا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەم گەشە بکات بۆ ئەوەی ڕووبەرووی سیستەم بێتەوە، هەمیش خۆی باڵا بکات و ئامانجەکانی بە پێی قۆناغەکە بگۆڕێت.

ئەو ئەسڵەی لەسەرەوە باسکرا، سەبارەت بە خۆرهەڵاتی کوردستانیش بە ڕاست دەگەڕێت. بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەوەی باسی گەشەکردنی خۆپیشاندان و باڵاکردنی لە ئێران دەکەین، باسی خۆپیشاندان و مانگرتن لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش دەکەین. لە دواییشدا کورتەیەک لە مێژووی گەشتی ئێرشاد بۆ خوێنەر دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی بزانێت گەشتی ئێرشاد چۆن پێکهاتووە و کارکردی چی بووە. ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە مێژووی بزوتنەوەی ژنانیش لە ئێران ئاماژەی پێبدەین و ڕوونی بکەینەوە کە بزوتنەوەی ژنانیش لەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە چ شێوەیەک گەشەی کردووە.

## کورتە مێژووی نارەزایەتییە سیاسییە گشتییەکانی ئێران:

لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە دوای ساڵی ١٣٥٧ بە دەرنانی هێزە سیاسییەکانی دیکە ئاخوندەکان لە ئێران گەیشتنە دەسەڵات و کۆماری ئیسلامییان بنیات نا کە بە سەدان خۆپێشاندانی گەورە و بچوک لە دژی ئەو حکومەت ڕوویاندانەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم خۆپێشاندانە بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت کراون. بەشی زۆری ئەو خۆپێشاندانانە لە سەر دوو بنەما بوون، یەکەم خواستێکی پیشەیی یان سیاسی و یان داواکاریی بۆ گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی دەسەڵات. بە شێوەی گشتی زۆربەی ئەو خۆپێشاندانانە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات و هەروەها ڕوخانی دەسەڵاتی سیاسی کۆماری ئیسلامییان نەکردبووە ئامانجی خۆیان.

«یەکەمین خۆپێشاندان کە لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێکخرا، خۆپێشاندانی ٣٠ی خوردادی ساڵی ١٣٦٠ (٢٠ حوزەیرانی ١٩٨١) بوو، کە بە بانگهێشتی موجاهیدینی خەڵقی ئێران بۆ نارەزایەتی لە بەرامبەر سەرکوت و لەنێوبردنی حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان ئەنجام درا. نزیکەی نیو ملیۆن کەس بەشدارییان لەو خۆپێشاندانەدا کرد کە بە بڕیاری خودی خومینی لەلایەن سوپای پاسدارانەوە تەقەیان لێکرا و بە سەدان کەسیان کوشت و سەدان کەسی دیکەیشیان بریندار کرد.»[1] هەروەها کە لە بابەتی و هۆکاری خۆپێشاندانەکەدا دیارە ئەم خۆپێشاندانە

١- تریبون زمانه، تظاهرات مسالمت امیز ٣٠ خرداد ١٣٦٠
https://www.tribunezamaneh.com/archives/266614

تەنها بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئـازادی سیاسی بۆ لایەنە سیاسییەکانی ئێران بووە و بە هیچ شێوەیەک ڕوخانی سیستەمی تازە بنیاتنراوی کۆماری ئیسلامی نەکردبووە ئامانجی .

**«خۆپیێشاندانی خوردادی ساڵی ١٣٧١ ( حوزەیرانی ١٩٩٢) مەشهەد،** ئەم خۆپیێشاندانە بە هۆی هەڵاوسانی لە سەدا ٢٠,٧ ی ئابووری و لەبەرامبەر هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی خانووەکانی گەڕەکی تولابی مەشهەد ڕوویدا. خەڵک توانییان دەست بگرن بە سەر فەرمانگە حکومییەکان و کەلانتەرییەکانی ٣ و ٤ی شاری مەشهەد و چەندین بینای ئاستانی قودسی ڕەزەی ئاگریان تێبەردرا. کۆماری ئیسلامی بە ناردنی هێزیی سوپای پاسداران ئـەو نـاڕەزایـەتییـەی سـەرکـوت کـرد و هیچ کاتیش ئامارێکی ورد لەبارەی ژمـارەی کـوژراو و بریندار و دەستگیرکراوەکان بڵاونەکرایەوە.»[١] خۆپیێشاندان مەشهدیش هۆکارەکەی ئابووری و هەڵاوسان بووە و بە شێوەیەک لە شێوەکان ناڕەزایەتی بووە لە بەرامبەر ئەو گرانییەی کە ئەو کات لە ئێراندا دروست ببوو. ئەمەش نەیدەویست سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران بگۆڕێت و سیستەمێکی دیکە لە شوێنی دابنێت و تەنها خواستەکەی ئابووری بوو.

**«خۆپیێشاندانی تیری ساڵی ١٣٧٨ ( تەمموزی ١٩٩٩) یان گەڕەکی زانکۆی تـاران:** دوای ئـەوەی ڕۆژنـامـەی سـەلام کە ڕەخنەگرێکی توندی دەسەڵات و لایەنگری ڕیفۆرمخوازانی ئێران بوو لەلایەن دادگاوە داخرا، خوێندکارانی زانکۆی تاران بە نیشانەی

---

١- سایت ایندیپندنت فارسی، ٠ خرداد ١٣٧١، وقتی معترضان مشهدی شهر را در دست گرفتند.https://www.independentpersian.com/

نارەزایەتی کۆبوونەوە و لەلایەن هێزە ئێنتزامییەکان و لیباس شەخسییەکانەوە هێرش کرایە سەر زانکۆی تاران و نائارامییەکی لێکەوتەوە کە پێنج ڕۆژی خایاند و لە ئەنجامدا ٦ کەس کوژران و بە سەدان کەسی دیکە بریندار بوون و بە هەزاران خوێندکاری زانکۆش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر و ڕەوانەی بەندیخانە کران.»[١] ئەم خۆپیشاندانەش کە زۆرتر ئەنجامی جۆرێک زەربە لێدان لە ڕیفۆرمخوازانی ئێران بوو کە ئەو کات محەمەد خاتەمی سەرکۆمار بوو، لە ڕاستیدا هەوڵدان بۆ ڕێگەگرتن لە بەرتەسک کردنەوەی ئەو کەشە ئازادییەی ڕاگەیاندن بوو کە بۆ ڕیفۆرمخوازان ڕەخساندبوویان یان خود هەوڵدان بۆ بەرفراوانتر کردنی بوو.

**خۆپیشاندانی ١٣٨٨ ( ٢٠٠٩):** «دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران ڕاگەیندرا و مەحمود ئەحمەدی نەژاد بە سەرکۆمار ڕاگەیندرا و لەبەرامبەردا میر حوسین موسەوی دەنگی نەهێنایەوە، خەڵک و لایەنگرانی میرحوسین موسەوی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەستکاریی کراوە و بە قازانجی مەحمود ئەحمەدی نەژاد شکاوەتەوە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی خۆپیشاندانی هەزاران کەسی لە تاران و ئێسفەهان و تەبریز، کەرەج، شیراز و شارەکانی دیکە و لە تاران نزیکەی ٣ ملیۆن کەس بەشداریی خۆپیشاندانیان کرد. لە ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانانە هێزە ئەمنییەکانی لانیکەم ٤٠٠٠ کەسیان دەستگیر و بە سەدان کەسیان

١- سایت العربیه فارسی، ١٨ تیر ٧٨، کوی دانشگاه، لباسهای خونی، کتابهای پاره و مشتهای گره کرده. نوشته رقیه رضایی.https://farsi.alarabiya.net/

بریندار کرد و لانیکەمیش  بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان ١٢ کەس کوژران.»[١] هەڵبەتە پێویستە بڵێین ئەم خۆپێشاندانە یەکێک لەو خۆپێشاندانە گرنگانە بوو کە دەیوویست گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی بکات. بەو مانایە دەیوویست لایەنی کۆماری ئەو ئەکتیڤتر بکات، بەڵام هەمان ڕەنگ و بۆی ئیسلامی هەبێت. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لە ئەنجامی ئەم خۆپێشاندانانە میرحوسین موسەوی و کەڕوبی  لە ماڵی خۆیان دەستبەسەر کران و هەتا ئێستاش  ئازاد نەکراون.

**خۆپێشاندانی دەی مانگی ١٣٩٦ (کانوونی دووەمی ٢٠١٨):**

«ئەگەر زۆربەی خۆپێشاندانەکانی پێشتر لە چوارچێوەی سیاسیدا بوون و خواستی سیاسییان هەبوو، بەڵام ئەم جارە هۆکاری گرانی خراپی باری ئابووری دەبنە سەرچاوەی خۆپێشاندانەکان. لە دەی مانگی ساڵی ١٣٩٦ لە ١٤٢ شاری ئێران خۆپێشاندان دەستی پێکرد،  یەکەم جار لە مەشهەد  بە بەشداری لانیکەم ١٠ هەزار کەس لەبەرامبەر کارکردی حکومەت لە بواری گرانی کالا و پێویستی گشتی و بەرزبوونەوەی نرخەکان دەستی پێکرد. لێرەوە هاوکات لەگەڵ « مرگ بر گرونی» ( مەرگ بۆ گرانی)  دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر دێتە نێو خۆپێشاندانەکانی ئێرانەوە. لە ئەنجامدا ٨٠٠٠ کەس دەستگیر و زیاتر لە ٤٠ کەسیش  کوژران.»[٢] لەم خۆپێشاندانەیە کە دوو بابەتی سیاسی و ئابووری یەک دەگرن و دروشمەکان تا ڕادەیەک فۆرمی ڕادیکاڵ پەیدا دەکەن.

١- ویکی پیدیا، تظاهرات ٢٥ خرداد ١٣٨٨ https://fa.wikipedia.org

٢- سایت بی بی سی فارسی، اعتراضات سراسری دی ٩٦، دیگە تمومە ماجرا؟ نوشتە علی سودایی

https://www.bbc.com/persian/iran-features-46651220

**خۆپیێشاندانی ئابانی ١٣٩٨ ( تشرینی دووەمی ٢٠١٩)**: «ئەم خۆپیێشاندانە لەبەرامبەر گران بوونی نرخی بەنزین دەستی پیێکرد و ١٩١ شاری گرتەوە و زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لەلایەن هیێزە ئەمنییەکانی ئیێرانەوە کوژران و لە نیێو کوژراوەکان منداڵی ١٣ هەتا ١٥ ساڵ دەبیندرا و زیاتر لە ٤ هەزار کەسیش بریندار بوون و نزیکەی ١٢ هەزار کەسیش دەستگیر کران. لەم خۆپیێشاندانەدا خامنەیی داوای لە هیێزە ئەمنییەکان کرد خۆپیێشاندەران سەرکوت و ئاسایش جیێگیر بکەن و شەمخانی وتەبیێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئیێران خۆپیێشاندانی خەڵکی بە چالاکی «گرووپە ڕیێکخراوەکان لەلایەن مونافقین و دژە شۆڕشەوە» ناوهیێنا. لەم خۆپیێشاندانەدا بۆ یەکەمین جار حەوزەی علمیە لە دوو شار ئاگریان تیێبەردرا.»[1] لەم خۆپیێشاندانەدا جاریێکی دیکە هۆکاری ئابووری زاڵ دەبیێتەوە و دەبیێتە بزویێنەری سەرەکی خۆپیێشاندانەکە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پیێ بدریێت ئەوەیە کە هەتا ئەو کاتیش کۆی سیستەمی سیاسی ئیێران لە لایەن خۆپیێشاندەرانەوە نەکراوەتە ئامانج.

پیێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئیێمە لیێرە باسی ئەو خۆپیێشاندانەمان کردووە کە بەرچاو و گەورە بوون، بەپیێچەوانە سەدان و دەیان خۆپیێشاندان و نارەزایەتی دیکە هەن کە ئەگەر بڕیار بیێت ئاماژە بە هەموویان بدەین پیێویستی بەوەیە، کە دەیان لاپەڕە تەنها بۆ ئاماژەپیێدان بە ناوەکانیان تەرخان بکەین. وەکو خۆپیێشاندانی قەزەوین لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی بە پاریێزگاکردنی ئەویێ و خۆپیێشاندانەکانی خوزستان و خۆپیێشاندانەکانی ئیسلام شار و بۆکان و هتد.

١- سایت بی بی سی، اعتراضات آبان ٩٨ چرا اغاز شد و چگونه جمع شد؟
نوشته فرنوش امیرشاهی
https://www.bbc.com/persian/iran-features-54880103

**کورتە مێژووی بەرەنگاربوونەوە و خۆپێشاندانەکانی کوردستان**

دوای ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، کورد بە زووترین کات لێ بێهیوا بوو. لە کاتێکدا کە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ شۆڕش سەرکەوت هەشت ڕۆژ دوای و «لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان وەک هۆکاری ئاژاوە و دژە شۆڕش ناسێندران و کوشتاری خەڵکی کوردستان لە ٢٨ی ڕەشەکەی ١٣٥٧ دەستی پێکرد»[١] لەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان، سەرتیپ قەرەنی شاری سنەی بەستە تۆپ و بە دەیان و سەدان کەس لەو شارەدا شەهید بوون و هەر ئەمەش نازناوی سنەی خوێناویی پێ بەخشی. دوای ئەوەی دانوستانی نێوان نوێنەرانی کورد و حکومەتی کاتی ئێران شکستی هێنا. ئەمە تەنها چالاکی مەدەنی خەڵک نەبوو، لە کاتێکدا حکومەت دەیوویست لە کرماشانەوە هێز ڕەوانەی مەریوان بکات، «خەڵکی کامیاران لە ٢٣ی تیری ١٣٥٨ لە سەر ڕێگا دانیشتن و ڕێگایان نەدا سوپا بڕوات. هاوکاتیش کۆچی دانیشتوانی مەریوان لە ٣٠ و ٣١ تیری ١٣٥٨ بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە بەرامبەر سەرکوتکردنەکانی حکومەت، دوو نموونەی خەباتی مەدەنی خەڵکی کوردستانن.»[٢]

لەبەرامبەر خواستی مەدەنی و سیاسی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان، ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی موردادی ١٣٥٨ بڕیاری جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان

---

١- دانش پژوە، جواد، کشتار بی پایان، چاپ اول، سالی ٢٠١٨. بی نام انتشارات و چاپخانە.،ص، ٣٦

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

ڕاگەیاند و سادق خەڵخاڵی کردە  قازی شەرعی دادگای شۆڕش کە بە سەدان کەسی بە بێ دادگایی کردن ئێعدام کرد. دوای ئەوەی شەڕ ٣ مانگ درێژەی کێشا و حکومەت لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتوو نەبوو، بە ناچار ئایەتوڵڵا خومەینی پەیامێکی بۆ ئاشتی ڕاگەیاند و دانوستان لە نێوان کوردستان و حکومەتی کاتی دەستی پێکردەوە. بەڵام جارێکی دیکە دانوستانەکان بە هۆی نەدانی مافی کورد لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، شکستی هێنا. دوای شکست هێنانی دانوستانەکان ئەم جارە سوپا جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر کوردستان و یەکەم جار لە شاری سنەوە شەڕی  دەست پێکرد، بە پێی ئامارێک لەم هێرشەدا «لانیکەم ٦٠٠ کەس گیانیان لە دەست دا»[١]

### ئێعدام

بێگومان ئێعدام دیاردەیەکی توندوتیژە کە جیا لەوەی لەنێوبردنی فیزیکی کەسێکە، دەتوانێت کەسانی دیکەش چاوترسێن بکات و ئەوان ناچار بکات لەو ڕێگای گرتوویانەتەبەر دوودڵ بن. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە کوردستان تەنها بە شەڕ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ڕازی نەبوو، بەڵکوو کەسێکی بە ناوی سادق خەڵخاڵی ڕەوانەی کوردستان بۆ ئەوەی قازی شەرع بێت. ناوبراویش بە سەدان کەسی لە ژێر دروشمی «مفسد فی الارچ و محارب با خدا» ئێعدام کرد. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە هەتا ئێستا ئامارێکی ورد لەبارەی ئێعدام کراوەکان بە دەستی

---

١- مرکز اسناد حقوق بشر، خاطرات تسخیر کننده، اعدام کردها توسط جمهوری اسلامی در سال ١٣٥٨، شهریور ١٣٩٠، ص ٢١-٢٢

سادق خەڵخاڵی و بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەر دەستدا نییە و هەموو ئەو شتانەی لەبەر دەست دان ئامارێکی ناتەواون. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕێگەی ئەوەمان پێنەدرێت کە بڵێین کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بە دەیان هەزار کەسی لە خەڵکی کوردستانی ئێعدام کردووە.

### کۆمەڵکوژی

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرامبەر کوردستان گرتیەبەر، کۆمەڵکوژی کردن لە گوندەکان بوو. ئەگەر کۆماری ئیسلامی شارەکانی دەدایە بەرتۆپ ئەوا لە گوندەکان کۆمەڵکوژی دانیشتوانی کردووە. « دوای فتوای ئایەتوڵڵا خومەینی هێزە سەربازییەکان بە فەرماندەیی حەسەنی، ئیمام جومعەی ئەو کاتی ورمێ بە هاوکاری سەرتیپ زەهیر نەژاد، فەرماندەی سوپای ٦٤ ورمێ و بە هاوکاری دەستوپەیوەندییەکانی حکومەت، وەکو عەزیم مەعبودی و سەرهەنگ شەهبازیان لە ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١١ هێرشیان کردە سەر گوندی قارنا لە ١٠ی کیلومەتری شارۆچکەی نەغەدە و لە ماوەی چەند کاتژمێردا ٦٨ کەسیان لە منداڵ، ژن و بەساڵاچووانی گوندەکە کوشت»[١] بێگومان ئەگەر بمانەوێت ناوی ئەو گوندانە بڵاوبکەینەوە کە بە زەربی هێز چۆڵ کراون ڕەنگە نزیکەی هەزاران گوند بێت، بەڵام لێرەدا ئێمە لەبەر ئەوەی ناوی ئەو گوندانەمان بۆ گرنگە کە تێدا کۆمەڵکوژی کراون لە خشتەی خوارەوە ناوی گوند و ژمارەی کوژراوەکان دەخەینەڕوو.[٢]

---

١ـ دانش پژوه، جواد، کشتار بی پایان، چاپ اول سال ٢٠١٨، بدون نام انتشارات، ص ١٤٣

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤

**لیست روستاهایی که قتل عام‌ها توسط نیروهای حکومت جمهوری اسلامی در آن انجام شده است.**

| نام روستا | توابع | تاریخ قتل‌عام | تعداد قربانیان | شناسایی شده | منابع |
|---|---|---|---|---|---|
| اندرقاش، یوسف‌کند | مهاباد | ۱۳۵۹/۰۸/۱۳ | ۵۳ | ۳۵ | گوشه‌ای از جنایات |
| باییزآباد | نقده | ۱۳۶۰/۰۸/۱۸ | ۹ | ۹ | گوشه‌ای از جنایات |
| پیرانجوق | سلماس | ۱۳۶۲/۰۱/۰۷ | ۱۷ | ۱۷ | سلیمان کلشی |
| جبرئیل‌آباد، گونده‌ویله، دوآب | اشنویه | ۱۳۶۲/۰۶/۲۳ | ۶ | ۶ | گوشه‌ای از جنایات |
| جعفرآباد | مهاباد | ۱۳۶۱/۱۲/۲۵ | ۲ | ۲ | گوشه‌ای از جنایات |
| چقل مصطفی | نقده | ۱۳۶۲/۰۱/۰۵ | ۱۶ | ۱۳ | گوشه‌ای از جنایات |
| حمام‌لری | ارومیه | ۶۲۱۳/۰۱/۲۶ | ۴ | ۴ | سلیمان کلشی |
| خلیفلیان | نقده | ۱۳۶۲/۰۱/۰۵ | ۶ | ۶ | گوشه‌ای از جنایات |
| دیلان‌چرخ، حلبی، کویکان، کهریزه، یونسلیان | نقده | ۱۳۶۱/۱۲/۲۳ | ۴۰ | ۲۳ | گوشه‌ای از جنایات |
| دیمه‌سور | مهاباد | ۱۳۶۱/۱۲/۲۵ | ۴ | ۴ | گوشه‌ای از جنایات |
| رولا | ارومیه | ۱۳۶۵/۱۰/۳۰ | ۷ | ۶ | گوشه‌ای از جنایات |
| ساروقامیش | بوکان | ۱۳۶۰/۰۶/۲۳ | ۱۸ | ۱۳ | گوشه‌ای از جنایات |
| سوزی | مهاباد | ۱۳۶۱/۱۱/۰۶ | ۹ | ۹ | گوشه‌ای از جنایات |
| سیناوه | ارومیه | ۱۳۶۳/۱۲/۲۷ | ۶ | ۶ | حبیب حسن‌صفت |
| صوفیان | اشنویه | ۱۳۵۹/۰۸/۲۷ | ۱۲ | ۱۲ | گوشه‌ای از جنایات |
| قارنا | نقده | ۱۳۵۸/۰۶/۱۱ | ۶۸ | ۵۰ | گوشه‌ای از جنایات |
| قره‌گول | مهاباد | ۱۳۶۱/۱۱/۰۶ | ۱۸ | ۱۸ | گوشه‌ای از جنایات |
| قلاتان | نقده | ۱۳۵۹/۰۱/۰۶ | ۵۰ | ۱۲ | گوشه‌ای از جنایات |
| کانی‌زرد | نقده | ۱۳۶۳ | ۱ | ۱ | آگری اسماعیل‌نژاد |
| کوره پایین | ارومیه | ۱۳۶۲/۰۱/۲۶ | ۴ | ۴ | سلیمان کلشی |
| کوره ساراله (ارومیه) | ارومیه | ۱۳۶۲/۰۱/۲۶ | ۵ | ۵ | سلیمان کلشی |
| گورخانه | نقده | ۱۳۶۲/۰۱/۰۵ | ۲ | ۲ | گوشه‌ای از جنایات |
| مرجان‌آباد | مهاباد | ۱۳۶۱/۱۲/۲۵ | ۴ | ۳ | گوشه‌ای از جنایات |
| ممکان | ارومیه | ۱۳۶۲/۰۱/۲۶ | ۱ | ۱ | گوشه‌ای از جنایات |
| مینگل | ارومیه | ۱۳۶۲/۰۱/۲۶ | ۱ | ۱ | سلیمان کلشی |
| نیر | سنندج | ۱۳۶۲/۰۳/۰۷ | ۱ | ۱ | ف. منبری |
| هله‌قوش، گیجه | ارومیه | ۱۳۶۲/۰۱/۰۳ | ۱۶ | ۱۶ | گوشه‌ای از جنایات |
| | | | ۳۸۰ | ۲۷۹ | |

## تیرۆر

تیرۆر هەمیشە یەکێک لەو ئامرازانە بووە کە بۆ سەرکوتکردن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ستەمکارەوە بەکار هێنراوە. جا ئەوەی کێ تیرۆرەکەی کردووە و یان کێ تیرۆر کراوە دوو بابەتی جیاوازن، بەڵام ئەوەی ڕوونە تیرۆر هەمیشە بۆ لەنێوبردنی فیزیکی کەسێکە. جا ئەم کەسە بۆ ئەوە تیرۆر بکرێت کە خاوەنی پێگەیە و لەنێوچوونی دەتوانێت ئەو پێگە تێک بدات یان خود بۆ ئەوەیە کە بوونی فیزیکی ئەو کەسە لە داهاتوودا مەترسییەک دروست دەکات. بەهەر شێوازێک بێت، کۆماری ئیسلامی ئێران

لە کوردستان  لە سێ ئاست کرداری تیرۆی بەکار هێناوە. یەکەم تیرۆرکردنی سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ نموونە تیرۆرکردنی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤیەننا و تیرۆرکردنی دکتۆر سەعید شەرەفکەندی لە بەرلینی ئەڵمانیا. لە ئاستی دووەم تیرۆرکردنی ئەو کەسایەتیانەی ناوخۆ بووە کە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و زانستی بوون و مانەوەیان دەبـووە مەترسی بۆ سـەر کۆمـاری ئیسلامی بۆ نموونە تیرۆرکردنی مەلا محەمەد ڕەبیعی. لە ئاستی سێیهەمیش تیرۆرکردنی وەک ئامرازێک بەکار هێناوە بۆ  لاواز کردنی بەدەنەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ نموونە تیرۆرکردنی زیاتر لە ٣٥٠ کەس لە کادێر و پێشمەرگەی لایەنە سیاسییەکانی خۆرهـەلاتـی کـوردسـتـان لـە ساڵەکانی ١٩٩١ هـەتـا ٢٠٠٠ لە باشووری کوردستان.  هەر یەک لەم شێوازانە تیرۆر کە بە پێی پێگە ئەو کەسەی کە کراوەتە ئامانجی تیرۆر جیاواز بووە، بەلام دەرئەنجامەکەی لاوازکردنی لایەنە سیاسییەکانی خۆرهەلاتی کوردستان و هەروەها لاوازکردنی بزوتنەوەی کوردستان بووە.

## خۆپیێشاندان و مانگرتن

دوای ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان  لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە ڕفێندرا، ئەوا خۆپیێشاندان سەرلەبەری کوردستانی گرتەوە و لە شاریی سنەش لە ڕۆژی سێی ڕەشەممە گەورەترین خۆپیێشاندان ڕوویدا و  ئەوەندە خۆپیێشاندانەکە بەرفراوان بوو هەتا ئاستی دەستگرتن بەسەر شار لەلایەن خۆپیێشاندەرانەوە ڕۆشتە پێش. بـەلام بە هێنانی هێز لە کرماشانەوە کۆماری

ئیسلامی توانی دەست بگرێتەوە بەرە سەر شاردا و چەندین کەس (بەپێی هەندێ ئامار هەژدە کەس) لەو شارەدا شەهید و بە سەدان کەسی دیکەش بریندرا و دەستگیر کران. سێی ڕەشەمە لە قۆناغێکدا ڕوویدا کە ڕیفۆرمخوازان لە ئێران لە دەسەڵاتدا بوون. بەڵام لە بەرامبەر کورد ڕیفۆرمخوازان و بناژۆخوازان یەکیان گرت و جارێکی دیکە ئەزموونی مەلا حەسەنییان لە خۆرهەڵاتی کوردستان دووبارە کردەوە. هەر لەوبارەیەوە چەند ڕۆژ دوای ڕووداوی سێی ڕەشەممە، موسەوی لاری بە بێ هیچ پەردەپۆش کردنێک لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕایگەیاند: "سەرکوتمان کرد، باشمان کرد، لەبەر ئەوەی ئاسایشی نیزام لە مەترسیدا بوو. پرسی ئۆجەلان پەیوەندی بە تورکیاوە هەیە و پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە. کەسانێک کە بۆ ئەم پرسە خۆپێشاندانیان کرد، پیلانگێڕ بوون."[1]

سەبارەت بەم خۆپێشاندانە دەتوانین بڵێین دوو ئەزموونی گرنگی تێدا بوو، یەکەم ڕێکخەرەکانی کەسانێکی دیاریکراو نەبوون، بەڵکوو چەندین گرووپ بوون، جیا لەوەش لە شوێنێک قەتیس نەبوو، بەڵکوو لە چەند شوێنی شارەکەوە سەریهەڵدا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزە ئەمنییەکان هەتا ئاستی شکستی کامڵ پاشەکشە بکەن.

لە ڕۆژی شەممە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٤ شوانەی سەید قادر لە پشت شەقامی حەمەپان لە گەڕەکی شیلانی شاری مەهاباد لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە تەقەی لێکرا و شەهید کرا و دوای

١- ایران اینترنشنال، سوم اسفند ٧٧ در سنندج، اوج اتحاد اصول گراها و اصلاح طلبان (سوم اسفند ١٣٩٧) https://old.iranintl.com

شەهیدکردنی تەرمەکەی خرایە دووی سەیارە و بە نێو شاردا ڕاکێشرا و جیا لەوەش ٢٥ کەس لە هاووڵاتیانی مەهاباد بریندار کران. ئەمە بووە هۆی ئەوەی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی بەرین لە شاری مەهاباد دروست بێت، لەم کاتەدا بە داواکردنی حیزبەکانی خۆرهەڵات لە ئاست ئەو تاوانەدا مانگرتنی گشتی لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئەنجام درا. دەستکەوتی ئەم ناڕەزایەتیانەش هەماهەنگی نێوان خەڵک و حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو، کە بتوانن پێکەوە هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنن.

بە پشت بەستن بەم هەماهەنگییەیە دەبینین کە دیسان و ڕووداوی هوتیلەکەی مەهاباد و مانگرتنی گشتی خۆرهەڵاتی کوردستان لەبەرامبەر موشەکباران کردنی قەڵای دیموکرات لە ڕاستیدا سەلمێنەری ئەوە بوو، کە بزوتنەوەی کوردایەتی کە حیزبە کوردییەکان بە ڕوانگەی جیاوازەوە سیمای ئەون، بزوتنەوەیەکە کە نەک تەنها فۆرمێکی خواستێکی سیاسی لە چوارچێوەی حیزبەکان هەبێت، بەڵکوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی گشتگیرە کە سەرلەبەری ئەو کۆمەڵگایەی تەنیوە و بە هەموو ڕوانگە جیاوازەکانەوە خواستێکی گشتی دەخاتەڕوو ئەویش بوونی کورد و دەستەبەرکردنی مافە سروشتییەکانی ئەو نەتەوەیەیە.

بێگومان بە دەنگەوە هاتنی کۆمەڵگا و خاوەنداریەتی کردنی کۆمەڵگا لە حیزبەکانی خۆی، جیا لەوەی هێزێکی گەورەی سیاسی دروست کردووە، ئەوا دەبێتە هۆی ئەویش بتوانی ئەزموونی خۆی بە شوێنەکانی دیکەش بگوازیتەوە. کە ئەم گواستنەوەی ئەزموون بە باشی لە شۆڕشی ژینا بەرچاوە.

## کورتە مێژووی بزوتنەوەی ژنان

## کورت باسێک لە مەڕ گەشتی ئێرشاد

یەکێک لەو بزوتنەوانەی کە بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرهەڵستکاری ئەو دەسەڵاتە بووەتەوە و هەوڵی داوە بەشێک یان هەموو مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات، بزوتنەوەی ژنان بووە. بەڵام پێش ئەوەی ئێمە باسی ئەو بزوتنەوە بکەین، پێویستە ئاماژەیەک بە گەشتی ئێرشاد وەک هێمای ڕووبەڕووبوونەوەی ژنان لە ئێران بدەین و چۆنیەتی کارکردی ئەو گەشتە ڕوون بکەینەوە. مەبەست لەم کارەش ئەوەیە پێش ئەوەی بزانین بزوتنەوەی ژنان بە چ قۆناغگەلێکدا تێپەڕ بووە، ڕوون بێتەوە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و جلوبەرگی ژنان بە چ شێوەیەک بووە.

کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەوەی پشت بە ئایینێک دەبەستێک کە ئیسلامە و خۆی بە جێبەجێکاریی بڕیارەکانی ئەو ئایینە دەزانێت، هەوڵ دەدات بەردەوام کۆمەڵگا ناچار بکات بڕیارە ئایینییەکان جێبەجێ بکات و لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕیارانەش سزای یاسایی بۆ دەست نیشان کردووە. بەپێی دەستووری ئەو وڵاتەش، ئامانج لە دەسەڵاتداریەتی گەیشتن بە وڵاتێکی ئیسلامییە، نەک حکومەت ئامرازێک بێت بۆ بەختەوەرکردنی خەڵکەکەی.

جیا لەمە پرسی حیجاب جیا لەوەی لە ئایین هیچ بڕیارێکی ڕوون نییە، کە پێشاندەری ئەوە بێت ژنان ناچار بکات لەچک بکەن، کۆماری ئیسلامی ئێران وەک بڕیارێکی ئایینی کە بنیاتی ئایدیۆلۆژیای ئەو پێک دێنێت، لەچکی بەسەر ژنانی ئێراندا سەپاندووە.

حیجابی ئێجباری لە ١٨ی موردادی ١٣٦٢ (٩ی ئابی ١٩٨٣) لەلایەن مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و بە پەسەندکردنی یاسای سزای ئیسلامی بۆ ڕەچاونەکردنی حیجاب لە شوێنە گشتییەکان و دەست نیشانکردنی سزا جێبەجێ کرا. هەر بەم بۆنەوە لە بەندی ٦٣٨ی یاسای سزای ئیسلامیدا نووسراوە:

" هەر کاتێک کەسێک بە ئاشکرا و لە بەرچاو لە شوێنی گشتی و شوێنی هاتوچوو کارێکی حەرام ئەنجام بدات، جیا لە سزای کردارەکە ماوەی ١٠ ڕۆژ هەتا ٢ مانگ بەند یان هەتا ٧٤ قامچی سزا دەدرێت و لە حاڵەتێک ئەگەر کارێک بکات کە خودی ئەو کردارە سزای نەبێت، بەڵام شەرەفی گشتی بریندار بکات، تەنها بە بەندکردنی ١٠ ڕۆژ هەتا ٢ مانگ یان ٧٤ قامچی سزا دەدرێت.

تێبینی: ژنانێک کە بەبێ حیجابی شەرعی لە شوێنە گشتییەکان بەدەر دەکەون، بە بەندکردنی ١٠ ڕۆژ هەتا ٢ مانگ و یان ٥٠ هەتا ٥٠٠ هەزار ڕیال سزای نەختی سزا دەدرێن."[١]

بە پێی ئەسڵێکی بنەمایی کە لە هەموو جیهاندا باوە، دەبێت یاساکان بە پشت بەستن بە دەستووری ئەو وڵاتە دەربکرێن. بەڵام سەبارەت بە یاسای حیجاب پێویستە بڵێین:

« لە دەستووردا ڕاستەوخۆ باسێک لە یاسای حیجاب نەکراوە و لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەک، نابێت لەگەڵ بەندەکانی دەستوور دژیەکی هەبێت، ئەم گومانە دێتە ئاراوە کە ئایا بە سەرنجدان بە بێدەنگی دەستوور، یاسای حیجاب، بەندێکی دژی دەستوورە»[٢]

---

١- یاسای سزای ئیسلامی ئێران، بەندی ٦٣٨

٢- سایتی دینا، مشاورە حقوقی دینا، https://www.heyvalaw.com

بەڵام پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین کە بە پێی بەندی ٧١ مەجلیسی شورای ئیسلامی، لە هەموو پرسەکان و لە سنووری دەستوور دەتوانێت یاسا پەسەند بکات و بە پێی بەندی ٧٢یش نابێت ئەو یاسایانە دژی دەستوور و ئایینزای ڕەسمی وڵات بن و دەست نیشانکردنی ئەو دژیەکیەش لە ئەستۆی شورای نیگایانە و لە بەندی ٧٣یش باسی ئەوە کراوە شیکرددنەوە و ڕاڤەکردنی یاسا ئاساییەکان لە ئەستۆی مەجلیسی شورای ئیسلامییە.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٣٩٨ (٢٠١٩) عەرەبستانی سعودی یاسای حیجابی ئێجباری هەڵوەشاندەوە و ئازادی پراکتیکی ژنانی لە بواری جل و بەرگ لەبەرکردن بە رەسمی ناسی، کۆماری ئیسلامی ئێران بووە تاقە حکومەتێک کە لەگەڵ گرووپە بنیاتگەرا نارەسمییەکان وەکو تالیبان و داعش و بوکوحەرام باوەڕی بە حیجابی ئێجباری هەیە و وەک یاسا جێبەجێی دەکات کە سزای لادان لەویش ٧٢ زەربە قامچی و بەندکردنە. ئەمەش لە کاتێک دایە کە بەپێی ئامارێک کە دامەزراوەی گومان لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوی کردەوە» لە سەدا ٧٢ی خەڵکی ئێران دژی حیجابی ئێجبارین. لەبەرامبەردا ١٥٪ باوەڕیان بە حیجابی ئێجباری هەیە. لە سەدا ٥٨٪ بە هیچ شێوەیەک باوەڕیان بە حیجاب نییە و لە بەرامبەریشدا ٢٦,٦٪ باوەڕیان بە حیجاب هەیە.»[1]

سەبارەت بە گەشتی ئێرشاد و چۆنیەتی چالاک کردنی ئەو گەشتە بە چ شێوەیەک چالاک کراوە و چ ئەرکێکی کەوتۆتە سەرشانی، دەتوانین بڵێین:

---

١- سایت گمان، نظرسنجی درباره حجاب https://gamaan.org

گەشت ئێرشاد بە ناوی ڕەسمی پرۆژەی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی  پرۆگرامی جێبەجێ کاری هێزە پۆلیسیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە  لە ئاراستەی پەسەندکراوی ئەنجومەنی باڵای  شۆڕشی کولتوری لەژێر ناویی «پرۆژەی گشتگیری عەفاف» جێبەجێ کراوە. ئەم پرۆژەیە لەلایەن بەرپرسانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامییەوە پشتیوانی کرا. فەرماندەی پێشووی هێزە پۆلیسەکانی تاران بە ناوی ئەحمەد ڕەزا ڕادان لە ساڵی ١٣٨٦ (٢٠٠٧) ئەم پرۆژەی بە "خەبات لەدژی بەدحیجابی و لات و خوێڕییەکان" وێنا کرد.[١]

لەلایەکی دیکەوە ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم فەرماندەی پێشووی هێزەکانی پۆلیس ڕایگەیاند، پێکهێنانی گەشتی ئێرشاد لەسەر بنەمای  پرۆژە یاسایەکی پەسەندکراو بووە، کە لە دوایین ڕۆژەکانی چالاکی حکومەتی سەید محەمەد خاتەمی  لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتوری پەسەند کراوە و لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی  مەحمود ئەحمەدی نەژاد جێبەجێ کرا. کەوایە یاسای پێکهێنانی گەشتی ئێرشاد لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ڕێفۆرمخوازاندا پەسەند کراوە، کە خودی ئەمەش گومان لەسەر ئەوە دروست دەکات کە ئایا ئەو ڕەوتە ڕێفۆرمخواز بوون کە یاسایەکی وەهایان پەسەند کردووە؟

لە هاوینی ساڵی ١٣٨٥ (٢٠٠٦) بەرپرسانی پۆلیسی ئێران سەرەتای چالاکی گەشتی ئێرشادیان ڕاگەیاند و گوتیان ئەم گەشتانە تەنها ئەرکی ئامۆژگاری کردنی کەسانی بێ حیجابیان لە

---

١- نسخه ارشيو شده مردمک، سردار رادان: به دور از حاشيه به دنبال اجرای قانون هستيم https://mardomak.online/story/53745/

ئەستۆیە. چەند مانگ دواتر ئەم شێوازەی کار گۆڕا و بەرپرسانی هێزە ئێنتزامییەکان ڕایانگەیاند ژمارەیەک لە ژنانیان دەستگیر کردووە. دوای ئەوە پرۆژەی جیاوازی « ئاسایشی کۆمەڵایەتی» لە ناوچە جیاوازەکان بە تایبەتە سەیرانگاکان جێبەجێ کرا.

بنیاتنانی گەشتی ئێرشاد دەکرێ لە چەندین ڕەهەندەوە بخوێندرێتەوە. یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە دەتوانین خوێندنەوەی بۆ بکەین ڕەهەندی ئابووری ئەو لە سەر بودجەی ئێران و بەراورد کردنی بە شوێنەکانی دیکەیە. لە ساڵی ١٣٨٧ (٢٠٠٨) ساڵێک دوای خستنەگەڕی پرۆژەکە، هێزەکانی ئێنتزامی ڕایگەیاند ١٠٣ ملیار بودجە بۆ ئەم پرۆژە تەرخان کراوە. «لە ساڵی ١٤٠١ بودجەیەکی هەزار ملیار تومەنی بۆ لەبەرچاو گیراوە لە کاتێکدا بودجەی زانکۆی شەریف ٦٨٤ ملیار، ناوەندی پەروەردەی فیکری منداڵ و مێرمنداڵان ٤٥٠ ملیار تمەن، ڕێکخراوی فریاگوزاری خێرای وڵات ٣٩٥ ملیار تمەن بەراورد کراوە.»[١]

سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژە یاسایە لە لایەن ئێرانەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە زیانێکی زۆری دا لە پیشەسازیی جلوبەرگ لە ئێران و گەڕاندنەوەی بەشێکی زۆر لەو جلانەی کە هەناردەی ئێران کرابوون و نەدەفرۆشران. بە مانایەک بەتەواوی ئەو بەشە لە پیشەسازیی جلوبەرگ کە کاری لەسەر جلوبەرگی ژنان دەکرد بەرتەسک کردەوە و یەک ڕەنگی دەکرد و بڕستی ململانێی ئابووری و چۆنیەتی بەرهەمەکانی نزیک بە سفر دەکردەوە.

١ – شناسنامه قانون، لایحه بودجه١٤٠١ کل کشور https://shenasname.ir

سەردار عەلی ڕەزا ئەکبەر شاهی فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای تاران ( نیوەی خوردادی ١٣٨٧) (نیوەی حوزەیرانی ٢٠٠٨): «باسی دەستگیرکردنی ١٠٩٨ ژن بە هۆی جلوبەرک و ناردنی ١١٤ کەس بۆ دادگا و دەستگیرکردنی ٨٣ کەس بە هۆی میوانی و شادییەوە ڕاگەیاند.»[١] هەروەها فەرمانگەی ئێرشادی کرمانیش کەڵک وەرگرتن لە ڕەنگەکانی سپی و زەرد و سوور بۆ ژنان لە فەرمانگەکانی سەر بەو فەرمانگە قەدەغە و ئەو ڕەنگانەی بە جلّف ناو هێنا.

لەلایەکی دیکەوەو ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران لە ڕاپۆرتێک ئەم پرۆژە یاسای بە ناسەرکەوتوو هێناوەتە ئەژمار و هۆکاری ئەوەشی بە گرنگی نەدان بە خواستی خەڵک زانیوە و ئەنجامەکانی گەشتی ئێرشادی بە نەرێنی ناوهێنا و بەرهەڵستکاری هۆی پرۆژە یاساکەی کردووە. ئەنجامی ئەم کارە گەیشتە ئاستێک کە لە ٩ی موردادی ١٣٩٩ (٣٠ی تەمموزی ٢٠٢٠) قاسم ڕەزایی جێگری فەرماندەی هێزی سەربازی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری عەلی خامنەیی لە پارێزگای ئێسفەهان ڕەخنەی لەو ناوەندانە گرت کە هاوکاری هێزی سەربازی ناکەن و پەیوەندیدارن بە بابەتی ئاسایشی ئاکارییەوە .

پەسەندکردن و جێبەجێ کردنی یاسای ئێجباری حیجاب لە ئێران، جیا لەوەی کە ئایا پرۆژەیەکی سەرکەوتووە بووە بۆ حکومەت یان خود پرۆژەیەک بووە کە کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵکی زۆرتر کردووە؟ بابەتێکە کە پێویستی بەوەیە لە

١- سایت مدرسه فمینیستی
https://www.feministschool.com/spip.php?article711

چەندین لایەنەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لێرەدا ئێمە ئەم بابەتە لە سێ گۆشە نیگاوە سەیر دەکەین. یەکەم قوڵکردنەوەی پرسی سەغیربوون و ویلایەت دووەم، بەندکردنی جەستە و بە گشتی کردنی جەستە. سێیەم بەندکردنی ئاوەزی پیاو.

### قوڵکردنەوەی پرسی سەغیربوون و ویلایەت

پرسی سەغارەت و ویلایەت، بابەتێکی قوڵی هزری سیاسییە کە هەوڵ دەدات لە هەموو ئاست و بوارە سیاسییەکان بە پشت بەستن بە ئاستی ئازادی و ویستی خەڵک و چۆنیەتی کارکردی حکومەت ئاستی سەغارەت و ویلایەت لە نێو کۆمەڵگایەکدا دەست نیشان بکات. بێگومان کاتێک ئازادییە تاکەکەسییەکان و دیموکراسی لە وڵاتێک بەرتەسک دەکرێتەوە ئەوا ویلایەتی دەسەڵاتداران هەڵدەکشێت و سەغارەتی خەڵکیش زۆرتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە کاتێک ئاستی ئازادی لە هەموو بوارەکان زۆر ببێت، ئەوا ویلایەت کەم دەبێتەوە و سەغارەتیش دادەکشێت.

بەرهەڵستکاربوونی سەغارەتێک کە دەسەڵاتی سیاسی بەسەر خەڵکدا دەیسەپێنێت، بەستراوەتەوە بەوەوە خەڵک چەندە لە ئازادیی خۆیان تێدەگەن و چۆن دەتوانن لە بەرامبەر ئەم ویلایەت و سەغارەتدا هەڵویست بگرن. ڕوون و ئاشکرایە کە پرسی سەغارەت و ویلایەت لە بواری کۆمەڵناسییەوە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە پێکهاتەی کۆمەڵگاوە و بەشێکی زۆریشی بەستراوەتەوە بە عەقلانیەتی خەڵکەوە. بەڵام لە هەموو ئاستێک و لە هەموو قۆناغێکدا دەسەڵاتداران پرسی سەغارەت و ویلایەت

به شێوازی جیاواز و به ئامراز و فیکری جیاوازەوە جێبەجێ دەکەن بۆ ئەوەی خەڵک لە بەرامبەر دەسەڵاتیان ڕانەوەستن.

کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران ژنان لە مافە سروشتییەکانیان بێبەش دەکات و بە پێی دەستوور ئەوان لە مافەکانیان بێبەش دەکات، ئەوا ڕێک ئەوان سەغیر دەکات و دەیەوێت ویلایەتی خۆی بەسەریاندا بهێڵێتەوە. کەوایە یەکێک لە ئەمرازەکانی مانەوەی سەغارەت و ویلایەت یاسای حیجاب و گەشتی ئێرشادە.

لەم گۆشە نیگایەوە بوونی گەشتی ئێرشاد و یاسای حیجابی ئێجباری بە مانای ئەوەیە کە ژن بوونەوەرێکی سەغیرە و ناتوانێت خۆی دەست نیشانی بکات بە چ شێوەیەک ڕەفتار بکات و پێویستە بە پێی یاسا چۆنیەتی ڕەفتاری ڕێکبخرێت. ئەمەش دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە ژن بەتەواوی لە خۆی وەک مرۆڤێک نامۆ دەکات و بەردەوام خۆی بە شوێنکەوتوو دەزانێت کە پێویستی بە ویلایەت لە ئاستە جیاوازەکان هەیە. جێبەجێ کردنی ویلایەت لەسەر ژنان لە ڕێگەی گەشتی ئێرشادەوە، بە دیوەکەی دیکەی سەغیرکردنی پیاویشە و دۆخێک دێنێتە ئاراوە کە پێویست دەکات دەسەڵاتدار وەک وەلی خۆی پێشانی کۆمەڵگا بدات.

لێرە چەمکێکی پێناسەنەکراو **عفەتی** گشتی لە یاسای حیجابدا زۆر بەکار دێت، بەکارهێنانی ئەم چەمکەش بابەتێکی دیکەی هەیە کە ئەگەر لە گۆشەنیگای سەغارەت و ویلایەتەوە سەیری بکەین، دەسەڵاتداران بە کۆمەڵگا دەڵێن ئێمە بەهۆی ئێوەوە یاسای حیجابی ئێجباری جێبەجێ دەکەین بۆ ئەوەی عفتتان نەڕوشێت. بە مانایەکی دیکە خودی عیفەتیش دەکەنە بابەتێک بۆ مانەوەی

دەسەڵات و پەرەپێدان بە ویلایەتی خۆیان. بەڵام کۆمەڵگاش وەها تووشی سەغارەت دەبێت کە نازانێت عیفەت بابەتێکە بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت و پاراستنی عیفەت بابەتێک نییە کە لە چوارچێوە ئەرکە سروشتییەکانی حکومەتدا جێگایەکی هەبێت، بەڵکوو دەبێتە بابەتێکە کە بارکراوەتە سەر ئەرکەکانی حکومەت.

### بەندکردنی جەستە و به گشتی کردنی جەستە

هەموو مرۆڤەکان جەستەیان هەیە و جەستەش تەنها بابەتێکی فیزیایی نییە. بەڵکوو جەستەی مرۆڤ بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ لە ڕێگەی جەستەوە دەتوانێت پەیوەندییەکانی ڕێک بخات و بوونی خۆی لە نێو کۆمەڵگادا بسەلمێنێت. چەندە جەستە ئازاد بێت ئەوا ئازادی کۆمەڵایەتی تاکیش زیاتر دەبێت و چەندە جەستە بە بەهانەی جۆراوجۆر بەند بکرێت، ئەوا ئازادییەکانی تاک وەک مرۆڤ کەمتر دەبێت. ( هەڵبەتە لێرە ئازادی جەستە بە مانای ئەنجامدانی ڕەفتاری دژەنۆرم نییە).

لەو بارەیەوە ئەنتۆنی گیدێنز دەڵێت: « هەموو مرۆڤەکان جەستەیان هەیە، بەڵام ئەم جەستە لە دەرەوەی پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان نییە. جەستەی مرۆڤ بە شێوەیەکی قوڵ لەژێر کاریگەری ئەزموونی ئەو لە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانە و لە ڕێگای ئەوەوە بیچم دەگرێت. کارلێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی جەستەدا بیچم دەگرێت، واتە هەڵگری مرۆڤێکی مادییە کە کەڵک لە جەستە وەربگرێت و زمانی جەستە و حاڵەتی جەستەی ئەوانیتر دەخوێنێتەوە و جیهان وەک ژینگەیەکیی مادی و

هەروەها واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی لێ تێدەگات.»[1] کە وابێت، پرسی جلوبەرگ بە شێوەیەکی گشتی بابەتێکە کە پەیوەندی بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە. بێگومان چۆنیەتی جلوبەرگ لەبەرکردن، پەیوەندی بە کولتوری کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە هەیە. جیا لەوەش ئەمڕۆ پرسی جلوبەرگ جیاواز لە ڕەهەندی بازرگانی ئەو، هێمایەکە بۆ ئەوەی ڕوانگە و بۆچوون و هەڵویست و ئایدیۆلۆژیای ئەو کەسە پیشان بدات کە لەبەری دەکات. کەوایە لە کۆمەڵگای ئازاددا چۆنیەتی جل لەبەرکردن دەبێتە بابەتی مافی تاکەکەسی و کەسانی دیکە ناتوانن دەست نیشانی بکەن کەسێک چی لەبەر بکات. بەڵام لە کۆمەڵگا داخراوەکان و پشت بەستوو بە سەغارەت هەمیشە دەست نیشانی جۆری جلوبەرگی ئەندامانی کۆمەڵگا دەکرێت.

پیشتر باسی ئەوەمان کرد کە جلوبەرگ هێمای ڕوانگە و ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونی تاکە. لە کۆمەڵگایەک کە سەغارەت و ویلایەت گەیشتۆتە ترویکی خۆی، ئەوا دەبینین هەر جۆرە جلوبەرگێک پێچەوانەی ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەست نیشان کراوە، پیشاندەری بەرهەڵستکاری و دژایەتی دەسەڵات و دەرکەوتنی ئازادییە. بە گەیشتنە ترویکی ویلایەت ئەوا سیستەمی مێگەلی سەرهەڵدەدات و دەسەڵاتدار دەیەوێت کۆمەڵگا بە شێوەی مێگەل و یەکڕەنگ بەرەو پێشەوە بەرێت. کەوایە جلوبەرگی بۆ دەست نیشان دەکات.

بە دەست نیشان کردنی جلوبەرگ، جەستەی تاکەکان دەخرێتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە و ئەمەش ئەو چوارچێوەیەیە کە دەسەڵاتداران دەیانەوێت لە ڕێگای ئەوەوە هێما و ئایدیۆلۆژیا

١- گیدنز، انتونی، (١٣٩٥) جامعە شناسی، ترجمە هوشنگ نايبی، تهران، ایران، نشر نی.

و ڕوانگەی خۆیان پیشان بدەن. لەم دۆخەدا کە جەستەی تاک دەخرێتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتەوە و تاک بە تەواوی سەغیر دەکرێ و ویلایەت دەگاتە تروپک، شتێک بە مانای جەستەی تاک بوونی نامێنێت و ئەوەی هەیە جەستەیەکی گشتییە.

جەستەیەک دێتە ئاراوە کە هەمووان ڕواڵەتێکیان دەبێت، ڕەنگێکیان دەبێت، سیمایەکیان دەبێت و بە یەک شێوازیش دەبنە تابلۆی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدار. ئیدی لێرە فرەڕەنگی دەسڕێتەوە و هەر جۆرە لادان یان گۆڕانکارییەک دژی ئەو یەک جەستەییە دەبێت و تابلۆی دەسەڵاتدار دەڕوشێنێت. بە ڕوشاندنی تابلۆی دەسەڵاتداریش باسی عیفەت و شەرافەتی کۆمەڵگا دێتە ئاراوە.

پرسی حیجابی ژنیش لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا، بەتەواوی لەم چوارچێوە دایە. کاتێک ژنانی ئێران جۆرێک جلوبەرگ لەبەر دەکەن کە پێچەوانەی جەستەیەکی گشتییە کە دەسەڵاتدار پێناسەی کردووە، ئەوا یاسای گشتی ئێرشیاد پەسەند کرا و بە شێوەیەکی توند ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. بەڵام ئەمە بە سەرکوتکردن کۆتایی نەهات بەڵکوو بووە ململانێیەک کە بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی ئیدی ژنان بە دەیان جۆر دژی ئەو جەستە گشتییە ڕاوەستان و دەیان کەسیان دەستگیر و بەندکران. ئەم خەباتە گەشەی کرد و بە هۆی شۆڕشی ژینا تەقییەوە.

### سێیەم: بەندکردنی ئاوەزی پیاو

ڕەنگە زۆر کەس لەو باوەڕەدا بن کە حیجابی ئیجباری تەنها کاریگەری لەسەر ژنان هەیە، بەڵام بە ڕاستی ئەوەی ڕوون و

ئاشکرایە ئەوەندەی پیاوان تووشی دۆگماتیزمی فیکری و ئاکاری دەکات، ئەوەندە ژنان تووشی ئەو دۆگم بوون ناکات. ئەگەر ژنان بە بچوکترین ڕەفتاریش ڕووبەڕووی یاسای حیجابی ئێجباری ببنەوە بە شێوەیەکی لە شێوەیەکان تووی شۆڕشگێڕی لە دژی ئەو یاسایە دەچێنن. بەڵام پێویستە بزانین پیاوان بە چ شێوەیەک لەم ڕێگایەوە تووشی دۆگم بوون دەبن.

کاتێک بوون و نەبوونی حیجاب دەبێتە تاقە پێوەری کۆمەڵایەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکاری ژنانی کۆمەڵگا، پیاوان چ لە ڕۆڵ و پێگەی برا، مێرد، باوک هەوڵ دەدەن ژنانیان ناچار بکەن لەگەڵ ئەو پێوەرەدا خۆیان بگونجێنن. لێرەوەیە کە عەقڵ و ئاوەزی پیاو تەنها وێنەیەک بۆ پاک بوون دەبینێت ئەویش ئەو وێنەیە کە کۆمەڵگا و یاسا دەست نیشانی کردووە، لێرەوەیە کە هەموو توانایی پیاو لە هەر پێگەیەک بۆ ئەوەی کارێک بکات ژنانی دەوروبەری بە پێی پێوەری کۆمەڵایەتی ڕەفتاری بکەن. بەڵام ئەم دۆگم بوونە هەمیشە ناتوانێت بەسەر سەرتاسەری کۆمەڵگادا زاڵ بێت. بۆیە دەبینین دوای ماوەیەک پیاوان یان ماندوو دەبن یان خود پێوەری دیکەی کۆمەڵایەتی بۆ ئاکار دەبیننەوە و ئیدی لێرەوە ئەو تووی ژنان وەک ناڕەزایەتی چاندبوویان چرۆ دەکات. ئەمە لە ئێراندا بەڕوونی دیارە.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و بەگەیشتنە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەتا چەند ساڵێک دوای شەڕیش تەنها پێوەری کۆمەڵایەتی حیجابی ئێجباری بوو دواتر کەم کەم ژنان تووی ناڕەزایەتییان چاند و دوای ئەویش پیاوانیش ئەو پێوەورەیان شکاند.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر حیجابی ئێجباری جەستەی ژنان دادەپۆشێت، بەڵام ئاوەزی پیاوانیش دادەپۆشێت بە تایبەت ئەو کاتەی پیاوانی ئایینی حیجاب وەک بابەتێکی ئایینی فەرزکراو بانگەشەی بۆ دەکەن. ئیدی لێرەوە  ئەرکی پیاو دەبێتە جێبەجێ کردن و سەرکوت کردنی ژن.

## کورتەمێژووی بزوتنەوەی ژنان لە ئێراندا

ڕێپێوانی بەرفراوانی ژنان لە یەکەمین ٨ی  مارسی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕەشەمەی ١٣٥٧ (١٩٧٩) ڕەنگە یەکەمین پەرچەکرداری بەشی مۆدێڕنی کۆمەڵگای ئێران دژ بە دەسەڵاتداریەتی دۆفاکتۆی ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتەدا بووبێت. ئەم ڕێپێوانە گەورەیە رەنگدانەوەیەکی هەواڵی بەرفراوانی جیهانی بەدواوە بوو، بە تایبەت لە نارەزایەتی لە بەرامبەر وتەکانی ئایەتوڵڵا خومەنی لە هەڵوەشاندنەوەی یاسای پشتیوانی لە خێزان و حیجابی ئێجباری لە فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان بە ڕێوە چوو.  دەرگیر بوونی ئێران لە شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق و سەرکوتکردنی سیستەماتیکی بەرهەڵستکاران و ڕەخنەگران و شکست هێنانی ڕۆشنبیران لە کەشی « پۆست شۆڕشگێڕی» قۆناغێک لە متبوونی بەسەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سەپاند. هەر لەو ماوە زەمەنییەدا، حکومەتی ئیسلامی توێژگەلێکی بەرفراوان لە ژنان لە ماڵ هێنا دەر و هێنا نێو کۆمەڵەوە. ئیسلامی بوونی کۆمەڵگا بۆ ژنان و کچانێک کە پێشتر بە هۆی نەبوونی متمانەی خێزانە نەریتییەکان ئێزنیان پێ نەدەدرا بچنە نێو دامەزراوە مۆدێڕنەکانەوە، دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بە ئامادەبوون

له‌ قوتابخانه‌ و زانکۆ و به‌شه‌داری له‌ نێهزه‌تی سه‌واد ئاموزی و دامه‌زراوه‌کانی دیکه‌دا و زیاتر له‌ پێشوو بێنه‌ نێو کۆمه‌ڵه‌وه‌.

به‌ کۆتایی هاتنی شه‌ڕی هه‌شت ساڵه‌ و له‌ دوایین ساڵه‌کانی ده‌یه‌ی شه‌ست، بزوتنه‌وه‌ی نان له‌ ئێران له‌ ده‌وری گۆڤاری وه‌ک مانگنامه‌ی " ژنان" سه‌ریهه‌ڵدایه‌وه‌. هه‌ر لێره‌وه‌یه‌ که‌ ژماره‌یه‌ک له‌ که‌سانی ئاکادیمی خۆرئاوایی له‌و باوه‌ڕه‌دان فمینێزمی ئیسلامی له‌ ئێرانه‌وه‌ سه‌ریهه‌ڵداوه‌ و بزوتنه‌وه‌یه‌که‌ که‌ خوازیاری یه‌کسانی مافی ژن و پیاوه‌ له‌ چوارچێوه‌ی ئاینی ئیسلام دا.

به‌رفراوانبوونی بزوتنه‌وه‌ی ژنان له‌ ساڵه‌کانی ٧٠ و ٨٠ی هه‌تاوی، بووه‌ هۆی پارچه‌ پارچه‌ بوونی ڕێبازه‌ فکری و کرداره‌کانی مافی ژنان و به‌ویشه‌وه‌ خۆپێشاندانی ٢٢ی خوردادی ساڵی ١٣٨٥ و هاوکاتی ئه‌وه‌ پێکهێنانی که‌مپینی یه‌ک ملیۆن واژۆ، ده‌کرێت خاڵی لوتکه‌ی قۆناغی بزوتنه‌وه‌ی ژنان بێت.

سێ ساڵ دواتر به‌شێکی به‌رفراوان له‌ چالاکانی بزوتنه‌وه‌ی ژنان، چالاکییه‌کانی خۆیان بۆ پشتیوانی له‌ کاندیدی ڕیفۆرمخوازان له‌دژی هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی مه‌حمود ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد هێنایه‌ نێو گۆڕه‌پانه‌وه‌. له‌ قۆناغی هه‌ڵبژاردنی پشتیوانی " خواست ته‌وه‌رانه‌" ئه‌م چالاکانه‌ له‌ مه‌هدی که‌ڕوبی و میر حوسین موسه‌وی ڕاگه‌یاند. به‌ڵام له‌ خۆپێشاندانێک که‌ له‌ دژی ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردن ئه‌نجام درا هیچ دروشمێک سه‌باره‌ت به‌ مافی یه‌کسانیخوازانه‌ی ژنان نه‌درا. دوای ئه‌م ناڕه‌زایه‌تی و خۆپێشاندانانه‌ بۆ ماوه‌ی چه‌ند ساڵ دیسان بزوتنه‌وه‌ی ژنان بێده‌نگ بووه‌وه‌.

له‌ ساڵی ١٣٩٦ و له‌ کاتێکدا که‌ ناره‌زایه‌تییه‌ ئابوورییه‌کان و بژیوی ته‌نگی به‌ هاووڵاتیانی ئێران هه‌ڵچنیبوو، "ویدا موه‌حد"

لە شەقامی ئێنقلابی تاران ڕۆشتە سەر سەکۆیەکی دابەشکردنی کارەبا و لەچکی خۆی لەسەر هەڵگرت و کردیە سەر دارێکەوە. ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا پێشوازی لێکرا و بووە سەرەتای ڕەوتێک کە ماوە نە ماوەیەک دووبارە دەبووەوە.

**کورتەیەک لە کوژرانی ژینا ئەمینی:**

لە بەرواری ٢٢ شەهریوەری ١٤٠١ کچێکی سەقزی بە ناوی ژینا ( مەهسا) ئەمینی لە نزیکی ویستگەی مێتروی شەهید حەقانی تاران لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئێرشادەوە دەستگیردەکرێت و بە هۆی لێدانی هێزەکانی ئێنتزامییەوە لەنێو سەیارەی گەشتی ئێرشاد، سەری بریندار دەبێت و لە نێو هۆڵی دەستبەسەرکراوەکان بێهۆشدەبێت. ئەو چەند ڕۆژ دواتر بە هۆی قورسی برین و زەربەکانی لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران کۆچی دوایی کرد. پۆلیسی ئێران کوچی دوایی ناوبراوی بە هۆی جەڵتەی دڵ و بوونی نەخۆشی پێشوو ناوهێنا، بەڵام هەموو نیشانەکان پێشاندەری ئەوە بوون کە ناوبراو هیچ کێشەیەکی دڵی نەبووە و چۆنیەتی خەواندنی لە نەخۆشخانەش پێشاندەری ئەوە بوو کە ناوبراو زەربە لە مێشکی دراوە، لەبەر ئەوەی لە بەشی نەخۆشییەکانی دڵ داخڵ نەکرابوو و لە بەشی نەخۆشی مێشک بوو.

دوای ئەوەی ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرا کۆچی دوایی کرد ڕۆژێک دواتر بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شاری سەقز لە گۆڕستانی ئایچی ئەسپەردە کرا. دوای ئەسپەردەکردن ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان لە شارەکانی سەقز و سنە دەستی پێکرد.

دوای ئـەوەی ژینا ئـەسـپـەردە کـرا، نـاوەنـدی هـاوکـاری حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و کەسایەتییەکان داوای مانگرتنی سەرتاسەرییان ڕاگەیاند کە سەرتاسەری خۆرهەڵات پێشوازییان لێکرد و مانیان گرت. هاوکات لە ڕۆژی مانگرتنیشدا هەمان ناوەندی داوای کرد خەڵک نارەزایەتی خۆیان لەبەرامبەر کوشتنی ژینا دەرببڕن و بەردەوام بن لەسەر نارەزایەتییەکان کە ئیدی لەو ساتەوە خۆپیشاندانی بەرفراوان لە شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد. هاوکاتیش خوێندکارانی کـورد لـە زانکۆکانی ئێران و بە تایبەت تـاران و ئێسفەهان نارەزایەتی خۆیان دەست پێکرد، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نارەزایەتی سەرتاسەری شارەکانی ئێران بگرێتەوە و بگاتە ئاستێک لە ڕۆژێکدا لە ٣٥٠ شاری ئێران خۆپیشاندان بکرێت و لە خۆپیشاندانەکانیش چەندین کەس شەهید بوون و هەزاران کەسیش بریندار و دەستگیر کران.

لەلایەکی دیکەوە لە بەلوچستان بە هۆی ئەوەی فەرماندەیەکی پۆلیس ساڵێک پێشتر دەستدرێژی کردبووە سەر کچێکی پانزە ساڵان کۆمەڵگای بەلوچ هەژا و جیا لە کوشتنی ئەو فەرماندە لە دوای نوێژی هەینی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە تەقەیان لێکرا و زیاتر لە هەشتا کەس لەو شارەدا کوژران کە ئەو هەینییە بە هەینی ڕەش ناوبانگی دەرکـرد. ئەمەش بـووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای بەلوچی ئێرانیش بە شێوەیەکی شێلگیرانەتر بێنەوە نێو گۆڕەپانەکە و بتوانن یەکگرتوو بن.

پێویستە ئەوەش بڵێن کە جیا لە کوردستان و بەلوچستان، لە نزیکەی سێسەد شاری ئێران خۆپیشاندان دەستی پێکرد و

نزیکەی  سەد ڕۆژ درێژەی کێشا ( هەڵبەتە مەبەست لە نووسینی سەد ڕۆژ تەنها ئاماژەپێدانیەتی هەتا نووسینی ئەم بابەتە، لەبەر ئەوەیی ئێستاش ئەو خۆپێشاندانانە بە شێواز و فەرمی دیکە بەردەوامە)

**گشتگیر بوونی شۆڕشی ژینا:**

ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بە گشتگیر بوونی شۆڕشی ژینا لە ئێراندا هەیە. هەر کەسەو لە دیدی خۆیەوە سەیری ئەم بابەتە دەکات. هەندێ کەس  هۆکاری پرسی ژن بە گشتگیربوونی دەزانن و لەو باوەڕەدان کە ژنان توانییان ئەم شۆڕشە گشتگیر بکەن. بەڵام  ئەم ڕوانگە ڕووبەڕووی پرسیارێکمان دەکاتەوە، کە بۆچی کاتێک کچان  و کوڕان لە تاران و ئێسفەهان و شارەکانی دیکە و لە ساڵانی پێشوو دەکوژران، نەیانتوانی هەڵویستی خۆیان گشتگیر بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە هۆکارێکی دیکەی گشتگیر بوونی ئەم شۆڕشە لەبەرچاو بگرین. ئەویش کوردە.

مەسیح عەلی نەژاد لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئێران ئێنتەرناشنالدا دەڵێت: " کاتێک ژینا کوژرا، کوردستان نارەزایەتی دەربڕی و پشتیوانییان لە ژنانی خۆیان کرد و خاوەنداریەتییان لە ژنەکانیان کرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژنانی ئێران چاویان بکرێتەوە و پیاوانی دیکەی ئێرانیش غیرەت بیانگرێت و و پشتیوانیلە  ژنانیان بکەن."[1] ئەمە بە مانای ئەوەیە

1- https://www.google.com/search?q=%D9%85%D8%B3%DB%8C%D8%AD+%D8%B9%D9%84%DB%8C+%D9%86%DA%98%D8%A7%D8%AF&tbm=vid&ei=3jziY8TsJvGfkdUPgqG7-A8&

که کوردستان و پشتیوانی کردنی پیاوانی کورد له ژنانیان له بواری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی لەسەر کۆی گشتی کۆمەڵگای ئێران داناوە. بە مانایەکی دیکە، کاتێک ژینا شەهید کرا، کۆمەڵگای کوردی گەیشتە خاڵی کۆتایی، گەیشتە ئەو خاڵەی که ئیدی پێویستی بوو کۆتایی بە هەموو جۆرە هەڵاواردنەکان بێنێت و جیا لەوەش هەموو هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە کۆمەڵگای کوردی یەکیان گرتبوو و بە کوژرانی ژینا ڕێگەی دەربازبوونی و تەقینەوەی بینیەوە.

هۆکارێکی دیکە لە کوژرانی ژینا ئەمینی و گشتگیرکردنی نارەزایەتییەکان ئەوەیە کە سێ گرووپی گەورەی پەراوێزخراوی ئێران کە ژنان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران جیا لە فارسەکان بوون پێکەوە بەستەوە و جیا لەوەش لەو یەک بەستنەوەدا گەنجان ببنە هێزێکی سەرەکی و ئەوانیش کە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەتەواوی بێبەش کرابوون بێنە نێو ڕیزی خەباتەوە و لە ئەنجامدا نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ژنان و گەنجان یەک بگرن و لە دژی ئەو سیستەمە هەڵاواردنە ڕاپەڕن.

زۆر کەس ئەم حاڵەتە بە یەکێتی سیاسی ناودێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە یەکێتی سیاسی نییە، بەڵکوو یەکێتیی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر ئامانجێک کار دەکات. بە مانایەکی دیکە یەکێتییە لە سەر ئەوەی بێبەش بوون و پێویستە بگەنە ئامانجی هاوبەشیان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەستەبەرکردنی مافەکانیانە. بۆیە ئەم یەکێتییە جیاوازە لەو یەکێتییە کە چەندین لایەنی سیاسی

---

start=10&sa=N&ved=2ahUKEwjE07DqrYP9AhXxT6QEHYLQDv8Q8tMDegQIDhAE&biw=1366&bih=625&dpr=1#fpstate=ive&vld=cid:2e581b9b,vid:vwHcH3qOoJk

لەسەر خاڵی هاوبەش و پرۆگرامی هاوبەش بە ئامانج و ئەرکی دیاریکراوەوە جێبەجێی دەکەن و بۆ نموونە لەبەرەیەکی سیاسیدا کۆدەبنەوە. ئەم یەکێتییە، ڕابوونە دژی ستەم و چەوساندنەوە. بۆیە جیا لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ ئەرکێکی لەبەرامبەر یەکتر دەست نیشان نەکردووە. ئەمە ئەو واقعیەتەیە کە لە ناوخۆی ئێران هەیە.

## بەشی سێیەم:

# هۆکارەکانی شۆڕشی ژینا

## پێشەکی

ڕوون و ئاشکرایە بەبێ ئاگادار بوون لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان یان ڕوودانی هەر کردارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناتوانین بەپێی پێویست لە خودی ئەو کردارە تێبگەین. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەست نیشانکردنی هۆکارە سەرەکی و لاوەکییەکان یارمەتیدەر دەبێت بزانین چ هۆکارگەلێک ڕۆڵیان لە شۆڕشێکدا هەیە. هەڵبەتە ئەوەشمان لەبەرچاوە کە بە هۆی دەگمەنی و تایبەت بوونی شۆڕش وەک دیاردەیەکی سیاسی بە پێی کات و شوێن و هۆکارەکانی چۆنیەتی شۆڕشەکە جیاواز دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارانەی کە لە شۆڕشێکدا ڕۆڵیان هەیە ڕەنگە لە شۆڕشێکی دیکە ڕۆڵ نەگێڕن یان خود ئەوەندە کاریگەر نەبن کە هۆکاری سەرەکی بن. جیا لەوەش ئەگەر لە وڵاتێک دوو جار شۆڕش ڕووبدات بۆ نموونە وەکو ئێران کە شۆڕشەکانی مەشروتە (دەستووری) و شۆڕشی ١٩٧٩ و ئێستاش شۆڕشی ژینا ڕوویانداوە، دەبینین بە هۆی کات و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گۆڕینی سیستەمی سیاسی و چۆنیەتی ڕەفتاری ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ڕوودانی شۆڕش هەمان ئەو هۆکارانە نین کە لە شۆڕشەکانی پێشوودا ڕوویاندا. ئەگەر لە شۆڕشی مەشروتە ئاشنایی لەگەڵ مۆدێرنیتە و پێویستی کۆمەڵایەتی شۆڕشی مەشروتەی هێنا ئاراوە، ئەوا شۆڕشی ١٩٧٩ بەتەواوی هۆکارەکانی جیاوازن. لەبەر ئەوەی دەبینین ئەم شۆڕشەی ١٩٧٩ هۆکارەکانی زۆرتر ئابووری و هەژاری و بەمانایەکی دیکە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی خاوەنداریەتی زەوی لە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣)ی ئێران بوو. لەبەر ئەوەی گۆڕانکاریی خاوەنداریەتی زەوی کشتوکاڵی فۆرماسیۆنی

کۆمەڵگای گۆڕی و خواستی نوێ و جیاواز و تێڕوانینی نوێ سەریانهەڵدا. خاوەندارانی زەوی کە زۆربەیان لە توێژی پیاوانی ئایینی بوون و بەشێک لەو شۆڕشەیان پێکدەهێنا و بۆ پاراستنی ئەو فۆرمە لە دەسەڵاتداریەتی یان خود بۆ مانەوە لە دەسەڵات بە فۆرم و شێوازێکی نوێ هاتنە نێو گۆڕەپانەوە و لە دژی هەموو هەوڵەکانی سیستەم بۆ مۆدێرنیتە کردن یان لایەنە سیاسییەکانی لایەنگری گۆڕانکاری مۆدێڕنە دەست بەکار بوون.

بۆیە پێش ئەوەی بۆچوونێک سەبارەت بەم شۆڕشە بخەینەڕوو، ئەوا پێویستە هۆکار و تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە بخەینە بەرباس و دوایی ئەنجامێک سەبارەت بەم شۆڕشە بەدەستبێنین.

**هۆکارەکانی شۆڕشی ژینا:**

هەر ڕووداو یان ڕەفتار و کردار و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی تەنها هۆکارێک نییە. بەڵکوو ئەنجامی چەندین هۆکارە کە پێکەوە دەبنە هۆی ئەوەی ڕەفتار یان ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی ڕووبدەن. بێگومان شۆڕشی ژیناش دەرئەنجامی چەندین هۆکارە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم شۆڕشە سەرهەڵبدات. ئێمە لێرەدا نامانەوێت هۆکارەکان دابەش بکەینە سەر دوو بەشی لاوەکی و سەرەکی. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە دابەشکردنە ڕەنگە بەشێک لە هۆکارەکانمان کەمتر بخاتە بەرچاو. بۆیە هەوڵ دەدەین هۆکارەکان بەشێوەیەک پۆلێن بکەین کە بتوانن وێنەیەکی کامڵمان لەبارەی ئەو بارودۆخە پێشکەش بکەن کە باسی لەبارەیەوە دەکەین و بوونەتە هۆی ئەوەی شۆڕشی ژینا سەرهەڵبدات و جیا لەوەش لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەوە بتوانین تایبەتمەندییەکانی

دەست نیشان بکەین. لەبەر ئەوەی بەبێ ناسینی هۆکارەکان بە گشتی ناکرێت دەست نیشانی تایبەتمەندییەکانی بکرێت.

بۆ ئەوەی بتوانین دەست نیشانی هۆکارەکانی شۆڕشی ژینا بکەین و کۆی هۆکارەکانمان لەبەرچاو گرتبێت ئەوا ئێمە لە دیمۆگرافیاوە دەست پێدەکەین و دوایی هۆکارەکانی دیکە شی دەکەینەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کام یەک لە هۆکارەکان لە پێشترن، بەڵکوو بە مانای ئەوەیە کە هەموو هۆکارەکانی دیکە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە و گۆڕانکارییە دیمۆگرافیاییەکان دەتوانن دەرکەوتەی دیکە بە دووی خۆیاندا بێنن. هەر بەم هۆیەوە شێوازی دەست نیشانکردنی هۆکارەکانمان نەگرتۆتە بەر کە کار دەکەنە سەر پێکهاتەیی، کولتوری، ڕەگەزی. لەبەر ئەوەی گشت بێژییەکی زۆرتری تێدایە. جیا لەوەش گرتنەبەری دابەشکردنی هۆکارەکان بە شێوەی پێکهاتەیی، کولتور، ڕەگەزی، چەندین هۆکار لە ژێر سێبەری ناوێکی گشتی کۆدەکاتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین بە وردی باسی هۆکارەکان بکەین.

**١. گۆڕانکاریی دیموگرافی ئێران:**

گۆڕانکاریی لە ئاستی دانیشتوان بە هەر دوو شێوازی چەندایەتی و چۆنایەتی دەتوانێت کاریگەرییەکی جدی لەسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت پێکهاتە و فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی دابنێت. زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان جیا لەوەی دەتوانێت ژمارەی هێزی کار زۆر بکات، دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی بڕست لە توانایی ئابووری ببڕێت. جیا لەوەش گەشەکردنی چۆنایەتی دانیشتوانیش دەتوانێت فۆرمی ئابووری وڵاتێک بگۆڕێت.

بەوەیشەوە کە گەشەکردنی چۆنایەتی دانیشتوانی وڵاتێک یەکێک لە دەرکەوتەکانی گۆڕینی فۆرمی سیاسی وڵاتەکانە. کاتێک کۆمەڵگایەک ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی نەخوێندەوار بێت، ئەگەری ئەوەی کە بتوانن حکومەتێکی دیکتاتۆری پەسەند بکەن و خۆیان بە سەغیر بزانن و بە دووی ویلایەتی کەسێکەوە بن، زیاتر لەوەیە بتوانن سیستەمێکی دیموکراسی بنیات بنن. بەڵام کاتێک دانیشتوانی کۆمەڵگایەک لە بواری چۆنایەتیەوە گەشە دەکات ئەگەری بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی زۆرتر دەبێت و ئەگەری کرانەوەی کۆمەڵایەتی زیاترە و دەستەبەرکردنی مافەکانیش لە ڕێگای دیموکراسی و بەدوور لە توندوتیژی زیاترە.

لە ماوەی چل و سێ ساڵی ڕابردوو کە بە سەر شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی حکومەتی پاشایەتی تێپەڕ دەبێت، وڵاتی ئێران لە بواری دیموگرافیا و دانیشتوانەوە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەم گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی دانیشتوان بووەتە هۆی ئەوەی خواست و چاوەڕوانییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی حکومەتی پاشایەتی سەرکەوت، ئێران ٣٦[١] ملیۆن کەس دانیشتووی هەبوو. لە ئێستادا و بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانی خودی کۆماری ئیسلانی ئێران، «لە ساڵی ١٤٠١ (٢٠٢٣) نزیکەی ٨٤ ملیۆن و ٥٥ هەزار کەس دانیشتووی هەیە کە لەو ڕێژە ٤٢ ملیۆن و ٤٦٧

---

١- ایران قبل و بعد از انقلاب از نگاه امار، آنچه بود، آنچه هست. (٢٢ بهمن ١٣٧٩ – ١١ فوریه ٢٠١٩)

https://www.bbc.com/persian/iran-features-47192445

هەزار کەسی پیاو و ٤١ ملیۆن و ٥٨٨ هەزار کەسی ژن بوون.»[١] ئەمە بەو مانایەیە کە لە ماوەی چل و سێ ساڵی ڕابردوو ژمارەی ژنانی ئێران زیاتر لەو ڕێژەی دانیشتوانە کە لە ساڵی ١٣٥٧ لەو وڵاتەدا هەبوو. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لە سەدا ١٤ی ژنانێک کە لە ئێستا لە ئێراندا دەژین، لە دایک بووی پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ن و لە سەدا ٨٦یان لە دایکبوونی قۆناغی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانن.[٢]

بەپێی ئاماری ساڵی ١٣٥٥ (١٩٧٦) ڕێژەی دانیشتوانی شاری لەو وڵاتە لە سەدا ٣٨ بووە و لە سەدا ٦٢ دانیشتوویی گوندەکان بوون، بەڵام لە ساڵی ١٤٠٠ (٢٠٢١) ئەم ئامارە گۆڕانکارییەکی زۆری بە سەردا هاتووە و لە ٨٤ ملیۆن کەس ٦٣ ملیۆن و ٨٧٦ هەزار کەس شارنشین و ٢٠ ملیۆن و ١٧٩ هەزار کەس گوندنشین بوون.[٣]

لە ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لە ساڵی پەنجا و حەت لە ئێراندا هەبوون تەنها لە سەدا شەشیان لە زانکۆکان دەیانخوێند، بەڵام لە ساڵی ١٤٠٠ ئەو ڕێژە بۆ لە سەدا٦٥ بەرز بووەتەوە.[٤] لەلایەکی

---

١- سایت امار ایران، جمعیت ـ عمومی
http://www.amareiran.org/index.php/jm-yt-mwmy/708-jm-yt-ayran-dr-sal-1-4-0-0

٢- مرکز آمار ایران، سالنامەی آماری ایران، سال ١٣٩٨، چاپ اول فروردین ١٤٠٠، ص, ١٢٥ - ١٣٣ ( کۆکردنەوە و لێکدانەوەی سەدی لەلایەن نووسەرەوە کراوە.)

٣- ایران قبل و بعد از انقلاب از نگاه آمار،آنچه بود، آنچه هست. (٢٢ بهمن ١٣٧٩ – ١١ فوریه ٢٠١٩)
https://www.bbc.com/persian/iran-features-47192445

٤- پژوهشکده امار، گزارش های تحلیلی، نگاهی به گذشته، حال و آینده جمعیت ایران، نوشته، الهام فتحی.https://srtc.ac.ir/analytical-reports/ID/5112

دیکەوە پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین «لە ساڵی خوێندنی ١٣٩٩-١٤٠٠ (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە ئێراندا ٣١٧٣٧٧٩ خوێندکاری زانکۆ هەن کە لەمانە لە سەدا ٤٩,١٨یان ژنن واتە ١٥٦٠٠٨٦ کەسیان ژنن.»[١] ئەمە پێشاندەری ئەوەیە کە ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو کەڵک لە خوێندن وەردەگرن بۆ ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییان بگۆڕن و گەشە بکەن و لەم بوارەوە شان لە شانی پیاوان دەدەن، کە خۆی پێشاندەری گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتییە. کاتێک چاو بە ئامارەکانی ئێراندا دەخشێنین دەبینین زۆربەی ئەو ژنانەی کە بڕوانامەی زانکۆیان هەیە لە تەمەنی ٢٥ساڵ هەتا ٣٥ ساڵن و ئەمە لە حاڵەتی سروشتی بە مانای سەربەخۆبوونی ئابوورییە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێران و ئەو دۆخەی تێدایە کە دەرفەتی ئابووری بۆ ژنان کەمە، تەنها پێشاندەری گەشەکردنی خوێندنە بۆ ئەوەی ژنان لە پلەیەکی بەرزتر بتوانن دەرفەتێک بۆ خۆیان بڕەخسێنن.

بە چاوخشاندنێک بەو ئامارانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی دانیشتوانی ئێران لە ماوەی چل و سێ ساڵی ڕابردوو زیاتر لە دوو بەرامبەر بووەتەوە و گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ڕێژەی دانیشتوانی شاری و گوندنشین کراوە کە پێشاندەر گۆڕانکاریی لە خواست و تێڕوانین و کولتور و چۆنیەتی ژیانە. جیا لەوەش گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئاماری ژنان کراوە. کاتێک دەبینین ژنان زیاتر لە ٤١ ملیۆنی دانیشتتوانی ئێران پێک دێنن، بەڵام لە سەدا ٦٥ یان لە زانکۆ خوێندوویانە نیشانەی ئەوەیە، کە لە بواری بڕوانامە و ئاستی

---

١- سایت تحلیلی خبری، عصر ایران، (١٤٠١/٦/٢٧) امار دانشجویان...
https://www.asriran.com/fa/news/858426/

تێڕوانن و خواست و مافەوە گۆڕانێکی بەرچاو لە ئاستی کۆمەڵایەتی لای ژنان ڕوویداوەو کە بە هۆی نەبوونی گۆڕانکاریی لە پێکهاتە و تێڕوانینی حکومەت بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات، جۆرێک دژیەکی لە نێوان ژنان و حکومەت دروست دەبێت. ئەو حکومەتەی کە ئێستا لە ئێران لە دەسەڵات دایە بەرهەمی کۆمەڵگایەک بووە کە لە سەدا ٣٨ی شاری بوون، بەڵام ئێستا نزیکەی ٦٠ ملیۆن دانیشتووی شارەکانن ( لە ساڵی ١٣٩٨ (٢٠١٩) پەنجا و نۆ ملیۆن و ٤٦٨ هەزار و ٨٤٧ کەس دانیشتووی شارەکان بوون)[1].

بەپێی ئامارەکانی سەرەوە دەردەکەوێت جیا لە گۆڕانکاریی چەندایەتی، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی چ لە ئاستی گشتی و چ لە ئاستی ڕەگەزی لە ئێراندا ڕوویداوە، ئەم گۆڕانکاریەش ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە کۆمەڵگا و خواستەکان و هیواکانی بکەوێتە بەرامبەر حکومەتەوە ( دواتر باسی فۆرمی حکومەت و کارکردی دەکەین). باسی هیوای کۆمەڵگامان کرد، یەکێک لەو پێوەرانەی کە لە بواری دیموگرافیاوە بۆ هیوا بۆ ژیان بەکار دێت ڕێژەی هاوسەرگیرییە. چەندە هیوا بە ژیان زۆرتر بێت ڕێژەی هاوسەرگیری زیاتر دەبێت و چەندەش هیوا بە ژیان کەمتر بێت ڕێژەی هاوسەرگیری کەمتر دەبێت و کچان و کوڕان بە سەڵتی دەمێننەوە.

یەکێک لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی هیوا بۆ ژیان لە هەموو کۆمەڵگایەک ڕێژەی هاوسەرگیری لەو کۆمەڵگایەیە. کاتێک بارودۆخ لەبار بێت بێگومان ڕێژەی ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن، زیاتر و ئەوانەش کە هاوسەرگیرییان نەکردووە کەمتر

---

١- مرکز امار ایران، سالنامەی اماری ایران، سال ١٣٩٨، چاپ اول فروردین ١٤٠٠، ص, ١٣٢

دەبێت. بەڵام کاتێک بارودۆخ پێچەوانەیە ئەوا ڕێژەی ئەوانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە زیاد دەکات و ئەمەش کۆمەڵگا بەرەو تەقینەوە دەبات. «لە ماوەی بیست ساڵدا واتە ١٣٧٥ هەتا ١٣٩٥ (١٩٩٦–٢٠١٦) ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ئێراندا هاوسەرگیرییان نەکردووە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە. لە ساڵی ١٣٧٥ لە نێو پیاوان لە سەدا ٠,١ و لە نێو ژنان لە سەدا ١,١ هاوسەرگیرییان نەکردووە و بەڵام لە ساڵی ١٣٩٥ ئەم ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە و لە نێو پیاوان دەگاتە لە سەدا ٣,٢ و لە نێو ژنان لە سەدا ٧,٣ کە ئەمە بە باشی پێشانی دەدات بێهیوایی بە ژیان لە نێو هەر دوو ڕەگەز بەرز بووەتەوە و جیا لەوەش لە نێو ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.»[١]

١–

**خشتەی٢ - ڕێژەی سەڵتبوون بە پێی ڕەگەزەکان و ناوچە شاری و لادێکان:١٣٧٥–١٣٩٥ (١٩٩٦-٢٠١٦**

| ساڵەکان | کۆی گشتی وڵات | | شارەکان | | لادێیەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن |
| ١٣٧٥ | ١/٠ | ١/١ | ١/١ | ١/٤ | ٠/٨٥ | ٠/٧ |
| ١٣٨٥ | ١/٤ | ١/٨ | ١,٥ | ٢/٠ | ٠/٩٧ | ١/٣ |
| ١٣٩٠ | ١/٤ | ٢/٣ | ١/٦ | ٢/٥ | ٠/٩ | ١/٧ |
| ١٣٩٥ | ٢/٣ | ٣/٧ | ٢/٤ | ٣/٧ | ١/٦ | ٣,٩ |

سەرچاوە: لێکدانەوەی نووسەر بە پێی ئەنجامە وردەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی وڵات ١٣٩٥–١٣٧٥

– پژوهشکده امار، گزارش های تحلیلی، نگاهی به گذشته، حال و آینده جمعیت ایران، نوشته، الهام فتحی.

https://srtc.ac.ir/analytical-reports/ID/5112

بەپێی ئەو ئامارانەی پێشتر باسکراو دەبینین گۆڕانێکی گەورەی دیموگرافی چ لە بواری چەندایەتی و چ لە بواری چۆنایەتییەوە لە ئێراندا ڕوویداوە. ئەم گۆڕانکاریەش پێشاندەری ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێران لە هەندێ بوارەوە گەشەی کردووە بەڵام لە هەندێ بوارەوە بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەرگیری نەکردن، دەردەکەوێت کە ئێران بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەڕوات. هەڵبەتە کاتێک بارودۆخی ئابووری ئەو وڵاتە لەبەرچاو دەگرین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم گۆڕانکارییە دیموکرافیاییە لە چ دۆخێکی ئابووری دایە و چۆن دەتوانێت گەشە بکات.

**٢. هۆکاری ئابووریی:**

بێگومان فاکتەری ئابووریی کاریگەرییەکی زۆری لەسەرهەڵدانی شۆڕش لە هەموو وڵاتانی جیهان هەیە. ئابووری ئەوەندە کاریگەریی هەیەو کە تەنانەت کەسێکی وەک مارکس ئابووری بە بنەمایەک بۆ گۆڕانکاری و شۆڕش دەزانێت و لەو باوەڕەدایە کاتێک ئاستی چەوساندنەوەی ئابووری بەرز بووەوە و گەیشتە تروپک و چینی وردەبۆرژوازی لە نێو پرولتاریادا توایەوە ئەوا شۆڕش ڕوودەدات و سیستەمی سەرمایەداری دەروخێت و سیستەمی نوێی سوسیالیستی شوێنی دەگرێتەوە. کەوایە پێویستە ئێمەش هۆکاری ئابووریی بۆ هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ژینا لەبەرچاو بگرین و لەو ڕێگاییشەوە پێشانی بدەین دۆخی ئابووری ئێران چۆنە کە شۆڕشێکی وەهای تێدا ڕوودەدات.

بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئامار پێوەری زۆر هەیە، لە هێزی کارەوە بگرە هەتا هەڵاوسان و وەبەرهێنان و بایەخی

پارە و بازاڕی دراو و هتد. بەڵام ئەو پێوەرانەی کە بناغەیین بۆ هەڵسەنگاندن ڕێژەی  بێکاریی و هەروەها هەڵاوسانە کە لەم نووسراوەدا ئێمە گرنگییەکی زۆری پێدەدەین و هەوڵ دەدەین ئاماری پێویست لەو بارەیەوە بخەینەڕوو.

بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانی ئێران، « ڕێژە هێزێکی کار کە کاریان هەبووە لە بەهاری  ساڵی ١٤٠١ لە سەدا ٢٧ بووە، بە مانایەکی دیکە تەنها لە سەدا ٢٧ی ئەو کەسانەی کە تەمەنی کارکردنیان هەبووە ( ١٥ ساڵ بەرەو سەر) لەسەر کار هەبوون. ئەمەش لە کاتێک دایە کە لە ساڵی ١٣٩٨ ئەم پێوەرە لە سەدا ٣٩,٤ بووە. ئەمە بەو مانایەیە کە لە ماوەی دوو ساڵ لە سەدا ١٢,٤ی ئەو کەسانەی کە کاریان هەبووە لە ئێراندا کاری خۆیان لە دەست داوە و بێکار بوون.»[١]

لەلایەکی دیکەوە بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانی ئێران،  «ساڵانی پێشوو نزیکەی سەدا ١٤ی ژنان  لە ئێراندا کاریان هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٤٠١ ئەو ڕێژە دابەزیوە و گەیشتۆتە لە سەدا ١٠.»[٢] ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوان لە ساڵی ١٤٠١ نزیکەی سەدا ٤٠ە. هەر بەم پێیە دەردەکەوێت کە نزیکەی سەدا ٤٠ی پیاوانێک کە تەمەنیان لە هێزی کار دایە بێکارن و سەدا ٩٠ی ژنانی ئێران کە تەمەنیان لە سەرەوەی ١٥ ساڵ بەرەو سەرترە بێکارن.

کاتێک ئەم ئامارانە بەراورد دەکەین لەگەڵ ئاماری ڕێژەی خوێندەورای زانکۆیی و هەروەها گۆڕانکاریی دیموگرافیای ئێران،

١- سایت اکو ایران، تصویر اقتصاد ایران، نسبت ناچیز اشتغال زنان ایرانی، چند درصد از زنان شاغل اند؟ نوشته شهریای صادقی ( ٢ شهریور ١٤٠١)
https://ecoiran.com7


٢- سەرچاوەی پێشوو.

دەردەکەوێت  لە کاتێکدا لە سەدا ٦٥ی ژنان بڕوانامەی  زانکۆییان هەیە تەنها لە سەدا دەیان کاریان هەیە، ئەمەش بەو مانایەیە کە جۆرێک هەڵاواردنی  سیستەماتیک لە ئارادایە کە ژنان بەرەو دەرەوەی بازاری کار پاڵ پێوە دەنێت و لە بارودۆخی  قەیرانی ئابووریدا ئەوان خێراتر بەرەو بێکاری پاڵ پێوەدەنێت.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی ئێران هەموو ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٤٠١ تەمەنیان لە ١٥ ساڵ بەرەو سەرترە ٦٣ ملیۆن و ٥١٨ هەزار کەس مەزەندە کراون کە لەم ژمارەیە ٢٣ ملیۆن و ٥٧٧ هەزار کەس کاریان هەبووە، بۆیە ڕێژەی کارکردن لە ئابووریی بەپێی دوایین ئامارەکان لە سەدا ٣٧,١ە.

**بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە تێبگەن سەیری وێنەی ئاماری خوارەوە بکەن:**[1]

**ڕێژەی کارکردنی گشتی لە ئابووری ئێران**





---

١- سەرچاوەی پێشوو.

https://ecoiran.com/

پشکی کارکردنی ژنان و پیاوان له ئابووری ئێران




لەلایەکی دیکەوە لە کاتێکدا ژنان لە سەدا ١٣,٣ی ڕێژەی هێزێک پێکدێنن کە لەسەر کارن، لە نێو ئەوانەش لە سەدا ١٦یان بێکارن لە کاتێکدا پیاوان لە سەدا ٧,٩یان بێکارن و کۆی گشتی ڕێژەی بێکاریش لە سەدا ٨,٩[1] ڕاگەیندراوە. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە ڕێژەی ژنانی بێکار دوو بەرامبەری پیاوانە. لێرەش جیاوازیی سیستماتیک و پێشێل کردنی مافی ژنان دەبیندرێت.[2]

١- خبرگزاری برنا، نرخ بیکاری تابستان ١٤٠١ به ٨,٩ رسید. (هەواڵ)
https://www.borna.news

٢- ڕۆژنامەی دنیای اقتصاد لە ژمارەی ٥٦٤٦ ڕۆژی شەممە ٢٤ی دی ١٤٠١ بڵاوکردۆتەوە ڕێژەی بێکاری لە بەهاری ئەمساڵدا لە ئێران لە سەدا٠,٤ بەرز بووەتەوە و گەیشتۆتە سەدا ٩,٢. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی ئێران لە ژمارەی ١٤٠١/٨/٢ بڵاوکردۆتەوە کە ڕێژەی بێکاری لە هاوینی ئەمساڵ و لە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٤٠٠ بە ڕێژەی ٣,٤ کەم بووەتەوە و بێکارەکان کاریان بینیوەتەوە. لە کاتێکدا هەر دوو سەرچاوە باس لە دوو وەرزی جیاواز دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەو

بۆ ئەوەی زۆرتر لە دۆخی بێکاری و هێزی کار لە ئێران تێبگەن سەیری خشتەی خوارەوە بکەن:[1]

**پێوەرەکانی کارکردنی ژنان و پیاوان لە هاوینی ١٤٠١ (٢٠٢٢)**

| شاخص ها اشتغال مردان و زنان در تابستان ۱۴۰۱ (واحد:درصد) | | | |
|---|---|---|---|
| شاخص | | تابستان ۱۴۰۰ | تابستان۱۴۰۱ |
| نرخ مشارکت اقتصادی | زنان | ۱۳/۵ | ۱۳/۷ |
| | مردان | ۶۸/۸ | ۶۸/۴ |
| | کل | ۴۱/۱ | ۴۱ |
| نرخ بیکاری | زنان | ۱۷/۷ | ۱۷/۲ |
| | مردان | ۸/۱ | ۷/۳ |
| | کل | ۹/۶ | ۸/۹ |

ئەگەر ئەمە دۆخی ژنان بێت، پێویستە چاوێکیش بە دۆخی گەنجانی ئێراندا بخشێنین. لە کاتێک کە گەنجان ڕێژەیەکی بەرچاو

زانیاریانەی لەبەر دەست دایە، هەر دوو زانیاری ڕەت دەکرێنەوە و پشتیان پێ نابەسرێت. بەڵام بۆ زانیارییە ئامارییەکانی بێکاری ناچارین پشت بە زانیاری و سەرچاوەی دیکە ببەستین و بە لێکدانەوە هەڵیانبژێرین.

١- سایت اکو ایران، تصویر اقتصاد ایران، بهبود وضعیت اشتغال زنان در تابستان ١٤٠١ (٢١ مهر ١٤٠١) https://ecoiran.com

لە کۆمەڵگای ئێران پێک دێنن و بە کۆمەڵگایەکی گەنج بەناوبانگە، لە نێو گەنجانی ١٨ هەتا ٣٥ ساڵ لە هاوینی ساڵی ١٤٠١ لە سەدا ١٦,٢ بێکارن.[١] کە بە پێی ئامارەکان ڕێژەی بێکاری لە نێو ژنان لە سەدا ٢٨,٣ە. ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێژەی بێکاری گەنجان سێ بەرامبەری ڕێژەی بێکاریی گشتییە. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە زۆربەی دەرفەتەکانی کارکردنی نێو کۆمەڵگا لەلایەن کەسانی سەرەوەی ٣٥ ساڵ پڕ کراوەتەوە و دەرفەتی بەردەم گەنجان لە کەمترین ڕێژەی خۆی دایە.

کاتێکیش لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو کە ئێران زۆرترین گەمارۆی ئابووری لەسەر بووە سەیری گۆڕانکاریی چینایەتی دەکەین بە پێی ئامارەکانی خودی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دە ساڵدا جیاوازیی چینایەتی ١١ بەرامبەر بووە. بە پێی لێکدانەوەی کەڕەتی جینی کە لە خشتەی خوارەوە پێشان دەدرێت ئێران لە بواری جیاوازیی چینایەتییەوە لە پلەی شەستی جیهان دایە. هۆکاری جیاوازیی چینایەتی لە ئێران کاریگەریی هەڵاوسانی ئابووریی بووە کە هەڵاوسان بووەتە هۆی ئەوەی ڕێژەی مووچەی کرێکاران و مووچەخۆرەکان کەم بایەختر بێت و لە بەرامبەردا سامان و سەرمایەی دەوڵەمەندەکان زۆرتر ببێت و خودی ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی جیاوازیی چینایەتی لە ئێراندا زۆرتر بێت.[٢]

---

١- خبرگزاری برنا، نرخ بیکاری تابستان ١٤٠١ به ٨,٩ رسید. (هەواڵ)
https://www.borna.news

٢- سایت فارس نیوز، (مقایسه اختلاف طبقاتی در ایران و جهان)
https://www.farsnews.ir/news/

| رتبه | کشور | ضریب جینی | رتبه | کشور | ضریب جینی | رتبه | کشور | ضریب جینی | رتبه | کشور | ضریب جینی | رتبه | کشور | ضریب جینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | افریقای جنوبی | ٪۶۳ | ۱۹ | مکزیک | ٪۴۸,۳ | ۴۸ | ترکیه | ٪۴۱,۹ | ۷۷ | روسیه | ٪۳۷,۷ | ۱۲۵ | سوئیس | ٪۳۲,۳ |
| ۷ | موزامبیک | ٪۵۴ | ۲۴ | ونزوئلا | ٪۴۶,۹ | ۵۱ | آمریکا | ٪۴۱,۵ | ۹۵ | هند | ٪۳۵,۷ | ۱۲۷ | ژاپن | ٪۳۲,۱ |
| ۸ | برزیل | ٪۵۳,۳ | ۲۶ | شیلی | ٪۴۶,۶ | ۵۳ | آرژانتین | ٪۴۱,۲ | ۹۷ | پرتقال | ٪۳۵,۵ | ۱۳۳ | آلمان | ٪۳۱,۷ |
| ۱۴ | هندوراس | ٪۵۰,۵ | ۲۸ | نیکاراگوئه | ٪۴۶,۲ | ۶۰ | ایران | ٪۴۰ | ۹۸ | ایتالیا | ٪۳۵,۴ | ۱۳۴ | کره | ٪۳۱,۶ |
| ۱۶ | کلومبیا | ٪۴۹,۷ | ۳۰ | جامائیکا | ٪۴۵,۵ | ۶۶ | اسرائیل | ٪۳۸,۹ | ۱۱۵ | پاکستان | ٪۳۳,۵ | ۱۳۹ | عراق | ٪۲۹,۵ |
| ۱۷ | کنگو | ٪۴۸,۹ | ۳۵ | فیلیپین | ٪۴۴,۴ | ۶۸ | چین | ٪۳۸,۶ | ۱۱۶ | انگلستان | ٪۳۳,۲ | ۱۴۴ | دانمارک | ٪۲۸,۲ |
| ۱۸ | پاراگوئه | ٪۴۸,۸ | ۴۳ | نیجریه | ٪۴۳ | ۷۱ | میانمار | ٪۳۸,۱ | ۱۲۱ | فرانسه | ٪۳۲,۷ | ۱۴۹ | نروژ | ٪۲۷,۵ |

جدول ۱- ضریب جینی درآمد در کشورهای مختلف

گەشـە کردنـی ئـابـووری یەکێکی دیـکـە لـە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئابوورییە کەبە پشت بەستن بەو دەتوانین پێشان بدەین  ئابووری وڵاتێک لە چ دۆخێک دایە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئابووری وڵاتێک گەشەکردنی نەبێت و لە بەرامبەردا ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوانی هەبێت، ئەوا ئابووری ئەو وڵاتە بەرەو دارمان دەڕوات.

«گەشەکردنی ئابووری ئێران لە ساڵانی ڕابردوو بەرزبوونەوە و دابەزینی زۆری ئەزموون کردووە. بە دەربڕینێکی دیکە لە چەند ساڵی ڕابردوو  گەشەکردنی ئابووری ئێران لە سەدا ۱۷ەوە هەتا  ناقس ی سەدا هەشتی ئەزموون کردووە. دوای  ڕێککەوتنی بەرجام  ئابووری ئێران لە سەدا ۱۷,۱ گەشەی کرد. بەڵام دوای ئەوەی ئەمریکا لە بەرجام دەرچوو گەشەکردنی ئابووری ئێران هاتە ژێر سفر و هەتا ناقس هەشت دابەزی.»[1] لە ئێستاشدا لە باشترین حاڵەت  گەشەکردنی ئابووری ئێران سفرە.

۱- سایت کبنانیوز، اخرین تصویر از اقتصاد ایران در ۱٤۰۱ (۱٤۰۱/۹/۹)
https://www.kebnanews.ir/

گەشەکردنی ناقس لە ئابووری بەو مانایەیە کە ئابووری لە ماوەی ساڵێکدا ناتوانێت ئەو تێچووەی کە بە هۆی سووانی ئامێرەکانەوە دروست بووە، بەرهەم بێنێتەوە تا چ بگات بەوەی لە ڕەوتی ئابووری قازانج بکات. ڕەهەندێکی دیکەی ئەم بابەتە بەو مانایەیە کە بە هەزاران کارگە دادەخرێن و بە ملیۆنان کرێکاریش بێکار دەبن و ڕێژەی بەرهەمهێنانیش دادەبەزێت.

هەڵاوسانی ئابووریش یەکێکی دیکە لە پارامترەکانی هەڵسەنگاندنی ئابووریی وڵاتێک بۆ ئەوەی پێشان بدرێت ئابووری ئەو وڵاتە لە چ دۆخێک دایە و چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگا هەیە و دەبێت چاوەڕوانی چیمان هەبێت کە لەو کۆمەڵگایەدا ڕووبدات. لەو بارەیەوە سایتی تجارت نیوز لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردەوە: «چاودێرێکی ئابووری پێش بینی کردووە هەتا کۆتایی ساڵی ١٤٠١ ڕێژەی هەڵاوسان لە نێوان ٤٦,٦ هەتا ٤٩,٣١ بێت و هاوکاتیش شارەزایەکی دیکە ڕایگەیاندووە بە هۆی ئەو پارە زۆرەی چاپ کراوە ئابووریی ئێران هەتا کۆتایی ساڵی ١٤٠١ هەڵاوسانی ٥٠٪ ئەزموون دەکات.»[١] سەبارەت بە هەڵاوسانی ئابووری شارەزایانی ئابووری لەو باوەڕەدان حکومەتی ئێران بە هۆی گەمارۆی ئابووری و هەناردەنەکردنی نەوتەوە سەرچاوەی دابین کردنی بودجەی نەماوە، ئەوا بەردەوام پارە چاپ دەکات و چاپ کردنی ئەو پارەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام هەڵاوسان ڕووبدات. ڕوون و ئاشکرایشە

---

١- سایت تجارت نیوز، پیش بینی نرخ تورم تا پایان سال ١٤٠١، کارشناسان چشم انداز اقتصاد ایران را چگونه می بینند؟ نوشته سوسن یحیی پور (١٤٠١/٩/١٥)
https://tejaratnews.com/

کە هەڵاوسان کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا دەبێت و هێڵی هەژاری ڕەها لە نێو کۆمەڵگادا دەگۆڕێت.

وەزارەتـی کاری ئێران لە ڕاپۆرتێدا بە ئاماژەپێدان بەوەی بارودۆخی ئابووری ناجێگیرە، بڵاویکردەوە" مەزەندەکان پێشانی دەدات کە هێڵی هەژاری لەساڵی ١٤٠٠ لە بەراورد لەگەڵ ١٣٩٩ نزیکەی لە سەدا ٥٠ زۆر بووە."[١] لەلایەکی دیکەوە ڕوح ئەڵڵا ئیزدخوای ئەندامی لێژنەی پیشەسازیی و کانزاکان لە پەرلەمانی ئێران لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٤٠٠ ڕایگەیاندووە:» لە ئێستادا ئێمە ١٠ ملیۆن خێزانمان هەیە کە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین»[٢] لەلایەکی دیکەوە ئامارە نارەسمییەکان باسی ئەوە دەکەن کە لە ئێراندا ڕێژەی ئەوانەی لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین لە سەدا ١٨,٤ بێت، واتە لە هەر پێنج هاووڵاتی ئێران یەکێکیان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژیت و ناتوانێت پێویستییەکانی ژیانی دابین بکات.

گەمارۆی ئابووریش کۆی ئابووری ئەو وڵاتەی تێک و پێک داوە. ئەگەر لە ساڵی ١٣٩٠ ڕێژەی لە سەدا ٨٠ی بازرگانی دەرەوەی ئێران لەگەڵ بیست و سی وڵاتی جیهان بوو، لە ساڵی ١٣٩٧ ڕێژەی لە سەدا ٥٤ی بازرگانی ئێران لەگەڵ سێ وڵاتی چین و عێراق و ئیمارەت بووە.

سەبارەت بە کۆچکردنی مێشکەکان لە ئێرانیش، لە ئێستادا و بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئێران لە بارودۆخێک دایە کە نەک تەنها مێشکەکانی کۆچ دەکەن، بەڵکو کەسە شارەزاکان یان

١- سایت رادیو دویچه ویله، خط فقر خانواده چهار نفره تهرانی: ١٤,٧ میلیون تومان. https://www.dw.com/fa-ir/

٢- سایت رادیو دویچه ویله، ١٠ میلیون خانوار ایرانی "زیر خط فقر" زندگی می کنند. https://www.dw.com/fa-ir/

تەکنیسیەکانی کۆچ دەکەن. واتە ئاستی کۆچ کردن لە ئێران بۆ توێژەکانی شارەزایی وەک ئەندازیاری ئاسایی و پزیشک و میکانیک دابەزیوە و لە ئاستی کەسانی بلیمەتدا نەماوەتەوە.

پێویستە جیاواز لەم بابەتانە ئاماژە بەوەش بدەین کە لە ئێستادا ئێران تووشی گرفتی ئاو و ژینگەیە و بە شی زۆری ناوچەکانی وڵاتەکەی خەریکە دەبێتە بیابان و گەمارۆی ئابووریش هەموو جۆرە توانایەکی کارکردنی لە حکومەتی ئەو وڵاتە بڕیوە و حکومەتەکەی تووشی کورتهێنانێکی بودجە کردووە کە نەک لە مێژووی ئابووریی ئێران بەڵکوو ڕەنگە لە مێژووی ئابووریی جیهانیشدا بێوێنە بێت. حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٤٠٠ بە هەزاران ملیار ڕیال کورت هێنانی بودجەی هەیە و خەریکە بەرەو ئاستێک دەڕوات تەنانەت بە سیستەمی بانکیش نەتوانێت موچەی فەرمانبەرانی دابین بکات هەروەها کە چەندین شوێن و چەندین بواری ئابووری هەن کە چەندین مانگ موچەیان وەرنەگرتووە بۆ نموونە کرێکارانی هەفت تەپە.

دوای بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان لە ئێران و بە هۆی شەڕی هەشت ساڵەوە ئابووری ئێران دارما و بووە ئابووری وڵاتێکی دوای شەڕ کە پێویستی بە بنیاتنانەوە هەبوو. دوای شەڕ و بە گرتنەبەری سیاسەتی سازەندەگی لەلایەن کابینەی ڕەفسەنجانییەوە، بەردەوام ئابووری ئێران لە ئابوورییەکی ئاراستەکراوەوە بەرەو ئابوورییەکی لیبراڵ ڕۆشت. جیا لەوەش بە خستنەبازاری پابەندی زۆرەوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی بودجە دەبینین هەڵاوسانی گەورەی ئابووری دروست بوو.

دوای چەندین ساڵ دوای شەڕیش حکومەتی ئێران بە گرتنەبەری سیاسەتی ئابووری نیولیبرالیزمی ئابووری لە ژێر ناویی بەتایبەتی کردن، زەربەیەکی دیکەی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێران دا. لە ژێر ناوی بە تایبەتی کردن، حکومەتی ئێران هەوڵی دا هەموو یەکە ئابوورییەکان کە بەشێکی گرنگ بوون لە پێکهاتەی ئابووری ئێران بە کەرتی تایبەت بدات. بە چاوخشاندنێک بە مێژووی ئابووری چەند ساڵی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دەبینین نەک تەنها کەرتی تایبەتی سروشتی سوودی لەم بەتایبەت کردنە وەرنەگرت بەڵکو سوپای پاسداران، سوپایی قودس، ئاستانی قودسی ڕەزەوی و هەروەها کەسانی باڵا و دەسەڵاتدار و فەرماندەکانی سوپا و ئەرتەش بە نرخێکی زۆر کەم و ڕەمزی بوونە خاوەنی دەیان یەکەی ئابووری. ئەم بابەتە ئەوەندە پەرەی پێدرا کە بەشێکی بەرچاو لە ئابووری ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی چەندین یەکەی سەربازی و ئایینی کە پێکەوە بوونە چینی باڵای دەسەڵاتدار و ئەمەش چینێکی دەسەڵاتداری دابڕاو لە کۆمەڵگای دروستکرد کە هەموو شێوازێکی گەندەڵی و یاسایی دەگرتەبەر بۆ ئەوەی زیاتر کۆمەڵگا دادۆشێت و بتوانێت زیاتر سەرمایە بۆ خۆی کۆبکاتەوە.

"سوپای پاسداران لە هەمان کاتدا کە سەربازییە، لە شوێنی حیزبی سیاسی دادەنیشت. ئەندازیاری هەڵبژاردن دەکات و کاندیداتۆرێک کە خۆی دەیەوێت لە سندوق دێنێتەدەر. لە ئابووریشدا هەیە. گرێبەستی گەورە لە حکومەت وەردەگرێت. بەندەر و فرۆکەخانەی لە ژێر دەسەڵات دایە و بە دوور لە چاوی گومرک هەناردە و هاوردە و قاچاخ دەکات.

سوپای پاسداران لە کۆتاییی شەڕ هەتا نیوەی دووەمی دەسەڵاتداریەتی محەمەد خاتەمی زیاتر ١٣٠٠ پرۆژەی هەبووە. بە پێی مەزەندەکردنێکی دیکە قەرارگای سازەندەی خاتەم ئەلئەنبیای سوپای پاسداران، لە کۆتایی شەڕەوە هەتا گەیشتنە دەسەڵاتی مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە پرۆژەدا١٣٨٥، بەرپرسی ١٢٢٠ پرۆژە بووە.

یەکەمین کۆمپانیاکانی ژێر دەسەڵاتی قەرارگای خاتەم ئەلئەنبیا، کۆمپانیاکانی ڕەزمەندەکان و ڕەزمجوو بوون، بەڵام بە خێرایی ژمارەی کۆمپانیاکانی سەر بە سوپای پاسدارانی زۆرتر بوو. بە پێی مەزەندە جۆراوجۆرەکان سوپای پاسداران لە نێوان ١٠٠ هەتا زیاتر لە ٥٠٠ بنگەی ئابووری هەیە و لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆمپانیاکانی سوپای پاسداران نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار فرۆش و ١,٠ ملیار دۆلار قازانجیان هەبووە."[1]

پێشتر ئاماژەمان بەوە دا کە ئێران بە گرتنەبەری سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری، سەر لەبەری پێکهاتەی ئابووری ئێرانی گۆڕی. ئەگەر لە لیبرالیزمی ئابووری کلاسیک باسی بازاری ئازاد دەکرا، بەڵام دوو یەکەی کۆمەڵایەتی، واتە پەروەردە و تەندروستی لە دەرەوەی بازار سەیر دەکران و بە یەکەگەلێک دەزانران کە ئەرکی حکومەت بوو خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات. بەڵام لە لیبرالیزمی نوێ پەروەردە و خوێندنی باڵا و هەروەها تەندروستی کرانە تایبەت. لە بواری پەروەردە ئەم سیاسەتە ئەوەندە گەشەی کرد کە لە ئێستادا لە ئێران ٢٥٠

---

١- سایت رادیو فردا، رانت خواری سپاه پاسداران در اقتصاد ایران(١٥ بهمن ١٤٠١)
https://www.radiofarda.com/a/irgc-rents-in-Iran-economy/29488416.html

جۆر قوتابخانەی تایبەت بوونیان هەیە. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پێشتر تەنها قوتابخانەی حکومی لە ئێراندا هەبوو. خاڵی سەیرتر لەم بابەتە ئەوەیە لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوو قوتابخانە ئایینەکان لە سەر وەقف و یارمەتی خەڵک کارەکانیان دەکرد، بەڵام بە پێی ئەم سیاسەتەی نیولیبرالیزم ئەوانیش کرانە تایبەت. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە لە بواری پەروەردە ئەو کاتە ڕەنگی دایەوە و ئەنجامەکانی بەدەرکەوت کە سەیری ئەنجامی دەرچووانی کونکوری ئێران بکەین. زۆربەی ئەو کەسانەی لەساڵانی پێشوو لە کونکوری ئێران بە زانکۆ باڵاکان وەرگیران بە مانایەکی دیکە ٥ هەزاری یەکەمی کونکور لەو کەسانە بوون کە سەر بە دەهەکەکانی یەکەمی کۆمەڵگا بوون، ئەمە بە مانای ئەوەیە بوونی سەرمایە یەکسان بووە بە خوێندن لە باشترین زانکۆکانی ئێران. واتە داخرانی دەرگای زانکۆکان بە ڕووی زیاتر لە سەدا نەوەدی کۆمەڵگای ئێران. ئەنجام ئەوەیە جۆرێک پاوانکاری خوێندن دروست بووە. لێرەوەیە کە ئیدی نەوەی نوێ کاتێک ئەم جیاوازیانە دەبینێت پێی تەحەموڵ ناکرێت و هەوڵی ڕووخانی سیستەم دەدات و بە چاکسازیی بێ ئەنجام لەو سیستەمە ڕازی نابێت.

### ٣. هۆکاری سیاسی و دەستووریش شۆڕشی ژینا

بێگومان دوای ئابووری هۆکاری سیاسی یەکێک لەو هۆکارانەیە کە زۆرترین کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێراندا هەبووە. هەڵبەتە هۆکاری سیاسی بە مانای بچووککراوی ئەو نییە کە تەنها کردارێکی سیاسی ڕێگەپێدراوی یاسایی بێت،

بەڵکوو بە مانای بەرفراوانی ئەوە کە یاسایەک بوونی هەبێت کارە سیاسییەکان رێک بخات و بزانێت چەندە ئەو یاسایە خۆی بووەتە هۆی هەڵاواردن لە نێو کۆمەڵگادا. بەم بۆنەوە لە ژێر ناوی هۆکاری سیاسی خوێندنەوە بۆ چەند بابەت دەکەین. یەکەم دەستووری ئێران شیکاری دەکەین. دووەم پێکهاتەی حکومەتی ئێران شیکاری دەکەین. سێیەم شیکاری بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئێران دەکەین و بە بەراوردکردنی ئەم سێ بابەتە ڕوونی دەکەینەوە چالاکی سیاسی لە ئێران لە چ دۆخێک دایە و ئەو پێکهاتە سیاسییەش کە هەیە بە چ شێوەیەک کەوتۆتە دژیەکییەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافی و کۆمەڵایەتییەی کە پێشتر باسکرا.

**تێگەیشتن لە قانوونی ئەساسی ئێران ( دەستوور)**

پێش ئەوەی بمانەوێت باسێک لە دەستووری ئێران بکەین، پێویستە باسێکی کورت سەبارەت بە دەستوور بکەین. لە هەموو وڵاتێک دەستوور جۆرێک پەیمانی کۆمەڵایەتییە کە سیستەمی سیاسی و دەسەڵات و دادوەری و ئابووری وڵات ڕێک دەخات و دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی یاساکانی دیکە لەوەوە دابرێژرێن و بە پێی یاساکان کۆمەڵگا بەڕێوە بچێت. بەڵام کاتێک دەستووری وڵاتێک ئامرازێک بۆ هەڵاواردن بێت، ئەوا بێگومان کۆی ئەو یاسایانەس کە لەوەوە سەرچاوەو دەگرن، هەمان حاڵەتی هەڵاواردنیان دەبێت.

ئێمە گوتمان دەستوور پەیمانی کۆمەڵایەتییە، بەو مانایە کە هەموو پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینی و چینایەتی و جێندەری و ڕەگەزی نێو کۆمەڵگا لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و مافیان

لەو دەستوورەدا ڕەنگ دەداتەوە. یەکێکی دیکە کە پێویستە بزانین ئەرکی دەستوور و ڕێکخستنی کۆمەڵگایە، نەک بەکارهێنانی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ئایینی و ئایدیۆلۆژیک. بە مانایەکی دیکە ئەرکی دەستوور خزمەتکردنی کۆمەڵگایەکە کە تاکەکان تێدا دەژین نەک، ببێتە ئامرازێک کە یەک بە یەکی تاکەکان بۆ گەیشتن بە خوا یان باوەڕێکی دیکە بەکار بێنێت. بە پێی ئەم وتانە ئێستا پێویستە پرسیار بکەین دەستووری ئێران چ جۆر دەستووریکە؟

لە بەندی یەکەمی دەستووری ئێراندا نووسراوە: ”حکومەتی ئێران کۆماری ئیسلامییە کە نەتەوەی ئێران لەسەر بنەمای باوەڕی کۆنی بە حکومەتی ماف و دادپەروەری قورئان.....“[١] خودی ئەو بەندەی دەستووری ئێران پڕە لەدژیەکی. لەبەر ئەوەی کۆماری پشت بە دەنگی خەڵک دەبەستێت و سەرکۆمار ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو دەسەڵاتدار دەبێت و کەس لەسەرەوەی نییە. بەڵام کاتێک پاشگری ئیسلام دێتە پاڵی ئەوا ئێدی خەڵک و خواستی ئەوان مانای نامێنێت و ئیسلام دەبێتە پێوەر. لەسەر هەمان بنەمایە کە لەبەندی دووی دەستووری ئێراندا نووسراوە:

**بەندی ٢» کۆماری ئیسلامی، سیستەمێکە لەسەر بنەمای ئیمان بە:**

١ـ خوای تاقانە (لاالەالاالله) و تایبەتکردنی دەسەڵاتداریەتی و دانانی یاسای بەو و پێویستی تەسلیم بوون لە بەرامبەر بابەتەکانی ئەو.

٢ـ وەحی خوایی و ڕۆڵی بنەمایی ئەو لە دەربڕینی یاساکان.

٣ـ مەعاد و ڕۆڵی بنیاتنەری ئەو لە ڕەوتی گەشەکردنی مرۆڤ بەرەو لای خوا.

---

١- اصل ١ قانون اساسی ایران

٤ـ دادپەروەریی خوا لە ئافراندن و دانانی یاسا.

٥ـ ئیمامەت و ڕابـەری بــەردەوام و ڕۆڵـی بنەمایی ئەو لە بەردەوامی شۆڕشی ئیسلامی.

٦ـ کەرامەت و بەهای بـەرزی مرۆڤ و ئـازادی تێکەڵ بە بەرپرسیاریەتی ئەو لە بەرامبەر خوا کە لە:

ـ ئیجتهادی بەردەوامی فەقیهی خاوەنی هەموو مەرجەکان لە سەر بنەمای کتێب و نەریتی مەعصومین سلاو لە گشتیان بێت.

ـ کەڵک وەرگرتـن لـە زانسـت و تەکنۆلۆژیا و ئەزموونە پێشکەوتووەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ پێش خستنی ئەوان.

ـ ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ستەمکاری و چەوساندنەوە و هەژمۆنخوازی و تەسلیم بوون لەبەرامبەر هەژمۆنی. دادپەروەری و سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتور و هاوبەندی نەتەوەیی دابین دەکات.»[1]

بە پێی ئەم ئەسڵە بێت کۆماری ئیسلامی حکومەتێک نییە کە لە سەر بنەمای هاووڵاتیبوون و مافی تاکەکانی نێو ئەو وڵاتە بنیات نرابێت، بەڵکوو حکومەتێکە کە لەسەر بنەمای ئایین ئیسلام و گەیشتن بە خوا بنیات نراوە، کەوایە لێرەوە هەموو خواست و چاوەڕوانییەکانی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتی و نەتەوەکانی نێو ئەو جوگرافیایە پشت گوێ خراوە.

لە بەندی ٥ی دەستووری ئێراندا نووسراوە « لە سەردەمی غەیبەتی حەزرەتی وەلی عەسر( عجل الله تعالی فرجه) لە کۆماری ئیسلامی ئێران ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتی ئۆمەت لە ئەستۆی فەقیهێکی دادپــەروەر و خـاوەن بـاوەڕ، وشـیار بە سـەردەم،

١- اصل٢ قانون اساسی

ئازا، بەڕێوەبەر و بەتەگبیرە کە بە پێی ئەسڵی سەد و حەوتی کاروبارەکان لە ئەستۆ دەگرێت»[1]

هەر لەم بەندەدا بە جوانی بەدەر دەکەوێت کە لە سەرەوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی، سەرکۆمار نییە کە کاروبارەکانی لە ئەستۆیە بەڵکوو لە سەرەوەی ئەو وەلی فەقیهە کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانە. هەر ئەم بەندە بە شێوەی گشتی بە مانای ڕەتکردنەوەی کۆماری بوونی ئەو سیستەمەیە.

پێناسە کردنی کەمایەتی و بوونی مافیان لە نێو دەستوور یەکێک لە نیشانەکانی دیموکرات بوونی هەر دەستوورێکە کە لە وڵاتێکدا کاری پێ دەکرێت. لە ئێران کەمایەتییەکان لە سەر بنەمای زمان و کولتور پێناسە نەکراون، بەڵکوو تەنها لە سەر بنەمای ئایین پێناسە کراون، ئەوەش بەستراوەتەوە بەوەوە کە لە ئێران ئایینی ڕەسمی ئیسلام ڕاگەیندراوە، بۆیە ئایینەکانی دیکە بە کەمایەتی هێنراونەتە ئەژمار.

هەر لەو بارەیەوە لە بەندی ١٣ی دەستووری ئێراندا نووسراوە: « ئێرانییە زەردەشتی، مەسیجی و جولەکەکان بە کەمایەتی ئایینی دەناسرێن کە لە سنووری یاسا لە جێبەجێ کردنی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان ئازادن و کاروباری کەسی و پەروەردەی ئایینی خۆیان بە پێی ئایینی خۆیان جێبەجێ دەکەن.»[2]

زمان یەکێک لەو ئامرازانەیە کە هەر نەتەوەیەک لە ڕێگەیەوە پەرە بە کولتوری خۆی دەدات و بۆ نەوەکانی داهاتووی دەگوازێتەوە. هەروەها زمان دەبێتە ئامرازێک بۆ گەشەکردنی

---

١- اصل ٥ قانون اساسی

٢- اصل ١٣ قانون اساسی

نەتەوەکان و دەتوانین خۆیان لەو ڕێگایەوە پێناسە بکەن. بەڵام کاتێک زمان ڕێگەی گەشەکردنی پێ نەدرێت ئەوا ئەو زمانە بەرەو لاوازبوون دەچێت و دەبێتە هۆی نامۆبوونی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە. لە کاتێکدا لە ئێران چەندین زمانی فارسی، ئازەری، کوردی، بەلوچی، عەرەبی، گەیلەکی و... هەیە لە بەندی پانزەی دەستووری ئێراندا نووسراوە:

«زمان و ئەلفوبێی ڕەسمی هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگەنامە و نووسراوەکان و دەقە ڕەسمییەکان و کتێبی مەنهەج دەبێت بەو زمان و ئەلفوبێیە بێت بەڵام کەڵک وەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و ئێتنیکییەکان لە ڕاگەیاندن و میدیا جەمعییەکان و گوتنەوەی وانەی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانەکان، لەپاڵ زمانی فارسی ئازادە»[1] بە پێی ئەم بەندەی دەستووری ئێران، بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت کورد و ئازەری و .... بە زمانی خۆیان بخوێنن، تەنها قەتیس دەکرێتە سەر خوێندنی ئەدەبیات. ئەمەش لە باشترین حاڵەت دەبێتە هۆی مانەوەی و ڕێگە لە گەشەکردنی دەگرێت و بەردەوام بچوکی دەکاتەوە.

یەکێک لەو گرووپانەی لە ئێران و بە پێی دەستووری ئێران پەراوێز خراون ژنانن کە بەمشێوە لە نێو دەستوور پێناسە کراون.

«لە بنیاتنانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، هەتا ئێستا هێزە مرۆییەکان لە خزمەتی چەوساندنەوەی گشتگیری دەرکیدا بوون شوناسی سەرەکی و مافی مرۆیی خۆیان بە دەست دێننەوە و لەم رووەوە دیارە کە ژنان بە هۆی ئەو ستەمە زۆرەی لە سیستەمی پاشایەتی بەسەریاندا سەپاوە زیاتر مافیان دەستەبەر دەبێت.

---

١- اصل ١٥ قانون اساسی

خێزان، یەکەی بنەمایی کۆمەڵگا و ناوەندی سەرەکی گەشەکردن و تەعالی مرۆڤە و ڕێککەوتنی بیروباوەڕ و ئایدیال لە پێکهێنانی خێزان کە بەستێن خولقێنی سەرەکی جوولەی گەشەکردنی مرۆڤە پرەنسیپی سەرەکی بووە و دەستەبەرکردنی ئێمکانیات بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە لە ئەرکەکانی حکومەتی ئیسلامییە. لە تێگەیشتنێکی وەهادا لەبارەی یەکەی خێزان، ژن لە حاڵەتی "شت بوون" و یان "ئامرازی کار بوون" لە خزمەتی بڕەوپێدان بە بەکارهێنان و چەوساندنەوە دەردەچێت و هاوکات لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئەرکی قورس و بایەخداری دایکایەتی لە پەروەردەکردنی مرۆڤە خاوەن ڕێبازەکان و مەکتەبی پێشڕەو و خۆیشی هاوشانی پیاوان لە گۆڕەپانەکانی چالاکی ژیاندا دەبێت و لە ئەنجامدا پێشوازی لە بەرپرسیایەتی گرنگ و لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هاوەنی بەها و کەرامەتی سەرتر دەبێت.»[١]

هەروەها لە بەندی ٢٠دا و لە ژێر ناویی یەکسانی ژن و پیاو بە پێی ئیسلام نووسراوە: "هەموو تاکەکانی نەتەوە چ ژن و چ پیاو بە شێوەیەکی یەکسان لەلایەن یاساوە پشتیوانی دەکرێن و خاوەنی هەموو جۆرە مافێکی، مرۆیی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتورین بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی ئێسلامییەکان."[٢]

هەڵاواردنی یاسایی لەم بەندە ئەو کاتە دەر دەکەوێت کە مەرجەکانی کاندیداتۆر بۆ سەرکۆمار و ویلایەتی فەقیهی و وەزیرەکان و قازییەکانی دادگا و سەرۆکی دەسەڵاتی داد بە پێی دەستوور دەبینین و ڕوون دەبێتەوە کە هیچ جۆرە یەکسانییەک

---

١- مقدمه قانون اساسی

٢- قانون اساسی ایران، اصل ٢٠

لە نێوان ژن و پیاودا نییە و بە پێچەوانە هەڵاواردن هەیە. دوایی دێینەوە سەر مەرجەکانی هەڵبژاردنی بۆ ئەو پۆستانەش.

جیا لەم ئەسڵانە کە وەک نموونە ئاماژەمان پێدا، بە پێی ئەسڵی نەوەد و یەک کە تایبەتی هەڵبژاردنی ڕابەرییە هیچ مافێک بۆ ژنان لەبەرچاو نەگیراوە و تەنها ئاماژە بە ڕجال دراوە.

لەلایەکی دیکەوە لە ئەسڵی سەد و پانزەیەم کە تایبەتی مەرجەکانی سەرکۆمارە نووسراوە:

«دەبێت سەرکۆمار لە نێو پیاوانی ئایینی و سیاسی کە خاوەنی مەرجەکانی خوارەوە بن هەڵبژێرێت:

بە ئەسڵ ئێرانی بێت، هاووڵاتی ئێرانی بێت، بەڕێوەبەر و شارەزا، پێشینەی باش بێت و ئەمانەتدار و باوەڕداربێت، موئمین و باوەڕی بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئایینزای ڕەسمی وڵات هەبێت»

بە پێی ئەو ئەسڵانەی دەستووری ئێران ئاماژەمان پێدا و بە پێی چاوخشاندنێک بە مێژووی چل و سێ ساڵی ڕابردووی کابینەکانی پێشوو و ئێستای ئێران دەردەکەوێت کە نەک تەنها ئایینزاکانی دیکە، بەڵکوو ژنانیش نەیانتوانیوە سەرکۆمار و وەزیر بن. ئەگەر ئایینزاکانی دیکە لەبارەی پرسە مەدەنییەکانیان توانیویانە ببنە قازی، بەڵام ژنان تەنانەت ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبیندراوە.

ئەگەر پرسی هەڵاواردن و پەراوێز خستن لە ئێران بە پلە جیاواز و لە ئاستی جیاواز سەیر بکەین و کاتێک دەبینین ژنان نزیکەی ٤٢ ملیۆن و ١٠ تا ١٥ ملیۆنیش سونی مەزهەب و ئایینزاکانی دیکەش لە ئێراندا هەن، دەردەکەوێت کە لە ٨٢ ملیۆن

دانیشتووی ئێران دەوروبەری ٦٠ ملیۆن کەس لەو کەسانەن کە پەراوێز خراون و سیاسەتی هەڵاواردن لەبارەیانەوە جێبەجێ کراوە.

مەبەست لە گرووپ هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوەیی، ئێتنیکی، ئایینی و جیندەرییە کە لە ئێراندا پەراوێز خراون. پەراوێزخستنیش مەبەست ئەوەیە کە لە قانوونی ئەساسی ئێران وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و ژێدەری شەرعیەتی دەسەڵاتداریەتی، ناتوانن هیچ ئەرکێک وەربگرن. بەو مانایە کەسێکی سونی یان ژن ناتوانێت سەرکۆمار یان وەزیر بێت. بۆیە دەخرێتە دەرەوە و پەراوێز دەخرێت. ئەم حاڵەتە لە ئێران بە چەندین شێواز جێبەجێ کراوە کە دەکرێت بڵێین یەکەم بە شێوەی ڕەسمی وەک دەستوور و دووەم بە شێوەی ناڕەسمی جێبەجێ کراوە. بۆ نموونە ڕێگەنەدان بەوەی کوردێکی شیعە ببێتە ئایەتوڵڵا حاڵەتی ناڕەسمییە. لە ئێران کە خاوەنی پێکهاتەیەکی موزائیکییە، کورد، بەلوچ، عەرەب، .... بەهایی، مەسیحی، جوو، ژن لە گرووپە پەراوێز خراوەکانی نێو کۆمەڵگای ئێرانن و بە پێی دەستووری ئێران خراونەتە دەرەوەی ئەو کەسانەوە کە دەتوانن ئەرکی سیاسی وەربگرن.

## تێگەیشتن لە پێکهاتەی دەسەڵاتداریەتی ئێران:

پێکهاتەی دەسەڵاتداریەتی لە ئێران فۆرمێکی هەیە کە بەتەواوی جیاوازە لە هەموو ئەو فۆرمانەی کە سەبارەت بە حکومەتێکی ئاسایی لە وڵاتانی دیکە بوونی هەیە. بەو مانایە کە ئەگەر لە حکومەتی ئاسایی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکار و داد بوونی هەیە و هێزە چەکدارەکانی پۆلیس و سوپا بۆ پاراستنی خاک و یاسا

بوونیان هەیە، لە ئێران جیا لەوانە دەسەڵاتەکانی شوورای نیگایان، مەجلیسی خوبرەگان، بەسیج و سوپا و وەلی فەقیهی هەیە.

لەو باریەوە رابی ڕایت لە کتێبی دوایین شۆڕشی گەورەدا دەنووسێت: " دەستووری کۆماری ئیسلامی بە ڕەچاوکردنی سێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەریی، نموونەی خۆرئاوای ڕەچاو کردووە. بەڵام حکومەتی ڕۆحانییەکان لە ئێران دەسەڵاتێکی هاوتەریبی دروست کردووە و لەبەرامبەر حکومەتدا دەسەڵاتێکی سێبەری دروستکردووە، واتە دەسەڵاتی زۆرتر لە دەستی ڕۆحانییەکان دایە لە پاڵ سوپا دامەزراوەیەکی سێبەری دامەزراند بە ناوی سوپای پاسداران و بەسیج و ئەمانە بە شەپۆل خۆیان لە شەڕی ئێران و عێراقدا کردە قوربانی.

لە پاڵ دەسەڵاتی پۆلیس کۆمیتە دامـەزرا کە زۆرتر کاریان چاودێری کردنی کۆمەڵایەتی خەڵک بوو کە دوای تێکەڵ بوونی کۆمیتە و پۆلیس ئەرکی کۆمیتە کەوتە ئەستۆی بەسیج. لە پاڵ دەسەڵاتی دادوەری و دادگای مەدەنی کۆماری ئیسلامی دادگای شۆڕشی دروستکردووە"[1]

بە پێی ئەم پێکهاتەیە لە کاتێکدا کە لە فۆرمی حکومەتی ئاسایی سەرکۆماری یەکەمین و بەرزترین پلەی سیاسی وڵاتە، لە ئێران وەلی فەقیهی یەکەمین دەسەڵاتدار و پۆستە. جیا لەوەش لە بەرامبەر هێزەکانی پۆلیس و سوپا، دوو هێزی بەسیج و سوپای پاسداران هەن کە ئەوان کۆنترۆڵ دەکەن و دەسەڵاتی یاساییان سەرووتر لە سوپا و پۆلیسە و لە هەموو بوارەکان ڕۆڵ

---

١- رابین رایت، آخرین انقلاب برزگ، ترجمه احمد تدین ـ شهین احمدی، موسسه خدمات فرهنگی رسا، چاپ دوم، ١٣٨٤.

دەگێڕن. بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەنجوومەنی یاسادانانیش شوورای نیگایان هەیە کە  یاساگەلێک کە پەرلەمان پەسەندی کردووە، دەبێت لەلایەن شوورای نیگایانەوە پەسەند بکرێت.

بە پێی ئەو شتانە کە لەسەرەوە گووترا و هەڵێنجراو لە دەستووری ئێرانە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە ئێراندا دوو حکومەت لە نێو چوارچێوەیەکدا بوونیان هەیە. یەکەم حکومەنی ئاسایی کە پێکهاتووە لە دەسەڵاتی جێبەجێکار، دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی داد. دووەم حکومەتی سێبەر کە پێکهاتووە لە وەلی فەقیهی،  ئەنجوومەنی شارەزایان، شورای نیگابان بە باڵی سەربازی بەسیج و سوپای پاسداران. لێرەشدا پێویستە بڵێن کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانیش بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سێبەر دایە.

ئەمە بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی سەرکۆمار وەک بەرزترین پلەی سیاسی نێو حکومەتی ئاسایی،  بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتی وەلی فەقیهی لە نێو حکومەتی سێبەر کۆنترۆڵ دەکرێت.  جیا لەوەش سەرکۆمار فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی لە ئەستۆ نییە و  ئەو دەسەڵاتە لە سنووری دەسەڵاتی وەلی فەقیهییە.

لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین  فۆرماسیۆنی دەسەڵاتداریەتی سیاسی ئێران، ئەگەر بە ناو کۆمارییە، بەڵکوو نەک سەرکۆمار بەڵکوو کۆی حکومەتی ئاسایی کۆنترۆڵ کراوە و فۆرمێکی ڕواڵەتی هەیە و کۆی دەسەڵاتی لە لای حکومەتی سێبەر دایە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لەڕاستیدا حکومەتی ئاسایی تەنها ڕۆڵی جێبەجێکاریی بگێڕێت و سیاسەتی ستراتیژی لەلایەن شوێنێکی دیکەوە بۆ دەست نیشان بکرێت و ئەو جێبەجێی بکات.

### هۆکاری گۆڕانکاری یان وەرسووڕانی کولتوری:

بێگومان کولتور یەکێک لەو بابەتە گرنگانەیە کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەخرێتە بەرباس و ڕۆڵ و کارکردی گرنگی هەیە. ئەوە کولتورە کە یەک بە یەکی تاکەکانی کۆمەڵگایەک بە یەکتر دەبەستێتەوە و چوارچێوەیەکی ماناییان لا دروست دەکات. بە مانایەکی دیکە دونیایەکی مانایی و زەینی هاوبەشیان بۆ دروست دەکات کە لە ڕێگەی ئەم دونیا مانایەیەوە، تاکەکان لە یەکتر تێدەگەن و هەست و سۆزی هاوبەشیان بۆ بابەتەکان دەبێت.

کاتێک لە کۆمەڵگایەکی خاوەن فرەکولتور، بە مانای (کولتوری جیاواز نەک وردەکولتور)، هەوڵ دەدرێت دونیایەکی کولتوری و مانایی بەشێک بەسەر ئەوانیتردا زاڵ بکرێت، ئەوا ئەگەریش دونیایەکی مانایی و کولتوری دروست ببێت، تەنها ڕەواڵەتییە و لە جەوهەری خۆیدا تاکەکان نامۆ دەکات، کاتێک ئەوە بەباشی دەردەکەوێت کە دێتە ئاستی پراکتیک. ئەمەش ڕێک هاوشێوەی ئەو نموونەیە کە تاکێکی فارس بیەوێت هەڵپەڕکێی کوردی بکات قەت ناتوانێت بەو جۆرەی کوردێک جوولە دەکات ئەو بجوولێت و بەتەواوی دەستکردبوونی جوولەکانی پێوەدیارە. ئەنجامیش ئەوەیە ئەو کولتور و جیهانە ماناییە زەینییەی لای کەسی خاوەن کەلتوۆ بەهادارە لەلای ئەو جەوهەری نییە و تەنها ڕواڵەتییە. بە پێی ئەم وێنە دەردەکەوێت کاتێک کەسێک لە نێو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێراندا بە زمانی فارسی و کولتوری فارسی پەروەردە دەکرێت دەبێتە خاوەنی کەسایەتییەکی ئێزدواجی کە لە هەر دوو لا بێبەری دەبێت. لە نێو خۆی و لەماڵی خۆی شارەزایی تەواوی لە مێژوو و کولتور و دابونەریتی خۆی نییە و لەلایەکی دیکەوە لە

ڕواڵەتدا تەقلیدی کولتورێک دەکات کە بە جەوهەری بوونی ئەو نامۆیە، لێرەوەیە کە نەتەوەیەک تووشی نامۆبوون دەبێت. جا ئەم نامووبوونەوە ئاست و پلەی جیاوازی هەیە  و لەم دۆخەدا ڕەنگە نەخوێندەوارەکانی نەتەوەی ژێر دەست زیاتر لە خوێندەوارەکانی پارێزەری کولتوری نەتەوەکەیان بن. بەو مانایە کە پەروەردە و فێرکردنیش لە نێو نەتەوە ژێردەستەکان دەبێتە ئامرازی نامۆکردنی نەتەوەی ژێردەست. لەبەر ئەوەی زۆر شت دەزانێت، بەڵام هیچ لەبارەی خۆی زانێت. لەو بارییەوە هەڵگودر بەرزەنجی لە کتێبی نامۆیی نەتەوەیی دەڵێت: «نابووت بوونی ئەقڵی کوردی و شێواندنی کەسایەتی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان بەشێکە لە پیلانی داگیرکەران کە بە خۆمانی ڕادەپەڕێنن و ئێمەی نامۆش وەک دەستێکی نهێنی بمانجوولێنێ بێ بیرکردنەوە لە ئەنجام و داهاتووی نەتەوەکەمان خزمەتێکی بەلاشە بە داگیرکەران ئەکەین.»[1]

ئەگەر بمانەوێت بە پشت بەستن بە ڕووداوەکان و بەڵگەکان قسە بکەین، دەبێت بڵێین ماوەی چەندین ساڵە شۆڕشێکی کولتوری بە تایبەت لەنێو خۆرهەڵاتی کوردستان و لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا سەریهەڵداوە. ئەم شۆڕشە کولتورییە بۆ خۆناسین و  ناسینی مێژوو و کولتوری نەتەوەی خود بووە. دەرئەنجامی ئەم کارەش بووەتە هۆی ئەوەی کوردبوون و کوردناسی ببێتە بابەتێکی گرنگ لە نێو کوردستان و ئەمەش سەبارەت بە نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێرانیش ڕاستە. لێرەوە ئێمە لە ئێران ڕووبەڕووی دوو گۆڕانکاریی کولتوری دەبینەوە. یەکەم

١- هەڵگورد بەرزنجی، نامۆیی نەتەوەیی،  چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨،هەرێمی کوردستان، ل، ٥١

گۆڕانکاری کولتوری لە ئاستی گشتی بە مانای پەرەسەندن و گەشەکردنی کولتوری. دووەم،  ناسینی کولتوری خود لە نێو نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێران. هەڵبەتە پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین هەر یەک لەم گۆڕانکاریانە کەڵکیان لە دونیای مەجازی و پەیوەندی گرتن لەگەڵ دەرەوە گرتووە و ئەو پەیوەندییەش کاریگەری  لەسەر خێرایی و زووتر ئاشنابوون بە دونیایەکی دیکە یان خودی واقیعی هەبووە.

ڕوون و ئاشکرایە کاتێک شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران  ڕوویدا ئەگەر بە پێی ئامار سەیری بکەین زیاتر لە سەدا شەستی دانیشتوانی دانیشتوانی گوند و نزیکەی سەدا چل دانیشتووی شارەکان بوون، کەوایە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێن ئەو ڕەهەندە کولتورەی کە زاڵ بووە ڕەهەندێکی گوندنشینی بووە. ئەمەش  بۆ نموونە تێڕوانینی بۆ پیاوی ئایینی، تێڕوانینێکی پیرۆزانەیە. بەڵام کاتێک دەبینی دوای چل ساڵ ڕێک ئامارەکان شوێنیان گۆڕاوە و زیاتر لە سەدا شەستی دانیشتوانی شار نشینن، ئەوا کولتوری تاک مانایەکی دیکەی دەبێت و تێڕوانینی بۆ نموونە بۆ هەمان بابەتی پیرۆزی پیاوی ئایینی،  وەک پێشوو نییە و ئیدی ئەو کەسەی کە شارنشینیە و ئاستی خوێندەواری بەرز بووەتەوە خۆی لە سەنتەر دەبینێت، ئایین وەک سەرچاوەی هەموو شت سەیر ناکات، بەڵکوو وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکات و تا ڕادەیەک بەرگی پیرۆزی لەبەر دادەماڵێت. ئەم جۆرە تێڕوانینەش لە ئاستی کۆمەڵگا بەدەر دەکەوێت. ئەوەی باسکرا بەتەواوی لە ئاستی ئێران ڕوویانداوە. بە مانایەک گۆڕانکارییەکی قوڵی کولتوری لە گوندنشینینەوە بۆ شار نشینی

و لە کولتوری زۆربەی نەخوێندەوارەوە بۆ زۆرینەی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ ڕوویداوە.

کاتێک دەبینین لە شۆڕشی ١٩٧٩ تۆڕی پەیوەندی تەنها ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە بوو و لەم ڕێگایەوە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە دەگیرا، لە ناوخۆی هەر جوگرافیایەکی سیاسی جۆرێک داخـران بوونـی پـەیدا کـردبـوو. بـە مـانـایـەک درەنـگ دەنگەکان دەگەیشتە دەر، دووەم ئەنجام و هەڵویستی وای لێ نەدەکەوتەوە. بەڵام ئێستا دونیای مەجازی هەم بابەتەکەی خێراتر کردۆتەوە و هەمیش بە بۆنەی بەربڵاوبوونەوە هەڵویستی خێرای لێدەکەوێتەوە. ئەنجامی ئەمەش دروستکردنی جۆرێک کولتوری دونیای مەجازییە. هەم بۆ بەکارهێنان و هەمیش بۆ ژیان تێدا.

ژیـان کـردن لە دونیای مەجازی دەبێتە هۆی ئـەوەی تاکی بەکارهێنەر دەکەوێتە بەراوردکاری و جیا لەوەش لە گەڵ کولتوری دیکە ئاشنا دەبێت و هەوڵی گۆڕانکاریی لە کولتوری خۆی دەدات. ئەمەش لە ئێران ڕوویداوە، لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی کۆمەڵناسان لە سەرەتای شۆڕشی ژینادا بە هەڵە ڕۆشتن و ئەم شۆڕشەیان بە شۆڕشی نەوەی پۆپجی ناو هێنا. بەڵام ئەوەیان نەبینی کە ئەم نەوەیە کولتور و جۆری پەیوەندی خۆی بە جلوبەرگ و ڕەنگی جۆراوجۆرەوە بەرهەم هێناوە.

باسی ئەوەمان کرد کە یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانکاریی کولتوری لە ئێران نامۆبوون بووە. ئێمە لێرە وشەی نامۆبوون تەنها وەک ڕواڵەتێک بەکار دێنین نەک بمانەوێت شی بکەینەوە. لە ئێرانێک کە ئێستا لە جوگرافیایەکی سیاسیدا خۆی پێناسە کردووە، لە مـاوەی دوو سـەد ساڵی ڕابـردوو، واتـە لە دوای شۆڕشی

مەشروتە بەرەو سەر، بینەری دوو هێزی کولتورین. دوو هێز کە بەردەوام لە شەڕ و ناکۆکی دان. لەلایەک کولتوری نەتەوە ژێردەستەکان وەکو کورد و بەلوچ و ئازەری و .... کە زمان و کولتوریان قەدەغە کراوە یان بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسکی فولکلوری ڕێگەی گەشەکردنیان پێدراوە. لەلایەکی دیکەوە کولتوری نەتەوەی باڵادەستی فارس کە ویستوویەتی هەمووان لە نێو خۆیدا بتوێنێتەوە و ئێرانی یەک چەشن بە یەک کولتور و یەک زمان دروست بکات. ئەمە خۆی شەڕێکی کولتوری بەدواوە هەبووە و تەنانەت هەندێ کات کەوتوونەتە ڕکابەری توندەوە. ئێمە لێرەدا ئەم ڕکابەرییە کولتورییە لە نێوان کورد و فارسدا بەراورد دەکەین و دوو نموونەی بۆ دەهێنینەوە. کاتێک لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شا لە تاران لە ئاستی مۆسیقا و گۆرانی کەسانێک سەریانهەڵدا و هاتنە نێو گۆڕەپانەکەوە، ئەوا لە کوردستانیش و بە تایبەتی لە سنە و کرماشان لایەنی رکابەری کوردیش سەریهەڵدا. ئەگەر حکومەتی ئێران دەیوویست بیسەلمێنێت ئەمە مۆسیقای ئێرانییە و بە زمانی فارسی کاری خۆی دەکات، ئەوا لە کوردستان دەیانگووت ئەمەش مۆسیقای کوردییە و خاوەن ڕەسەنایەتییە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر گەورە لە ئاستی گۆرانی و مۆسیقا لە کوردستان سەرهەڵبدەن.

دوای ئەوەش کە لە محەمەد خاتەمی بە ناو ڕێفۆرمخواز هەندێ ئازادی کولتوری دا، دەبینین جۆرێک ململانێی کولتوری دروست دەبێت. ململانێیەکی فیکری و کولتوری کە دەیەوێت کولتوری کورد بە کولتورێکی ناوچەیی پیشان بدات و زاراوەی «فرهنگ محلی» بەکار هێنا و لە بەرامبەری ڕەوتی ڕکابەری کە

لە هەڵپەڕکێ و کلاسی زمانی کوردی و زیندووکردنەوەی نەریتی کوردەواری بە ڕەنگ و بۆی زیاتر و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی خۆی، هەوڵی دا خۆی وا پێشان بدات کە کولتورێکی سەربەخۆیە و بە هیچ شێوەیەک «فرهنگ محلی» نییە. ئەمەش دەستکەوتی زۆری لە بواری فیلم، شانۆ، پەیکەرسازی، مۆسیقا و ئەدەب بۆ کورد هەبووە. ئەم نموونانە و دەیان نموونەی دیکەش هەن کە لە کوردستان ڕوویانداوە و بێگومان لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش ڕوویانداوە.

ئەنجامی ئەم بەراوردکارییە ئەوەیە بڵێین کە لە ئێراندا بەردەوام کولتورێکی یەکچەشن زاڵ نەبووە و هەمیشە ململانێی کولتوری لە ئارادا بووە. ئەم ململانێیەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام بەرەو پێش چوونێک لە ئاردا بێت بە تایبەت لە نێو نەتەوە ژێردەستەکان. کەوایە کۆی ئەم گۆڕانکاریانە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بگەینە ئەو ئاستەی بڵێین:» گۆڕانکاریی کولتوری و ململانێی کولتوری  هۆکارێکی گرنگی شۆڕشی ژینان.» ڕەنگە ئەمەش بمانگێنێتە ئەوەی بتوانین بڵێین هەر  لە ئەنجامی ئەم ململانێی کولتورییە ناوخۆییەی ئێرانە کە هەست دەکرێت دوو ئاراستە لە شۆڕشی ژینادا هەیە.ئاراستەی یەکەم کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە و ئاراستەی دووەم ناوەندگەرا و نەتەوەی باڵادەست. ئەمەش لە دروشمەکانیان بەتەواوی بەدەر دەکەوێت.

### هۆکاری پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەکانی ئێران:

ئێران وڵاتێکە کە چەندین نەتەوەی جیاوازی تێدا دەژین. لەو خاکەدا فارس، کورد، ئازەری، عەرەب، بەلوچ، تورکمەن، گەیلەکک

سیستانی، تالش، تات، لۆڕ، مازەنی، گورجی، ئەرمەنی، ئاشووری، مەندائی، بەڕەچەڵەک ئەفریقی و قەرەچ دەژین کە بە شێوەیەکی گشتی کاتێک سەیری ئەو پێکهاتە دەکەی دەردەکەوێت «هیچ زانیارییەکی ئاماری جێگای متمانەمان نییە کە پێشان بدات فارس زمانەکان لە ئێران لە سەدا پەنجا و یەک سەرترن.»[1] ئەمە لە کاتێک دایە کە هەندێ سەرچاوەی دیکە لەو باوەڕەدان کە فارسەکان لەو وڵاتەدا لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە کەمینەن و لە باشترین بارودۆخدا نزیکەی سەدا چلی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دێنن. هاوکاتیش بوونی ئەم نەتەوە جیاوازانە لە ئێران لانیکەم بووەتە هۆی دروستبوونی چەند دابڕانی گەورە کە ئەوانیش لەلایەن کورد، ئازەری، عەرەب، بەلوچ، تورکمەنەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان کراوە.

ئەم دابڕانەش ئەنجامی ئەوە بووە کە نەتەوەکانی دیکەیان لە خوێندنی زمانی خۆیان و پەروەردە بوون بە زمانی خۆیان بێبەش کردووە و فارسەکان هەژمۆنی خۆیان بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندووە. ئەم سەپاندن و هەژمۆنییەی فارس بەسەر ئێراندا جیا لە بێبەش کردنی مافی نەتەوەکانی دیکە، بێگومان بووەتە هۆی جۆرێک پەرچەکردار لەبەرامبەر ئەو هەژمۆنییە و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لەو ژێردەستەبوونە لەلایەن نەتەوەکانی دیکەی ئێرانەوە.

هەروەها دەبینن لە ماوەی چل و سێ ساڵی ڕابردوو کورد بە شێوازیی جیاواز لە دانوستان و رووبەڕوو بونەوەی چەکداری

---

١- سایت العربیه، فارسها در ایران، قوم، ملت یا مفهومی فرهنگی، نوشته شاهد علوی
https://farsi.alarabiya.net

و مانگرتن و خۆپیشاندان کاری ڕێکخستن و چالاکی سیاسی و مەدەنی هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی داوە. ئەمەش سەبارەت بە عەرەبەکان و تورکمەن و گەیلەک و بەلوچ و ئازەریش لە ئاستی جیاواز ڕاستە.

پێکهاتەی ئایینی ئێرانیش بە شێوەیەکە کە گرفتی بۆ حکومەتی ئەو وڵاتە دروست کردووە. لە ئێراندا زەردەشتی، مەسیحی، جوو، ئەهلی هەق، موسلمان دەژین. لە نێو موسلمانانیش دوو ئایینزای گەورەی شیعە و سونی هەن. لە نێو شیعەش ئایینزاکانی پێنج ئێمانی و حەوت ئیمانی و نۆ ئیمامی و دوانزە ئێمامی بوونیان هەیە. بەم پێکهاتە موزاییکیەوە لە بواری ئایینیەوە لە ئێستای ئێراندا و بە دەستووری ئەو وڵاتە ئایینی ڕەسمی ئیسلامە و مەزهەبی ڕەسمیش شیعەی دوانزە ئێمامییە. واتە کەسێکی سونی هاوشێوەی شیعەیەکی نۆ ئێمامی تەنها وەک موسڵمانێکی پلە دوو تەماشا دەکرێن و، لە زۆر ماف بێبەشکراون.

بەو کورتە باسەی کە لە سەرەوەی سەبارەت بە نەتەوە و ئایینەکانی ئێران کردمان، دەردەکەوێت کە بەشی زۆری ئێران بە هۆکاری نەتەوەیی لە مافی خۆیان بێبەشن و بەشێکی دیکەشی بە هۆی ئایین و ئایینزای جیاوازەوە لە مافی سروشتی خۆیان بێبەشن. مەبەست لە مافی سروشتی ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی مرۆڤە کەسێک بتوانێت لە ململانێیەکی یەکساندا بەشدار بێت و بتوانێت مافەکانی خۆی پراکتیزە بکات. بۆ نموونە کەسێکی شیعەی دوانزە ئیمامی و سونییەک بتوانن بە شێوەی یەکسان خۆیان بۆ وەزیری یان هەر پۆستێکی باڵای دەسەڵاتداریەتی کاندید بکەن. بە نەبوونی ئەو حاڵەتە هەڵاواردن دروست دەبێت و گرووپی

پەراوێز دێتە ئاراوە. ئەم گرووپە پەراوێزەش بەردەوام هەوڵ دەدات ڕێگایەک ببینێتەوە بۆ ئەوەی بکاتە سەنتەری بازنەکە.

**هۆکاری مێژوویی:**

لە ماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوو دوو شۆڕش لە ئێراندا ڕوویانداوە. هەر یەک لەم دوو شۆڕشە لە دژی پێکهاتەیەک سەریانهەڵداوە کە ستەمکارانە و دیکتاتۆرانە بووە. بەڵام دوایی ماوەیەک دەسەڵاتە نوێیەکە هەمان سیستەمی ستەمکاری و دیکتاتۆرانەی پێڕەو کردووەتەوە کاتێ گەیشتۆتەوە دەسەڵات. شۆڕشی مەشروتە لەدژی دەسەڵاتداریەتی تاکڕەوانەی پادشایانی قاجاری دەستی پێکرد، بەڵام دوای شۆڕش ڕەزا شا گەیشتە دەسەڵات و سیستەمێکی هێنا ئاراوە کە مەنجەڵی نابووە سەر ئاگر بۆ نەتەوەکان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران و دەیوویست هەموویان بتوێنێتە نێو پێکهاتەیەک. بە مانایەک دەیوویست هەموویان بکاتە فارس.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان لەو وڵاتە، هەموو هێزە جیابیرەکان بەدەرنران یان هەوڵی لەنێو بردنیان درا. لە کاتێکدا لە ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ دەیان گرووپی سەرتاسەری لەو وڵاتەدا لە ژێر ناو و ئایدیۆلۆژیای جیاواز چالاکییان هەبوو، موجاهیدین، چریکەکان، تودە، ڕاکارگر، لایەنگرانی پاشایەتی، حیزبە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان، جبهەی میللی و ...... کۆماری ئیسلامیش بە ڕەنگ و بۆیەکی دیکە بەڵام بەهەمان جەوهەری ڕەزاشاییەوە هەموو بەرهەڵستکارانی لە نێو گۆڕەپانی سیاسی بەدەرنا و کۆی بەرهەڵستکارانی (جیا لە هێزە

کوردییەکان) بەتەواوی لاواز کرد. بۆیە لە ئێستادا دەبینین کە ئەو گرووپانە ئەوەندە لاواز بوون کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کۆمەڵگای ئێران بە شێوەوی سەرتاسەری نییە.

ئەم بەردەنانە تەنها ئەوە نەبوو بەرۆکی بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامی گرتبێت، بەڵکوو بەشێک لە خودی کۆماری ئیسلامیش تووشی هەمان کێشە بوون. ئەسڵێک هەیە دەڵێت دیکتاتۆر ئەگەر کەس نەما بیکوژێت، لە دواییدا خۆی دەکوژێت، کۆماری ئیسلامیش ئەوەندە هێزە سیاسییەکانی دیکەی بەدەر نا، هەتا گەیشتە ئەو ئاستەی کە ڕێفۆرمخوازەکانی نێو خۆی لەنێو برد و دەستبەسەری کردن.

ڕەنگە پرسیار بکرێت بۆ چی ئەو شتانەی لە شۆڕشەکانی مەشروتە و ساڵی ١٩٧٩ ڕوویاندا وەک یەک دووبارە بوونەوە. بۆ چی خەڵک لەدژی ستەمکاری و دیکتاتۆری و پاشایەتی ڕاپەڕین، بەڵام ئەنجامەکەیان بووە گۆڕینی تاج و عەمامە؟ لەڕاستیدا دوو بابەت هەیە کە پێویستە لە هەموو شۆڕشەکاندا لەبەرچاو بگیریت. یەکەم ئەوەیە کە ڕێگە تایبەتمەندییەکانی ئەو شتەی کە لەدژی دەوەستیتەوە بێتە نێو ئەو شتەوە کە دەتەوێت بنیاتی بنیت. دووەم خودی شۆڕش پێویستی بە گۆڕینی عەقڵە. بەو مانایە کە عەقڵێکی شوانکاری کە بەردەوام بە دووی مێگەلەوە بێت و خۆی بە مێگەل سەیر بکات ناتوانێت سیستەمێکی مۆدێڕنی پێشکەوتوو بنیات بنێت.

ئێمە لە شۆڕشی مەشروتە و شۆڕشی ١٩٧٩ هەر دووی ئەو بابەتانەمان بە زەقی بینی. کۆی تایبەتمەندییەکانی ئەو شتەی نەیاندەویست گواسترایەوە بۆ ئەو شتەی کە بنیاتیان نا. دووەمین

هەمان عەقڵانیەتی شوانکاری کە بە دووی ویلایەتەوەیە و خۆی بە سەغیر سەیر دەکات، ئەنجام و ئاراستەی شۆڕشی یەکلایی کردەوە. بۆیە دەرکەوتەکانی شۆڕشی مەشروتە و شۆڕشی ١٩٧٩ تەنها دووبارە بوونەوەی پێشوو بوون.لە شۆڕشی ١٩٧٩ و لە دوای مەشروتەش ئەوە تەنها کورد بووە کە ستارتی بەرهەڵستکاری ئەو سیستەمە نوێیەی لێداوە کە تەنها ڕواڵەتی گۆڕاوە و جەوهەر و ناوەڕۆکی هەمان جەوهەر و ناوەڕۆکی پێشوو بووە. لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ تەنها کوردەکان لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستان و خەباتیان بۆ دەستەبەرکردنی مافی سروشتی و نەتەوەیی خۆیان کرد، بەڵام لای نەتەوەکانی دیکە ئەوەندە خەباتیان گەشەی نەکردبوو، ئەمڕۆ دەبینین کە لە نێو ئەو نەتەوانەش خەباتی نەتەوەییان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەرفراوان بووە و گەشەی کردووە. هەر ئەمەیە کە دەبینن ئەو نەتەوانەی کە لە نێو ئێران پەراوێز دەخران و دەچەوسانەوە خۆیان ڕێکخستووە و بوونەتە هێزی گوشار لەسەر حکومەت و سیستەمی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە. ئەمە ئەسڵێکی گشتی کۆمەڵایەتییە... چەندە گرووپێک پەراوێز بخەی ئەوا زیاتر خۆی ڕێک دەخات و زیاتر بەرەو ناوەند گوشار دێنێت بۆ ئەوەی پاشەکشە بە ناوەند بکات. ئەم پرەنسیپە لەبارەی خەباتی گەلانی ئێران و ژنانیشەوە بە ڕاست گەڕاوە و واقعیەتی پەیدا کردووە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە ئەی جیاوازیی شۆڕشی ژینا لەگەڵ شۆڕشەکانی دیکەی ئێران لە چی دایە؟ لێرە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین بڵێین کە لە هەر شۆڕشێک سێ پرسیار

سەرەکی لە ئارادان کە پێویستە وەڵام بدرێنەوە. یەکەم چیت ناوێ؟ چۆن لەنێوی دەبەی؟ چی لە شوێنی دادەنێی؟. لە شۆڕشەکانی مەشروتە و ساڵی ١٩٧٩ تەنها وەڵامی دوو پرسیار درابوونەوە. واتە چیان ناوێت و چۆن لە نێوی دەبەن؟ بەڵام پرسیاری سێیەم هەمیشە بە ناڕوونی مابووەوە. لە شۆڕشی ژیانی شەقام و نەتەوە ژێردەستەکان بە ڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە و دەرگایان بە ڕووی دووبارەبوونەوەی مێژوودا داخستووە. کاتێک شەقام دروشمی « مەرگ بەر ستەمگەر، چ شا، چ ڕێبەر» دەدەن، ڕوونە دەرگایان بە ڕووی گەڕانەوەی سیستەمێکی ستەمکارانەدا داخستووە و دەرگایان بە ڕووی سیستەمی دیموکراسی خستۆتە سەر پشت. ئەوەی دەمێنێتەوە چۆن دیموکراسی لە ئێران پێناسە دەکرێت بابەتێکە کە پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە.

**هۆکاری جێندەری:**

کاتێک چاو بە دەستووری ئێراندا دەخشێنین، دەبینین هەر لە سەرەتاوە ژن لە ماڵەوە قەتیس دەکات و ئەرکی ماڵداری بۆ دەست نیشان دەکات. جیا لەوەش لەسەر لەبەری هەموو بەندەکانی ئەو دەستوورەدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە ژنان نەدراوە پۆستی سیاسی وەربگرن. ئەمەش بەو مانایەیە کە ژنان و تەنانەت ژنانێک کە باوەڕی قوڵیان بە کۆماری ئیسلامی هەبێت، بێبەش کراون لە پۆستە سیاسی و ئیدارییە باڵاکان. جیا لەوەش هەموو ئەو ژنانەش کە باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی نییە، بەتەواوی لە هەموو پۆستەکان و تەنانەت لە نوێنەرایەتی خەڵک بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتەش بێبەش کراون.

دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیش دەبینین ژنان هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ئەو یاسایانەدا بوون کە لەدژیان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پەسەند کراوە. لە پەسەندکردنی حیجاب و تا هەڵبژادنەکان و سەرخستنی ڕیفۆرمیستەکان ژنان هەمیشە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە.

ژنانی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو بەتەواوی لە گۆڕەپانەکەدا ماونەتەوە، ئەگەر لە ئاستی سیاسی لەمپەریان لەبەردەم دروستکراوە، ئەوا لە ئاستی کۆمەڵایەتی توانییان بە شێوەیەکی تەواو گەشە بکەن و کۆی پێکهاتەی دیموگرافیا و کۆمەڵایەتی ئێران بگۆڕن. ئەنجامی ئەم گۆڕانیەش بووە هۆی ئەوەی زەرفی سیاسی ئێران توانایی تەحەمول کردنی مەزروفی کۆمەڵایەتی نەبێت و بەم هۆیەشەوە دەسەڵات هەوڵی دا زیاتر کۆمەڵگا سەرکوت بکات بەر لە هەمووشیان ژنان. گەشتی ئێرشاد نموونەیەکی بەرچاوی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامییە لە دژی ژنان و هەوڵدان بۆ کۆنترول کردنی کۆمەڵگا و ئەو گۆڕانکارییە جێندەرییەی کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی دروست ببوو. لەبەر ئەوەی ژنان بە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و فیکرییان ئیدی توانایی ئەوەیان نەمابوو لەو قاڵب و چوارچێوە کۆنەی کە پێناسە کرابوو بمێننەوە، ئەمەش بەردەوام ناڕەزایەتی ژنانی لێدەکەوێتەوە.

جیا لە دەستوور و گەشتی ئێرشاد پێویستە ئاماژە بە هەندێ هەڵاواردنی دیکەش لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بدەین کە دەسەڵاتی سیاسی ئێران لە بەرامبەر ژنان جێبەجێی دەکرد. هەتا ئێستاش گەورەترین کێشەی ژنانی ئێران لە ئاستی وەرزش دایە کەڕێگەیان پێنادرێت بینەری وەرزشەکان لە نێو گۆڕەپانەکەندا بن. ئەمەش

بووەتە هۆی هەڵاواردنێکی وەرزشی و کۆمەڵایەتی بۆیان. دووەم ژنان لە کاتی وەرزش کردندا تەنها دەتوانن بینەری ژنیان هەبێت و بە هیچ شێوەیەک کێبەرکێ وەرزشییەکانیان لە تەلەفزیۆنەکان بڵاوناکرێتەوە. لە سەرەوەی هەمووی ئەوانەش حیجاب مەرجێکی زەرورییە بۆ ژنان لە کاتی وەرزش کردندا. کەواتە ئەگەر وەرزش بۆ پیاوان جۆرێک ئازادی جەستەی تێدا هەبێت، لەلای ژنان دیسان بە دەیان کۆتوبەند زەنجیر کراوە. کاتێک ژنان لە وەرزش کە چالاکییەکی ئاسایی زۆربەی کۆمەڵگاکانە ئەوەندە بەربەستیان بۆ دانراوە، بێگومان لە بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەربەستەکان بۆ ژنان زۆرترە.

هەڵاواردنێکی دیکە کە پێویستە وەک دیاردەیەک سەیر بکرێت، لە هەموو دنیا ژنان و پیاوان پێکەوە و ئازادانە سواری پاس و مەترۆ دەبن، بەڵام لە ئێران کابینە و شوێنی دانیشتنی ژنان لە پیاوان جیا کراوەتەوە. ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە لە نێو شوێنە گشتییەکانیش هەڵاواردنی تەواو لەبارەی ژنانەوە جێبەجێ دەکرێت.

**کەلێنی نەوەکان لە ئێراندا:**

کەلێنی نەوەکان دیاردەیەکە کە لە هەر کۆمەڵگایەک، بە پێی گۆڕانکاریی ناچاریی کۆمەڵایەتی و کولتوری ڕوودەدات. جیاوازیی بۆچوون لە نێوان نەوەکان نەک تەنها بەبابەتێکی ڕوون و ئاشکرا بەڵکوو بە مەرجی پێویست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی لەحاڵی تێپەڕبوون دان دۆخەکە بە شێوەیەکی دیکەیە. لەم کۆمەڵگایانەدا گۆڕانکاری بەردەوام لە بوارە

جۆراوجۆرەکانی تۆڕی نەریتی ژیان و گەشەکردنی دامەزراوە نوێیە مەدەنییەکان، بەهای جیاواز بە نۆرم و باوەڕە نەریتییەکان لە نێوان نەوە نوێیەکان دەدات. لەبەر ئەوەی ئەم بەهایانە ئەوەندە لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵگای نەریتیدا هەماهەنگ نین، بۆیە بەهاکان دەبنە سەنتەری نائارامی و قەیران. لەم حاڵەتەدا پەیوەندی نێوان نەوەکان کە کارکردی سەرەکی بە کولتوری بوون، گواستنەوەی بەها ئاکارییەکان و شوناس پێدانی کەسەکانی کۆمەڵگایەکە تێک دەچێت و دژیەکی و شەڕ بۆ مانەوە لە نێوان نەوەکان دەبێتە هۆی ڕوودانی فرەپارچەیی بەهاکان، قەیرانی شوناس و لەنێوچوونی ئاکاری کۆمەڵگا، کە بە گشتی هەمووی ئەمانە دەتوانن لەنێوچوونی شارستانیەتێکی بەدواوە بێت.

بەپێی ئەوەی گوتمان و بە پشت بەستن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی «شیکاریی کۆمەڵناسانەی کەلێنی نەوەکان لە ئێران» دەتوانین بڵێین کە دۆخی نەوەکان لە ئێران بەم شێوەی خوارەوەیە:

«مێردمنداڵان و گەنجان لە ئاست نەوەکانی پێش خۆیان پابەندبوونێکی زۆرتریان بۆ بەها نوێیەکان هەیە، لە ئاست گرووپە ژێدەرە نەریتییەکان ڕەش بینترن، پێوەری دادوەری ئاکاری ئەوان بۆ پاساوهێنانەوەی هەندێ ڕەفتاریان کە لە کولتوری نەریتی ڕەت دەکرێتەوە، گۆڕاوە، بەهای باوکسالاری تەحەموڵ ناکەن، ئێنتمایەکی زۆرتریان بۆ بەها سەرومادییەکان هەیە، گرنگی کەمتر بە ئایین دەدەن و کەمتر خۆیان لە ڕۆڵی هاووڵاتی لۆکاڵیدا دەبیینەوە لە کاتێکدا کە هێشتا توانای توانەوە لە نێو کولتوری جیهانی و ڕۆڵ گێڕانی هاووڵاتی جیهانییان نییە. هەروەها ئەنجامەکان پێشاندەری ئەوەیە کە بە پێچەوانەی کەلێنی نێوان

نەوەکان لە بەها جیاوازەکان، هێشتا ئاستی پابەندبوونی نەوە جیاوازەکان بە بەها خێزانییەکان یەکسانە و گەنجان بە ڕادەی بەساڵاکەوتووان و بەساڵاچووان گرنگی بە خێزان دەدەن.»[1]

ئەگەر چاوێکی دیکە بەو ئامارانەدا بخشێنین کە پێشتر لە بەشی هۆکاری ئابووری باسمان کرد، لە ڕاستیدا دەتوانین کەلێنی دیکەی ئەم گۆڕانکاریانەی بەها لە ئێراندا ببینینەوە. بەو پێی ئامارەکان کە لە سەرەوە باسکرا، لە ئێستادا هەرچەندە گەنجان ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی ئێران پێک دێنن، بەڵام کەمترین ڕێژەی هێزی کاری ئەو وڵاتە پێک دێنن و پۆستەکان و بوارەکانی کارکردن لەلایەن نەوەکانی پێش ئەوانەی تەمەنیان کەمتر لە سی و پێنج ساڵە گیراوە و دەرفەتی بۆ نەوەی گەنج نەهێشتۆتەوە. بەو قەیرانە ئابوورییە و نەبوونی دەرفەتی کارکردن و هەروەها ئەگەری گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین بڵێین بەڵێ کەلێنی نێوان نەوەکانیش هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی شۆڕشە.

هێشتا بەمەیشەوە، زۆر کەس لەو بـاوەڕەدان کە ئەوەی لە ئێراندا ڕوودەدات لە سەر دەستی نەوەیەک ڕوودەدات کە تەمەنیان کەمتر لە سی ساڵە و ئەمانە نەوەی گەیمەرن و چۆن لە نێو گەیمەکان یاری دەکەن بە هەمان عەقڵیەتەوە هاتوونەتە سەر شەقام و خۆپیشاندان دەکەن. لە ڕاستیدا ئەمە داڵەنگاندنی بابەتەکەیە بۆ حاڵەتێک کە بکرێت دەزگاکانی پـەروەردە بە کەمتەرخەم بزانرێن و ئەوان چالاک بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو نەوە پەروەردە بکەنەوە.

١- پروانە دانش، زهرا زاکری نصرآبادی، عظیمە سادات عبداللهی، تحلیل جامعەشناختی شکاف نسلی در ایران، جامعەپژوهی فرهنگی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی سال پنجم، شمارە سوم، پاییز ١٣٩٣- ١-٣٠

لێرە پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەمەیە ئەگەر نەوەی نوێ بەشداری شۆڕشن و هۆکاری شۆڕشن، ئەی نەوەکانی پێش ئەوان چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ لە ڕاستیدا ئەگەری ئەوە هەیە جیاوازیی تێڕوانینی نەوەکان بۆ شۆڕشی ئەمڕۆ کە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکـردووە یەکێک لە هۆکارەکان بێت، بەڵام هەموو هۆکارێک نییە. یەکەم لەبەر ئـەوەی نەوەکانی پێشوو ئەگەر بە هۆی تەمەنەوە هەندێ توانایی جەستەییان نییە بۆیە نایەنە سەر شەقام، بەڵام واقعیەت ئەوەیە پشتیوانی نەوەیەکن کە ئێستا لە سەر شەقامە. جیا لەوەش بابەتێکی دیکە کە هەیە، بابەتی پەروەردەکردنی ئەم نەوەیە و گواستنەوەی ئەزموونەکانی نەوەکانی پێشوو، بۆ نەوەی گەنجی ئێستای ئێران. ئەگەر نەوەکانی ساڵەکانی کۆتایی ٩٠ و سەرەتای دوو هەزار هیوایان بە ڕیفۆرم هەبوو، ئەوا ئێستا ئەوانیش بێهیوا بوون و ئەو ئەزموونەیان گواستۆتەوە بۆ نەوەی ئێستا کە پێویستە ڕادیکاڵتر کار بکرێت. جیا لەوەش لە دوایین ساتەکان نەوەکانی دیکەش دێنە ڕیزی نەوەی نوێ.

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ئەوەی ئێستا لەسەر دەستی نەوەی گەنجی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان ڕوودەدات خواستی ژیانە، خواستێک بۆ هەبوونی ژیانێک کە شیاوی هەر تاکێکی مرۆڤ بێت.

## بەشی چوارەم:

# تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا

به چاوخشاندنێک به مێژووی شۆڕشەکانی جیهان، خاڵێکی زۆر گرنگمان بۆ دەردەکەوێت که بریتییه لەوەی شۆڕشەکان له بواری هۆکار و تایبەتمەندییەوه بەتەواوی جیاواز له یەکترن. ئەگەر له فەرەنسا بوونی حکومەتی دیکتاتۆری پاشایەتی و خواستی ئازادی و یەکسانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسای لێکەوتەوه، ئەوا له ڕووسیا خواستی سوسیالیستی و یەکسانی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشه چینایەتییەکان گەورەترین هۆکاری شۆڕشەکه بوو، بەڵام هیچ یەک لەم هۆکارانه که له شۆڕشەکانی فەرەنسا و ڕووسیا دەبینین، ئەوانه نین که له هۆکارەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا دەیبینین یان خود له چین بینیمان. بۆیه ئەو هۆکار و تایبەتمەندیانەش که له شۆڕشی ژینادا هەن ئەوانه نین که له هیچ یەک له شۆڕشەکانی پێشووی جیهاندا بینیومانه. ئێمه پێشتر باسی هۆکارەکانمان کرد و جیا له هۆکاری سیاسی و ئابووری، هۆکاری دیموگرافیا و ئایدیۆلۆژیا له شێوازیی گەشتی ئێرشاد باس کرا. لێره دەمانەوێت باسی تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشه بکەین. ڕوون و ئاشکرایشه باسکردنی تایبەتمەندی شۆڕش یان هەر دیاردەیەکی دیکه دەچێته نێو ئەو خانەیەوه که له شۆڕشەکانی دیکەدا نەمانبینیوه و ئێستا وەک هۆکارێکی گرنگ خۆی بەدەرخستووه.

بۆ دەست نیشانکردنی تایبەتمەندییەکانیش چەندین هۆکارمان لەبەرچاو گرتووه، یەکەم: تایبەتمەندی پێکهاتەیی (ژێردەسته بوونی نەتەوەکان، سەنتەربوونی ژنان و چینایەتی) دووەم: تایبەتمەندی بەڕێوەبەری سێیەم: تایبەتمەندی کولتور و ڕاگەیاندن و دروشم. مەبەست له تایبەتمەندی پێکهاتەیی، ئەوەیه که چ توێژێک

یا نەتەوە و ڕەگەزێک یان چینێک پێکهێنەری بنچینەیی ئەو شۆڕشەیە و ئەمانە چۆن توانیوینە بزوێنەری ئەم شۆڕشە بن. بەم تایبەتمەندیەشەوە ئەم شۆڕشە دەتوانێت بە چ شێوەیەک بەرەو پێشەوە بڕوات. هەروەها مەبەست لە تایبەتمەندی بەڕێوەبەری ئەوەیە ئایا ئەم شۆڕشە بەو تایبەتمەندییەی پێشووەوە کە هەیەتی دەتوانێت خۆی لە ڕابەرێکدا ببینێتەوە یان پێویستی بەوەیە کە بە شێوەیەکی دیکە خۆی ڕێک بخات. تایبەتمەندی ڕاگەیاندن و دروشمیش ئەو تایبەتمەندیانە کە بوونەتە سیمای ڕواڵەتی و زەقی ئەم شۆڕشە و پێویستی شی بکرێنەوە ئەم شێوازەی ڕاگەیاندن و دروشمە چۆن کار دەکات.

پێویستە ئەوە بزانین کە لە نێوئاخنی تایبەتمەندی یەکەم شەرعیەت بوونی هەیە و هەر دوو تایبەتمەندی بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندنیش بەستراونەتەوە بەو شەرعیەتەوە کە لە نێوئاخنی تایبەتمەندی یەکەمدا هەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە تەنها باوش کردن بە تایبەتمەندییەکانی دووەم و سێیەم و پشت گوێ خستنی تایبەتمەندی یەکەم لە شەرعیەت خستنی ئەو هەوڵانەیە کە دەدرێن بۆ کۆنترۆڵ کردنی شۆڕشەکە.

تایبەتمەندی پێکهاتەیی (کورد و نەتەوە ژێر دەستەکان و ژنان و چینایەتی)

### کورد و نەتەوە ژێردەستەکان

لە شۆڕشەکانی پێشووی ئێران، مەشروتە و ١٩٧٩ سەرهەڵدان و گۆڕانکارییەکان زۆرتر لە ناوەندی وڵات یان پایتەخت ڕوویاندا. ئەگەر سەبارەت بە شۆڕشی مەشروتە هەندێ خاڵی تێبینی

هەبێت، بەڵام سەبارەت بە شۆڕشی ١٩٧٩ بەتەواوی پرسە سیاسی و دەسەڵاتدارییەتییەکان لە ناوەند و پایتەختی ئێران یەکلایی کرایەوە. دوایی ئەو شوێنانەی پەراوێزخراویش کە دژی ئەو یەکلایی کردنەوە بوون یان سەرکوت کران یان خود نوێنەرانیان بەدەرنران و بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی خواستی پەراوێزخراوەکان نەکرا و یان زیاتر پەراوێز خران. بەڵام لە شۆڕشی ژینا تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگ هەیە. ئەویش ئەوەیە کە لە نێو کورد دا سەریهەڵداوە و ئەم سەرهەڵدانەش لە کەنارەکانی جوگرافیای ئێرانەوە ڕوویداوە و بەرەو ناوەند و پایتەختی ئەو وڵاتە دەڕوات بۆ ئەوەی چارەنووسی یەکلایی بکاتەوە. واتە ئەمڕۆ پەراوێز ئاراستەی چارەنووسی وڵاتی ئێران دیاری دەکات نەک ناوەند. هەر بە سەرهەڵدانی ئەم حاڵەتە و جووڵاندنی ناوەند بۆ گۆڕانکاری، ڕووبەڕووی دوو ئاراستەی جیاواز لە شۆڕش دەبینەوە. یەکەم ئاراستە، ئەوەیە کە دەیەوێت هەژمۆنی شۆڕش لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لە سەر دەستی کورد و نەتەوە پەراوێزخراوەکان یەکلایی بکرێتەوە و بەردەوام هەژمۆنییان هەبێت لەسەر گۆڕانکارییەکانەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە دواییدا ڕەچاوی مافی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بکرێت. ئەم هەژمۆنییە باوەڕی بە گۆڕانکاری لە کۆی سیستەمی سیاسی ئێراندا هەیە و دەیەوێت سیستەمێک بنیات بنێت کە لە دوو ئاستی مافی تاکەکەس و مافی نەتەوە و کۆمەڵە جیاوازەکانی ناوخۆی جوگرافیای سیاسی ئێرانی تێدا دەستەبەر بکات.

ئاراستەی دووەم ئەو ڕوانگەیە کە باوەڕی بە گۆڕانکاری لە دەسەڵات هەیە و جوگرافیای سیاسی ئێران وەک نەتەوەیەک

سەیر دەکات و تەنها ئازادییە تاکەکەسییەکانی لا گرنگە و هیچ گرنگییەک بە ئازادییە کولتوری ونەتەوەکان نادات. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە هەرچەندە ئامانجی ئەم دوو تێڕوانینە یەکێکە و ئەویش ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە بەڵام لەسەر ئەوە ناکۆکن کە چییان دەوێت. بەڵام ئەم هەژمۆنی و ئاڕاستەیە باوەڕی تەنها بە گۆڕینی دەسەڵات هەیە و نایەوێت باسی گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیدا بکرێت. ئەمەش بە مانای شکست هێنانی شۆڕشەکە دەبێت. لەبەر ئەوەی دیسان تاکی ئێرانی و کۆی پێکهاتە جیاوازەکانی بە سەغیر دەکاتەوە.

ئێمە باسی هەژمۆنی کوردمان کرد لە دەست پێکردنی شۆڕشدا، بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشەکە ئەگەر کوردە، ئەوا مانەوەی نەبەستراوە بەوەوە کە چەندە دەتوانێت ناوەند بهەژێنێت، بەڵکوو هەژمۆنی ئەو کاتێک بەهێزتر دەبێت کە بتواتنێت نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکەی ئێران، بهەژێنێت.

**سەنتەربوونی ژنان:**

سەنتەربوونی ژنان بەو مانایە نییە کە ژنان بە شێوەی سەرکردایەتی لە سەنتەری و ناوەندی ئەم شۆڕشە دان، بەڵکوو بە مانای ئەوەیە فیکر و خواستی مافی ژن یەکەمین و بەرچاوترین خواستی ئەم شۆڕشەیە و جیا لەوەش بەشداری ژنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەم شۆڕشەی لە شۆڕشەکانی دیکە جیا کردۆتەوە لەبەر ئەوەی لە شۆڕشەکانی دیکەدا ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەشدار بوون و فیکر و خواستی ژنانیش سەنتەر شۆڕشەکانی پێشوو نەبوون. ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ

گەشەکردنی ژنان لە نێو کۆمەڵگا. تایبەتمەندی دیکەش ئەوەیە کە ژنان لەم شۆڕشەدا جیا لەوەی بەرەنگاری سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتداریەتی ئێران بوونەتەوە، ڕووبەڕووی سیستەمی دەسەڵاتداریەتی ئایینی و پیاوسالاریش بوونەتەوە.

بەڵام دەبێت ئەوە لایەنەش لەبەرچاو بگرین ئەم شۆڕشە ئەگەر مۆرکی ژنانەی وەرگرتووە بە مانای ئەوە نییە نەیەوێت دەسەڵات و سیستەمی سیاسی بگۆڕێت، بەڵکوو وەکو بزوتنەوەی کوردایەتی و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران ڕزگاری خۆی لە گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتداریەتیدا دەبینێتەوە نەک گۆڕینی تەنها دەسەڵات. بە مانایەکی دیکە دەیەوێت سیستەمی سیاسی بگۆڕێت و سیستەمێکی سیاسی لە شوێنی دابنێت کە ڕەنگدانەوەی ژنانیشی پێوە دیار بێت و مافی ژنان لەو سیستەمەدا پارێزراو بێت.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی یەکگرتوویی نێوان بزوتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان بە تایبەت کوردایەتی لەگەڵ بزوتنەوەی ژنان لەوە دایە کە پیاوان لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە پشت بەستن بەو کولتور و نەریت و ئەزموونەی کە لە پارچەکانی دیکە و لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی هەیانە، پشتیوانی لەم خواستەی ژنان دەکەن. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی شۆڕشەکە بتوانێت ڕەنگدانەوەی خواستی ژنانە و نەتەوە ژێردەستەکان بپارێزێت. هەر لەم گۆشە نیگایەوە ڕوون دەبێتەوە ئامانجی سەرەکی ئەم شۆڕشە تەنها گۆڕینی سیاسەت یان دەسەڵاتی سیاسی نییە، بەڵکوو ئامانج گۆڕینی سیستەمە. ئەم ئامانجەش بووەتە هۆی ئەوەی هەندێ لایەن ئەم شۆڕش بە

تەنها ژنانی پیشان بدەن. ئەمەش لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ بچوک کردنەوە شۆڕشەکە.

پێویستە لێرە ئاماژەیەکی کورت بەوەش بدەین کە دروستە شۆڕشەکە بە ناوی ژیناوە ناونرا، بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە ئەم شۆڕشە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی دەیان و سەدان هۆکاری جۆراوجۆرە کە لە ساتە وەختێکدا تەقیونەتەوە. ئەو ساتە وەختەش شەهید کردنی ژینای ئەمینی بوو.

### تایبەتمەندی چینایەتی

بە دریژایی مێژووی ئێران پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان بازاڕ و حکومەتدا هەبووە. کاتێک بازاڕ دژی حکومەت ڕاوەستاوەتەوە ئەوا بێگومان حکومەت ڕووخاوە. ئەمەش لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بەتەواوی دەبیندرێت. لە ڕاستیدا ئێستا بازار ئەو پەیوەندییەی نە لەگەڵ حکومەت ماوە لەبەر تێکچوونی بارودۆخی ئابووری، نە پەیوەندی لەگەڵ خۆپیشاندەران دروست کردووە. هەر ئەمەیە بازاڕ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە حاڵەتی دوودڵیدا ماوەتەوە و نازانێت چ بڕیارێک بدات. بەڵام ئەوەی گرنگە و پێویستە بیزانین پەیوەندی نێوان تەکنۆکرات و بوروکراتە پەراوێزەکان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی سەر شەقامە. تەکنۆکرات و بۆروکراتی پەراوێز خراو، چ بە مانای ئەوەی لە سەرەوە لە بارەی پەراوێزخستن و هەڵاواردنەوە باسمان کرد و چ بە مانای ئەوەی کەسانێک کە شارەزاییان هەیە و دەرفەتی کاریان بۆ نەڕەخساوە کە لە بواری بۆروکراتیک و تەکنۆکراتییەوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ شۆڕش هەیە و بەشێکی گرنگی

ئەو شۆڕشە پێک دێنن بە هەر دوو ڕەگەزیشەوە. کاتێک ئاستی خوێندەواری بەرز بووەتەوە و  هاوکاتیش ئاستی بێکاری بەرز بووەتەوە چینی خوێندەواری  تەکنۆکرات و بوروکرات دەبنە قوربانی سەرەکی، بۆیە هەوڵ دەدەن سیستەم بگۆڕن بۆ ئەوەی بتوانن لەو دۆخە ڕزگاریان بێت. ئەوەی ئێمە تا ئێستا بینیومانە ئەم پەیوەندییە لە نێوان شۆڕشگێڕانی سەر شەقام و تەکنۆکرات و بۆروکراتە پەراوێزخراوەکان توندوتۆڵترە.

بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و داخستنی دەرگاکانی گەشەکردنی بە ڕووی گەنجان، بووەتە هۆی ئەوەی گەنجانی خوێندەواری تکنۆکرات و بۆروکرات بگەنە ئەو قەناعەتەی کە گۆڕینی ئەم دۆخە لە ڕووخانی سیستەم دایە نەک مانەوەی. ڕووخانی سیستەم دەرگا بە ڕووی ئەواندا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن گەشە بکەن. نەڕووخانیشی دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر ببنە قوربانی. بۆیە ئەکرێ لەم گۆشە نیگایەوە بڵێین کە تکنۆکرات و بۆروکراتە پەراوێزخراوەکان بە مانای گشتییەکەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ شۆڕشی ژینادا هەیە.

## تایبەتمەندی ڕابەریی

لە خوێندنەوەی شۆڕش و لە گۆشەنیگای ڕابەرەوە ڕووبەڕووی دوو جۆر ڕابەر دەبینەوە. یەکەم ڕابەری کاریزماتیکە و دووەم ڕابەری جێبەجێکار. ڕابەری کاریزماتیک بە هۆی تایبەتمەندییەکانیەوە دەتوانێت کۆمەڵگا بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەی کە خۆی هەیەتی ڕێک بخات و کاریگەری لەسەر دابنێت، بەڵام ڕابەری جێبەجێکار ئەرکی جیاوازە و پێویستە

بزوتنەوە ڕێک بخات، ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان دابەش بکات و پشتیوانی دارایی بۆ بزوتنەوە کۆبکاتەوە و گرنگی بە پەیوەندییە گشتییەکان بدات. لە بارودۆخی ئێستا ئەم شۆڕشەدا ئەوەی ڕوونە ڕابەری یەکەم بوونی نییە و هەوڵدانەکان بۆ ئەوەی کەسێک بکرێتە ڕابەری کاریزماتیک بە هۆی ئەوەی دوای دەست پێکردنی شۆڕشەکەیە، ئەوا ئەنجامێکی نابێت و کەسێک کە بە کاریزماتیک دەکرێت ناتوانێت خەڵک بخاتە دووی ئامانجەکانی لەبەر ئەوەی مەودایەکی زەمەنی لە نێوان جوولە و پێناسەی ئامانج لەلایەن ڕابەرەوە دروست بووە. ئەمێنێتەوە سەر ڕابەری جێبەجێکار، کە ئەمەش بە هۆی فرەچەشنی پێکهاتەی ناوخۆیی ئێران، ئەرکی کەسێک کە ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، قورس دەبێت. بۆیە ڕێگا چارەی چییە؟ لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین:

بوونی ڕابەر و جۆری ئەو یەکێک لە خواستەکانی هەموو قۆناغەکانی کاتی شۆڕشە. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بزانین کە بوونی ڕابەر تەنها بە مانای بوونی کەسێک نییە کە ویلایەتی پێ بدرێت و دواییش خەڵک بکاتەوە سەغیر کە ئەم ئەزموونە لە شۆڕشی ١٩٧٩ دا بەباشی دەبیندرێت. بەڵکوو بە مانای ئەوەیشە کە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و هاوپەیمانییەک بێتە ئاراوە کە بتوانێت دوای ڕوخانی سیستەم جێگای بگرێتەوە و ڕەنگدانەوەی فرەچەشنیش بێت. ئەم پەیمانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەتوانێت ڕابەری کۆمەڵگا بکات بەرەو قۆناغی سەرکەوتن.

ئەگەر لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ چەندین لایەنی سیاسی وەک موجاهیدین و چریکەکان و دیموکرات و تودە و .... هەبوون و هەر یەک خەڵکیان لەدژی حکومەتی پاشایەتی ڕێکدەخست و هەموویان

لە دەوری ئایەتوڵڵا خومەینی کۆبوونەوە، ئەوا ئەمجارە شتێکی لەو چەشنە لە کۆی ئێراندا ئەگەری ڕوودانی نییە، هەڵبەتە تا ڕادەیەکی بەرچاو لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئەمە پێچەوانەیە و حیزبەکان ڕۆڵێکیان لە ڕێکخستنی خەڵکدا هەیە.

شۆڕشی ژینا بە شێوەی گشتی ڕەتدانەوەی بوونی ڕابەرێک لە فۆرماسیۆنی باوکسالارییە و ئەمەش ئەنجامی جەوهەری ئەو شۆڕشەشەیە. ئەمەش هەموو هەوڵەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ئەو شێوازە لە ڕابەری شکست پێ دێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئەم تایبەتمەندییە لە کوێوە سەریهەڵداوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین ئەم تایبەتمەندییە لەوەوە سەریهەڵداوە کە چەمکی ئازادی بنیاتی شۆڕشەکەیە، ئازادییەک کە نایەوێت هیچ جۆرە مافێکی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی پێشێل بکرێت. کەوایە تەنها ڕابەریی، خۆی لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە.

لە پرسی ڕابەریدا ئێستا دوو ڕوانگە لە ئارادان، یەکەم ئەوەی کە ئەزموونی پێشووی مێژووی ئێران دووبارە بێتەوە و هەمووان لە ژێر چەترێکدا کۆببنەوە، دووەم ئەوەیە کە ڕێککەوتن بکرێتە بنەمای ڕابەری کردنی شۆڕش. ئێمە پێشتر باسی دوو جۆر هەژمۆنیمان کرد، هەژمۆنی یەکەم کە بە دەستی کورد و نەتەوەکانی دیکەوەیە ئەوا باوەڕی بە ڕێککەوتنە و باوەڕی بە بوونی ڕابەری تاکەکەسی نییە. لە بەرامبەریشدا ئەو هەژمۆنییە کە هەوڵ دەدات تەنها دەسەڵاتی سیاسی بگۆڕێت، ئەوا باوەڕی بە بوونی ڕابەرێکە و هەوڵ بۆ دروستکردنیشی دەدات. بەڵام کام یەک لەوانە دەتوانێت ئەنجامێکی سەرکەوتووی هەبێت، بەستراوە بە کولتور و

عەقڵانیەت و کرداری سیاسی کۆمەڵگای ئێران و نەتەوەکانی دیکەوە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کورد و بەلوچ و عەرەب و ئازەری و.... بە شێوەی زۆرینە ئامادە نەبوون هەژمۆنی ڕابەری تاکەکەسی کە باوەڕی بە گۆڕینی تەنها دەسەڵاتی سیاسی هەیە، پەسەند بکەن. (بۆ نموونە چاوپێکەوتنی مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە پێشوازی لێکرا و ڕاگەیاند ئامادە نیین هیچ وتووێژێک لەگەڵ سەڵتەنەت تەڵەبەکاندا بکەن)[1]

به پێی ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەمڕۆ چارەسەری ڕابەری لە ئێران دەکات، پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بە بەڕێوەبەری فرەییە.

## تایبەتمەندی کولتور و ڕاگەیاندن و دروشم

### ١_ کولتورسازی لە شۆڕشدا:

شۆڕشەکانی ١٩٧٩ و چین و کۆریا و.... چەند شۆڕشن کە دوای ئەوەی سەرکەوتوون هەوڵیان داوە کولتورسازی بکەن و هێمای بۆ دروست بکەن. بەڵام شۆڕشی ژینا هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەرهەڵستکاری کولتورێک دەکات لە هەمان کاتدا کولتورێکی دیکە دێنێتە ئاراوە. بەو مانایە چاوەڕوانی سەرکەوتن نابێت بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات و دوایی گۆڕانکاریی کولتوری بکات. بەڵکوو لە هەمان شوێندا کولتوری خۆی دروست دەکات. لە شۆڕشی ژینا بە دوو جۆر کار لە سەر کولتور کراوە، یەکەم ئەوەی کە قەدەغەکراوە ئازاد بکات و دووەم ئەوەی کە بابەتە

1- https://www.youtube.com/watch?v=ULPhTHkhy54

کولتورییه کۆنه له بیرکراوەکانه زیندووی بکاتەوە. هەر لەم ڕێگایشەوە کولتوری کردە گۆڕەپانی ململانێ وخەبات.

سەیر بکەن دیاردەی فڕێدانی لەچک، کاتێک ژنانی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو لەچکیان فڕێ دا، ئەوا لە هەمان کاتدا کە دەیانگووت  لەچکیان ناوێت کولتوری ئازادبوون لە کۆتوبەند و کولتوری دوای ئەو واتە ئازادبوونی ژن وەک جەستەیەک کە لە نێو جەستەی گشتی بتوێتەوە و ببێتە بابەتێک  بۆ دەسەڵاتدار، دەگەڕێتەوە سەر بابەتیبوونی خۆی وەک مرۆڤێک. کولتوری ئەوەی ژن مرۆڤێکە وەک خۆی و دیلی کەس نابێت.

یـان دیــاردەی  قژبڕین. ئـەم دیـاردەیـە بابەتێکی کولتوری کۆمەڵگای کوردییە. پێشینەی ئەو بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە و هەتا ئێستاش لە نێو کۆمەڵگای کوردی کەم و زۆر پارێزراوە. کاتێک گەنجێک دەمرد و چەمەرییان لێدەدا، ژنانی نزیک بە کەسی کۆچکردوو، بەتایبەت گەنج قژی خۆیان دەبڕی و دەیانخستە سەر تەرمەکەی.  دروست و ڕاستی ئەم دیاردە کولتورییە یان ڕاڤەی هەر جۆرێک بێت بابەتی ئێمە نییە. ئەوەی بابەتی ئێمەیە کە بابەتێکی کولتوری کۆمەڵگای کوردی زیندوو بووەتەوە و  توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. هەروەها ئەوەندە گشتگیر بێت لە کولتورێکی ناوچەیی بێتەدەر و ببێتە کولتورێکی جیهانی بۆ نارەزایەتی دەربڕین. هەر لێرەوەیە کە دەبینین شۆڕش بە بەکارهێنانی کولتور، دەیەوێت ڕووبەڕووی دوو بابەت بێتەوە، یەکەم دەسەڵاتی سیاسی دووەم کولتوری باڵادەست کە بەردەوام فیکر و کولتورەکانی دیکەی خستۆتە پەراوێزەوە. ڕەهەندێکی دیکە کە لەم بەشەدا پێویستە لەبەرچاوی بگرین، چ فڕێ دانی لەچک و چ

بڕینی قژ، جیا لەوەی هەر دوویان لە نێو کوردستانەوە دەستیان پێکرد، بەڵکوو بەشێک لە کولتوری کوردین و خاڵی بەهێزی ئەو شۆڕشەیە کە وزەی دەستەمۆ نەبوونی پێدەبەخشێت.

**دروشم:**

هەموو شۆڕشێک لە بواری دروشم و ڕەمزەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەبینین کاتێک شۆڕشێک چینایەتی و هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بێت ئەوا دروشم و ڕەمزەکان پەیوەندییان بەو ئایدیۆلۆژیاوە هەیە. لە شۆڕشی ژیناش بە هۆی ناوەڕۆکی ژنانی بوون و نەتەوە پەراوێزخراوەکانەوە دروشمی سەرەکی ئەو کە ژن ژیان ئازادییە، تایبەتمەندییەکی ژنانەی هەیە. بۆیە دەکرێت بڵێین جەوهەری ئەم شۆڕشە هەڵگری سڕینەوەی حێندەری و ژنانییە، کە ئەمەش کاریگەریی تایبەتی لە سەر چۆنیەتی پێش خستنی ئەم شۆڕشە هەیە. جیا لە تایبەتمەندی ژنانی بوونی شۆڕشی ژینا، هەڵگری تایبەتمەندی نەتەوە پەراوێزخراو و ژێردەستەکانیشە. لەم گۆشە نیگایەوە دەبینین کە دروشمە سەرەکییەکان هەڵگری دوو تایبەتمەندی نەتەوە ژێردەستەکان و ژنان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییە.

ڕەنگە لای زۆر کەس پرسیار بێت کە دروشمی ژن ژیان ئازادی لە کوێوە سەرچاوە گرتووە و چاوەڕوانی شیکردنەوەی ئەو دروشمەیان هەبێت. لە ڕاستیدا ئەم دروشمە چەندین کەناڵی جیاوازی هەیە. بۆیە پێویستە چاوێکی مێژوویی بەو دروشمەدا بخشێنین بۆ ئەوەی بتوانین سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕوون بکەینەوە.

سەرچاوەی یەکەمی ئەم دروشمە لە کولتور و فولکلوری کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێک کە دەیانگووت ژن و ژیان، پیاوێک کە بیەوێت ژیانی هەبێت، پێویستە ژنی هەبێت. ئەمە هەرچەندە ڕەنگە هەندێ کەس ڕوانگەیەکی پیاوسالارانەی تێدا ببینن بەڵام لە واقیعدا بەستنەوەی ژن و ژیان پێکەوە پێشاندەری ئەوەیە کە کورد لە کولتوری خۆی بەباشی لەوە تێگەیشتووە کە ژن چ پێگە و ڕۆڵێکی لە بەردەوامی ژیاندا هەیە.

سەرچاوەی دووەمی ئەو دروشمە بە مانای ئازادییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆن و دەبێت لە مێژوویەکی کۆندا ببینینەوە. ئەگەر چاوێک بە نووسراوی گەڕیدە ئەوروپاییەکان بۆ کوردستان بخشێنین دەبینن چەندە باسی ئازادبوونی ژنیان لە نێو کۆمەڵگای کوردی کردووە و چەندە پێگەی ژنیان لە نێو کوردستان بە بەرز نرخاندووە.

لەلایەکی دیکەوە کاتێک سەیری مێژووی کوردستان و بۆ نموونە ئیمارەتی ئەردەلان دەکەیت دەردەکەوێت کە لە کاتێک ژنانی نووسەر لەبەریتانیا نەیاندەتوانی بەرهەمەکانیان بە ناوی خۆیان بڵاوبکەنەوە لەوێ مەستورە خانی ئەردەڵان بە چەند زمان قسە دەکات و شیعر دەهۆنێتەوە. ڕەنگە لێرەش زۆر کەس بڵێن ئەمە بە مانای ئازادی ژنان بە گشتی نییە، بەڵام ئەو کەسانە پێویستە چاوێک بە گۆرانییەکانی بەرتەونانەی کوردیدا بخشێنن و ببینن وبزانن ژن چەندە ئازادانە هەستی خۆی دەربڕیوە. یان سەیری مانگرتنی ژنانی سنە لە تلگیرامخانەی ئەو شارە لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتەی ئێراندا بکەن.

سەرچاوەیەکی دیکەی ئەم دروشمە دەگەڕێتەوە بۆ شیعرێکی مامۆستا هێمن موکریانی کە لەوێدا باسی پێگەی ژن لە ڕزگاری و ژیاندا دەکات. جیا لە هەموو ئەمانەش لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠ی زایینی لە دیاربەکر پارتی سوسیالیستی کوردستان گۆڤارێکیان هەبوو بە ناوی ژن و ژیان و لەوێدا باسی پێگەی و ڕۆڵی ژن و مافەکانیان دەکرد. هەموو ئەمانە پێکەوە کۆ دەبنەوە و ئۆجەلان بەشی ژن و ژیانی لە پارتی سوسیالیست و ئازادییەکەی لە مێژووی کورد وەردەگرێت و دەیانداتە پاڵ یەکتر و دەیکاتە ژن ژیان ئازادی.

بەڵام لێرەدا پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە چ جیاوازییەک لە نێوان ژن ژیان ئازادی لە لای ئۆجەلان و ژن ژیان ئازادی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

بە چاوخشاندنێک بە بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا ڕوون دەبێتەوە کە بەڕێزیان بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە پرسی ژن لە نێوان دوو چەمکی ڕەگەز و جێندەر گرفتار بووە و ناتوانێت بە تەواوی ڕۆڵ و کارکردی ئەو چەمکانە لە یەک جیا بکاتەوە. بۆیە هەندێ کات دەبینی بۆ سڕینەوەی جیاوازیی جێندەری، هەوڵی سڕینەوەی ڕۆڵی ڕەگەز دەدات. ئەمەش بەتەواوی جۆرێک تێکدان لە ڕۆڵەکان دروست دەکات و ناتوانێت وێنەیەک سەبارەت بە یەکسانی جێندەری و ڕەگەزی بخاتەڕوو. ئەمەش لای ئێمە زۆر سروشتییە. لەبەر ئەوەی ئۆجەلان هەڵگری ئایدیۆلۆژیای سوسیال ئەنارشیستییە و تەنها کار لە سەر تێکدانی سیستەم و ڕۆڵەکان دەکات و بە هیچ شێوەیەک هەوڵ بۆ بنیاتنانەوە و ڕێکخستنی نادات مەگەر لە ئاستی دەستوەستان بێت.

هاوکات لەگەڵ دروشمی ژن ژیان ئازادی، دروشمێکی دیکەش هاتە ئاراوە کە کاریگەری زۆری هەبوو، بەڵام گرنگی پێنەدرا. ئەویش دروشمی « کورد هەتا دەوڵەتی نەبێ، دۆخی ئەمە دەبێ» دروشمێک بوو کە جیا لە دەست نیشانکردنی ئامانج، لە نێو خۆیدا هەڵگری هەموو ئەو ئازارانەش بوو کە  کورد پێوە دەناڵێنێت. ڕەنگە ئەم دروشمە لە شوێنی دیکە خۆی بەدەربخاتەوە بەڵام لە ئێستادا لە ژێر سێبەری ژن ژیان ئازادی خۆی هێشتۆتەوە بۆ ئەو ساتەی کە پێویستە.

یەکێکی دیکە لە دروشمە گرنگەکانی ئەم شۆڕشە، دروشمی مەرگ بەر ستەمگەر، چ شا، چ ڕابەر». لەڕاستیدا ئەم دروشمە پێشاندەری تێپەڕبوونی ئێران لە قۆناغێکی سیاسییە. قۆناغێک کە ئیدی لەودا مانەوەی سیستەم لە سەر بنەمای وەلی بوون و سەغیر بوون لە کار کەوتووە و پێویستی بە بنیاتنانی سیستەمێک هەیە کە ئازادی بە تاکەکانی کۆمەڵگا بدات.

### وێنە و شۆڕش

لە شۆڕشەکانی پێشوو وێنەیەک کە دەگیریا، تۆمارکردنی ساتێکی شۆڕش بوو. بەڵام کەسێک وێنەکەی دەگرت لە ڕووداوەکە بەبێ ئەوەی خۆی بەشێک بێت لە ڕووداوەکە. واتە وێنەگر بەشێک نییە لەو ڕووداوەی ڕوودەدا، بەڵکو کەسێکە کە تەنها دەیەوێت تۆماری بکات. بەڵام لە شۆڕشی ژینادا وێنەگرتن و وێنەگر ڕۆڵیان گۆڕاوە. جیا لەوە وێنەگرتن بووەتە بابەتێک کە بەخێرایی ڕووداوەکان دەگوازێتەوە بۆ دەرەوە و هەوڵ دەدات سەرنجی خەڵک بۆ لای ڕاکێشێت، خودی وێنەگریش بووەتە بەشێک لەو

ڕووداوە. ئەمە لە ڕووداوی عەمامەفڕی داندا بە باشی گەیشتە ترووپکی خۆی. لەم ڕووداوەدا سێ کاراکتەر بوونیان هەیە. وێنەگر کە ئامادەیە، ئەوەی لە عەمامە دەدات و ئەوەش کە خاوەن عەمامەیە. هەماهەنگییەک لە نێوان وێنەگر و عەمامەفڕێدەردا هەیە و بە هیچ شێوەیەک بەسەرداکەوتنی ڕووداو لەلایەن وێنەگرەوە نییە. جیا لە وێنەگرتن بڵاوکردنەوەی دوای ئەو و کاریگەرییەکانی لەسەر خەڵکی دیکە بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە، یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانە.

جیا لەوە لە شۆڕشی ژینادا وێنە ئامرازێکە کە خێرا هێماکان دروست دەکات. وێنەی کچێکی منداڵ بە جللی کوردییەوە لەحاڵی دروشم دان، یان وێنەی منداڵێک لەسەر سەیارە و هەڵبڕینی دوو پەنجە، یان وێنەی کچێک بە ئاڵای کوردستانەوە، هەموو لەو هێمایانەن کە لە یەکەم ساتی وێنەگرتندا بوونە هێما. واتە ماوەیەکی چەند خولکی لەنێوان وێنەگرتن و بە هێمابووندا هەیە. بەڵام ئەمە لە شۆڕشەکانی دیکە زۆری دەخایاند. بەو مانایە کە وێنە دەگیرا، ماوەیەکی دەبرد هەتا خەڵک بینین و ماوەیەکی دەبرد ڕۆڵی هێما پەیدا بکات. ئەوەی لەم بابەتەدا دەردەکەوێت خێرایی لە هێماکردنە. بۆیە بەردەوام دەبینین هێماکانی ئەم شۆڕشە زیاد دەکات. هەرچەندە لە لوتکەی هێماکانی شۆڕشەکەدا خودی ژینا هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین لە شۆڕشی ژینادا کات ئەوەندە بەرتەسک بووەتەوە خۆی لە چرکەدا دەبینێتەوە بۆ ئەوەی هیمایەک بێتە ئاراوە.

## دەرئەنجام

شۆڕشی ژیناش وەکو هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە کە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، دەرئەنجامی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە بە پێی ئەو خوێندنەوانەی لە سەرەوە کردمان و بە پێی ئەو بەڵگە و فاکتانەی هێنامانەوە دەتوانین بڵێین ئەنجامەکان لە چەند بەشی سەرەکیدا خۆیان بەدەردەخەن. یەکەمیان ئەنجامی ڕێنێسانسی شۆڕشەکەیە. دووەم، ئەنجامی ئابوورییە و سێیەم ئەنجامیش سیاسییە. هەر یەک لەم ئەنجامانەش ڕەنگە پێکەوە و هاتەریب نەڕۆنە پێش و هەندێ کات یەکێکیان زیاتر پێش بکەوێت و ئەویتریان دوابکەوێت. یان دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت ڕەهەندێکی و زۆرتر لایەنی سیاسی و دەسەڵاتداریەتی کۆنتروڵ بکات و ڕێگە لە ڕووخانی  سیستەمی بگرێت، بەڵام بێگومان ڕەهەندەکانی ڕێنێسانی و ئابووری کارکردی دیکەیان هەیە و بە پشت بەستن بە بەڵگەکانی سەرەوە بەرەو ئاراستەیەکی کۆنتروڵ نەکراو هەنگاو دەنن.

### ئەنجامی ڕێنێسانسی شۆڕشی ژینا:

شۆڕشی ژینا، توانی ڕێنێسانسێک لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بخاتەڕێ. ڕێنێسانس بوو لەبەر ئەوەی توانی بەتەواوی گرووپی پەراوێزخراوەکانی نێو کۆمەڵگا بهێنێتە سەنتەر و کۆی تێڕوانینی ڕابردوو سەبارەت بە پرسی ژن و کۆمەڵگا ڕووبەڕووی پرسیار بکاتەوە.  بەستێنی سەرەکی ئەم ڕێنێسانسە خۆرهەڵاتی کوردستان بوو، کە ئەکرێ بڵێین لە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری تێڕوانینی بۆ پێگە و مافی ژن

گۆڕاوە و ئەم گۆڕانکاریەش توانی ببێتە بەستێنێکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا. لەم بەستێنەوە جووڵەیەک دەستی پێکرد کە تێڕوانینی هەموو کۆمەڵگا بۆ ژن و تێڕوانینی ژن بۆ خۆی و دەوروبەری گۆڕی. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە هەتا کوێ بڕشتی هەیە؟ بەپێی ئەو باسانەی لەسەرەوە کرا، دەتوانین بڵێین ڕەهەندی ڕێنسانسی شۆڕشی ژینا، تەنانەت بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەسەڵاتدا ( هەڵبەت وەک ئەگەر) ڕەهەندی بەردەوامی هەیە و هەوڵ دەدات کولتوری کۆمەڵگا سەبارەت بە ژن و پێگەی و تێڕوانین بۆ خودی ژن بگۆڕێت. بەو مانایە کە پێگەی ژن لە کۆمەڵگا بەتەواوی دەستکاری بکات. ئەم ڕەهەندەی شۆڕش ڕەهەندێک نییە کە بە سەرکەوتنی سیاسیش خێرا بگاتە ئەنجام و بەردەوامە لەبەرەو پێش چوون. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو هۆکارانەی شۆڕشی ژینا کە پەیوەندییان بە ڕەهەندی ڕێنێسانسی ئەوەوە هەیە، دەمێنن و بەهێزتریش بەرەو پێشەوە دەڕۆن.

### ئەنجامی ئابووری شۆڕشی ژینا

بەپێی ئەو کورتە باسەی لە مەڕ دۆخی ئابووری ئێران بە گشتی کرا، دەتوانین بڵێین کە ئەگەری ئەوە هەیە ئابووری لە ئێران سەربەخۆ ببێت. سەربەخۆ بەو مانایە کە ئیدی یەکەی ئابووری ببێتە یەکەیەکی سەربەخۆ و خۆی تەحەکوم بە کردارەکانی بکات و سیاسەت و کارگێڕی نەتوانن هیچ کۆنترۆڵێکیان لەسەر هەبێت. ئەمەش بە مانای ئەوە دەبێت کە ئیدی حکومەتی ئێران توانایی چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی نابێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەلێنی نێوان کۆمەڵگا و حکومەت و ئابووری زۆرتر دەبێت.

ئەمەش بە شێوەی گشتی دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا لەبەرامبەر حکومەت ڕاوەستێتەوە کە ئەگەر ئەم ڕاوەستانە درێژە بکێشێت بە گۆڕانکاری لە سیستەم کۆتایی دێت.

کۆی زانیارییە ئابوورییەکان سەبارەت بە دۆخی ئێران پێشاندەری ئەوەن کە ئەگەری گرتنەبەری سیاسەتێکی ئابووری لەلایەن حکومەتەوە کە بتوانێت هیوابەخش بێت لە ئارادا نییە. جیا لەوەش جیاوازی نێوان گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کولتوری و گەشەکردنی ئابووری ئامرازێکە بۆ ئەوەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی تێک بچێت و ئابووری نەتوانێت وەڵامدەری خواستە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕەهەندی ئابوورییان هەیە بێت.

لە نێوخۆی خودی ئابووریش تێکچوونی فۆرماسیۆنی بەرهەمهێنان بە هۆی گەمارۆی ئابووری و هەڵاوسانی زۆرەوە، بووەتە هۆی ئەوەی ئابووری ئێران نەتوانێت ناوخۆی خۆیشی بەڕێوە بەرێت. بۆیە بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین ڕەهەندی ئابووری شۆڕشی ژینا یەکێک لەو ڕەهەندە زۆر گرنگانەیە کە ڕۆژانە ئەگەری بە ئەنجام گەیشتنی ئەو شۆڕشە زیاتر زەق دەکاتەوە. بەڵام ڕەنگە ماوەی درێژ بکێشێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئابووری لە ئارادا نییە کە حاڵەتێکی پێچەوانەی سەرکەوتنی شۆڕش پێشان بدات.

### ئەنجامی سیاسی

شۆڕشی ژینا جیا لەوەی لە ئاستی سیاسی و یاسایی زۆر هەڵاواردنی لە ناوخۆی ئێران بەتەواوی زەوق کردەوە و گرووپە پەراوێزخراوەکانی نێو وڵاتی ئێرانی هێنا نێو سەنتەری

ڕووداوەکانەوە، ئەوەیشی خستەڕوو کە پێکهاتەی یاسایی و سیاسی ئێران، پێکهاتەیەکە کە لە سەر بنەمای هەڵاواردن بنیات نراوە و ئەم هەڵاواردنە پێویستی بەوەیە ڕووبەڕووی بێتەوە. ئەم خاڵەمان بە پێی دەستووری ئێران پێشان دا. بەڵام کردارەکانی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشەکە و هۆکاری درێژکردنەوەی شۆڕش لە ئاستی سیاسی بۆ ئەوەی شۆڕش بە خێرایی نەگاتە ئەنجامی پێویست بەسترابووەوە بەو ڕەهەندە فیکری و کولتورییەی کە بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا لە ئارادا بوو.

لەلایەکی دیکەوە شۆڕشی ژینا جیا لەوەی ئەدەبیاتی سیاسی حکومەتی ئێرانی بەتەواوی ڕەت کردەوە، پرسیاریشی لەسەر ئەدەبیاتی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و کوردستان دروستکرد و ئەم پرسیارەش بووە هۆی ئەوەی کە کەلێنێکی فیکری لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و شۆڕشدا دروست ببێت. ئەمەش پێویستی بە ماوەی زەمەنی هەیە بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن بتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا و شۆڕش بگونجێنێت. ئەمەش دەرفەت بۆ حکومەتی ئێران دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت پیلان بۆ زاڵبوون بەسەر شۆڕشدا دابنێت. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە حکومەتێک کە خاوەنی سیستەمی سیاسی داخراوە، ناتوانێت هەتا بێکۆتایی دەسەڵاتدار بێت و پێویستی بەوەیە سیستەمەکە بشکێت. بۆیە شۆڕش پێویستی خودی سیستەمی سیاسی ئێرانە.

## سەرچاوەکان

## کتێبە فارسییەکان:


- اوتویت، ویلیام، تام باتامور، فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ترجمه حسن چاوشیان. نشر نی، چاپ اول۱۳۹۲،

- دانش پژوه، جواد، کشتار بی پایان، چاپ اول، سال ۲۰۱۸. بدون نام انتشارات و چاپخانه.

- رابین رایت، آخرین انقلاب بـرزگ، ترجمه احمد تدین ـ شهین احمدی، موسسه خدمات فرهنگی رسا، چاپ دوم، ۱۳۸٤.

- کوئین، بروس، مبانی جامعەشناسی، ترجمه دکتر غلامعباس توسلی، دکتر رضا فاضل، چاپ بیست و هفتم، سال ۱۳۹۵، انتشارات سمت

- قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران.

- قانون جزای مدنی ایران،

- مرکز اسناد حقوق بشر، خاطرات تسخیر کننده، اعـدام کردها توسط جمهوری اسلامی در سال ۱۳۵۸، چاپ شهریور ۱۳۹۰

- مرکز آمار ایران، سالنامەی آماری ایران، سال ۱۳۹۸، چاپ اول فروردین ۱٤۰۰،

- گیدنز، انتونی، (۱۳۹۵) جامعه شناسی، ترجمه هوشنگ نایبی، تهران، ایران، نشر نی.

- پروانه دانش, زهرا زاکری نصرآبادی، عظیمه سادات عبداللهی، تحلیل جامعەشناختی شکاف نسلی در ایران، جامعەپژوهی فرهنگی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی سال پنجم، شماره سوم، پاییز ۱۳۹۳

- هەڵگورد بەرزنجی، نامۆیی نەتەوەیی، چاپی یەکەم، ساڵی ۱۹۹۸،هەرێمی کوردستان،

## سایتەکان:

https://www.youtube.com/@sadegh.zibakalam

https://abadis.ir/fatofa/%D8%A7%D8%B9%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D8%B6

https://www.radiofarda.com/a/pensioners-protesting-iran/31946219.html

https://www.tribunezamaneh.com/archives/26661

https://www.independentpersian.com/

https://farsi.alarabiya.net/

https://fa.wikipedia.org

https://www.bbc.com/persian/iran-features-46651220

https://www.bbc.com/persian/iran-features-54880103

https://old.iranintl.com

https://www.heyvalaw.com

https://gamaan.org

https://mardomak.online/story/53745/

https://shenasname.ir

https://www.feministschool.com/spip.php?article711

https://www.google.com/search?q=%D985%%D8%B3%DB%8C%D8%AD+%D8%B9%D984%%DB%8C+%D986%%DA%98%D8%A7%D8%AF&tbm=vid&ei=3jziY8TsJvGfkdUPgqG7-A8&start=10&sa=N&ved=2ahUKEwjE07DqrYP

9AhXxT6QEHYLQDv8Q8tMDegQIDhAE&biw=1366&bih=625&dpr=1#fpstate=ive&vld=cid:2e581b9b,vid:vwHcH3qOoJk
https://www.bbc.com/persian/iran-features-47192445
http://www.amareiran.org/index.php/jm-yt-mwmy/708-jm-yt-ayran-dr-sal-1-4-0-0
https://www.bbc.com/persian/iran-features-47192445
https://srtc.ac.ir/analytical-reports/ID/5112
https://www.asriran.com/fa/news/858426/
https://srtc.ac.ir/analytical-reports/ID/5112
https://ecoiran.com7
https://www.borna.news
https://ecoiran.com
https://www.borna.news
https://www.farsnews.ir/news/
https://www.kebnanews.ir/
https://tejaratnews.com/
https://www.dw.com/fa-ir/
https://www.dw.com/fa-ir/
https://www.radiofarda.com/a/irgc-rents-in-Iran-economy/29488416.html
https://farsi.alarabiya.net
https://www.youtube.com/watch?v=ULPhTHkhy54

ماوەیەکە خۆپیشاندانی جەماوەری لەدژی دەوڵەت و حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێران دەستی پێکردووە. بەسەرهەڵدانی ئەم خۆپیشاندانانەش پرسیارێکی زۆر هاتە ئاراوە. ئایا ئەم خۆپیشاندانانە ئاژاوەگێڕین بەو جۆرەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەوڵ دەدرا پێناسە بکرێت یان، ناڕەزایین، یان خود بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە ئەنجامەکەی دەبێتە شۆڕش؟ زانایانی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووریناسان لە ئێران هەوڵیان داوە هەر یەکێکیان لە گۆشەنیگا و پسپۆڕی خۆیەوە و بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ بابەت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە. کەسانێکی دیکەش وەکو پیاوانی سیاسی لە ڕوانگە و باوەڕ و ئامانجی خۆیانەوە ناویان لەسەر ئەم کردارە کۆمەڵایەتییە داناوە و شیکارییان بۆ کردووە. هەرچەندە ژمارەیەک لەو خوێندنەوانە بابەتی بوون، یان هەوڵیان داوە تیۆرییەکی تایبەت بۆ خوێندنەوەی کردارەکە بەکار بێنن. ئەوەی ڕوونە لای هەمووان ئەم هاتنە سەر شەقامەی جەماوەر کردارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێیە و هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە و خاوەنی پێکهاتەی تایبەت بە خۆیەتی. کەوایە پێویستە وەکو خۆی خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چوارباخ**
2023